تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

- ١٢ -
خولی
دووەم
ئابی
١٩٨٣

نووسەری کورد

www.iqra.ahlamontada.com

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. Iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

نووسەری کورد

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد

ژمارە (١٢) ، خولی دووەم ، ئابی ١٩٨٣

سەرۆکی نووسین

د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

سکرتێری نووسین

مومتاز حەیدەری

بارەگای گۆڤار

بغداد ـ الوزيرية

مقابل كلية التربية الرياضية ـ مقر جمعية الثقافة الكردية

چاپخانەی الحوادث.

بــۆ ئــەم ژمارەیەشــ

سەرنووسەر

پیرەمێرد ، هەر ساڵێکی تازەی تەمەنی گۆڤاری (گەلاوێژ) ئەهات، قەڵەمی بۆ نووسینی « ساڵنامەی گەلاوێژ » دەخستەکار • لە ڕۆژی خۆیدا، هەر لەسەر لاپەڕەکانی (گەلاوێژ) یشدا دەنگی وا هەبوو ، کە ڕەخنە لەو ووشە ڕەنگینانەی پیرەمێرد بگرێت ، بەڵام ئێستا کە دەچینەوە سـەر ئـەو ووشانە ، دەبینین چەند پارچەی ڕەنگینی پەخشانی کوردیمان بۆ ماوەتەوە•

ئەمە شتێکە لە لاپەڕەی یادگارو مێژووی ئەدەبیات • ئەوەی کە بـۆ بەراوردی ئەمڕۆمان ئەشێت ، ئەوەیە ـ کە ئەوسا ساڵی جارێك ، بیر لـە ووشەی تازە دەکرایەوەو ساڵەکەی « گەلاوێژ » یش دوانزە ژمـارەی تەواوی تێدەکەوت • بەڵام وا ئێمە ژمارە بە ژمـارە ، بیر لـە داڕشـتنی ووشەیەکی تازە دەکەینەوەو زۆر جار نێـوان هـەر ژمارەیەو ئەوی‌تر ساڵێکی پێ‌دەچێت • هەروەك هەموو جاریکیش دووبارەی دەکەینەوە ، وەباڵی دوواکەوتنی گۆڤارەکە ناکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەرانو نووسەرانی گۆڤارەکە ، یا نووسەران بەگشتی ، بەڵکو ئـەو هـەلو مـەرجانەی لـە ژمارەکانی پێشوودا باسمان کردوون ، جـار دووای جار خراپتر دەبنـە کۆسپ لە ڕێگەی بەڕێکی دەرچوونی گۆڤارەکەدا • ئەمە بێجگە لەوەی کە هەموو جار ، وا بۆ سێ ساڵ دەچێت ، تارمایی پێشبینی نەمانی گۆڤارەکە

لەگەڵ سەرەنجامی یەکێتی ی نووسەرانی کورددا ساردی دەکردینـەوەو هەمووجارێك وامان دەزانی کە ئەمە دووا ژمارەی « نووسـەری کورد » بێت • بەڵام هەر تروسکەیەکی تازە دەردەکەوت ، ئێمەش خۆمان گورج دەکردەوەو تینمان دەدایە خۆمانو بەرەو دەرکردنی ژمارەیـەکی تـازە گورمان ئەبەستەوەو کە ئاوڕیشمان ئەدایەوە ، دەماندی پشتمان بەتینە ، پشتمان هەموو نووسەرو شاعیرانی کوردە ، بەتایبەتی هەسـتی بـەرزو یارمەتی ی لقی سلیمانی ی یـەکێتی ی نووسـەرانو لقی هەولێریشـ تینی تازەیان پێدەبەخشین •

هەر پاش ژمارەی یانزەی خولی دووەمیش ، لقی سلیمانی ، کە لە ئەمانەتی گشتی ی لاوانو رۆشنبیری یەوە یارمەتی ی ئەوانو لقی هەولێرو دهۆکیش درابوو و شتێك پارەیان لا کۆبووبۆوە بە کۆمەکـێکی تازەی ئەوان بناغەی دەرکردنی ژمارەی تازەمان دامەزراندو کەوتینە کۆکرنەوەی قەرزوقۆڵەی فرۆشراوی ژمارەکانی پێشووو کەرەسەی ئەم ژمارەیەمان ئامادەکرد بەڵام لەپڕ کۆسپێکی تر هاتە رێگە • ئەویش ئەوەبوو کە یەکێتی ی نووسەرانو ئەدیبانی عیراق ـ کە لە ژمارەی پێشوودا بـەدرێژی باسـی پێوەندیی نێوان خۆمانو ئەوانمان کرد ـ بریاری بەستنی یەکەم کۆنگرەو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی مەرکەزی یان دا کە لـە رۆژی ١٩٨٣/٦/١٧ دا بـوو •

وەك لە ژمارەکانی پێشوودا دیارە، بەستنی کۆنگرەی ئەو یەکێتی یە ـ نەمانی یەکـێتی ی نووسەرانی کوردی لەدووایەو دەبێ قەوارەی نووسەرانی کورد قاڵبێکی تر بگرێت • واتە ببێ بە لقو بکەوێتە ئەو قاڵبـەوە کە لـە ژمارەی پێشوودا باسمان کرد • جا مایەوە سەر ئەوەی لەناو ئەو یەکێتی و پێوەندی یەدا گۆڤاری کوردیی « نووسـەری کـورد » حاڵی چی دەبێتو چۆنو کەی و لەکوێ دەردەچێ •

زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنی مەرکەزیی ئەو یەکێتییە ڕایان وابوو کە بە دروست‌بوونی یەکێتیی تازەو نەمانی یەکێتییە کۆنەکان ، ئیتر گۆڤارە کۆنەکانی یەکێتییە پێشووەکان مافی دەرچوونیان نامێنێو دەبێ داوای ئیمتیازی گۆڤاری تازە بکرێت • لەبەرئەوە هەر لەسەر داوای ئێمە، لە یەکەم کۆبوونەوەی بیرۆ (مەکتەب) ی تەنفیزیی یەکێتییەکەدا داوای بەخشینی ئیمتیازی چوار گۆڤار کراکە یەکێکیان هەر بە ناوی ـ نووسەری کورد ـ ەوەیە کە « بیرۆی ڕۆشنبیریی کوردی » ی یەکێتی دەری‌بکاتو سەرنووسەری گۆڤارەکە ، هەر سەرنووسەرەکەی خۆی بێت •

دیارە بەخشینی ئیمتیاز چەند کۆسپی لە ڕێگەدایە ، بەتایبەتی زامن‌بوونی یارمەتیی دەرچوون لەلایەن کاربەدەستانەوە ، بەڵام وا ئێمە ژمارەیەکمان لە هەموو ڕووەوە ئامادەی چاپە • داوامانکرد کە ڕێگەی ئەو ژمارەیە بدرێتو ئەویش لەسەر خولی دووەمی گۆڤارەکە حساب بکرێت • وا ئەو ڕێگەیەمان دراو ئێمەو ئێوەش چاومان بە ژمارە دوانزەی خولی دووەمیش ڕوون‌بۆوەو ئەمەش هەر بانگ‌و سەڵاوەتەکەی پیرەمێردی دەوێت •

بۆ خولی سێیەمی گۆڤارەکەش ، ئەگەر تاقە پەلپی ئیمتیاز نەدانو دەرنەچوون باری دارایی یەکێتیی تازە بێت ، ئەوا هەر لەئێستاوە ڕووئەکەینە هەموو خوێنەرانی « نووسەری کورد » ، ڕووئەکەینە لاوان ، ڕووئەکەینە ئەو هەموو قوتابیو کارگارو فەرمانبەرە بچووکانەی پشتی یەکێتیی نوسەرانی کوردو گۆڤارەکەیان گرتبوو ، کە تینێکی‌تر بدەنە خۆیان تا گۆڤارەکە بژێنن •

گۆڤاری « نووسەری کورد » تاقە گۆڤارە لە عیراقدا کە ئەوانەی تێیدا

دەنووسن پاداشی نووسینیان نەویستووەو کەسیش لەوانەی گۆڤارەکە دەردەکەن ، ئەگەر لەپێناوی گۆڤارەکەدا پارەی خۆشیان خەرجنەکردبێ، هیچیان لەڕووی مادییەوە لە گۆڤارەکە دەستنەکەوتووە •

ئێمە ئامادەین خولی سێیەمی گۆڤارەکە بەوچەشنە دەست پێبکەین و جێگەی « نووسەری کورد » لە ڕێڕەوی ووشەی پاکو سەر بە کوردو مرۆڤدا لەجێی خۆیدا بپارێزین • هەقی ئەوەشمان هەیە ، داوای بەردەوامیی پشتگرتن لە ئێوەش بکەین •

هیواداریین ، ئەمجارەش بەیەکبگەینەوەو ئەمە دووا ژمارە نەبێتو ئاوابوونی ئەستێرەیەکیتری گەشی ئاسمانی ڕۆژنامەگەریی کوردی نەبێت •

مەدینەی موڵکی بابان « موخلیسا » یەعنی سولەیمانی

کە جێی دوو حەزرەتیوا بێ ، ئەبێ وەک کەعبەتوڵلا بێ

نامەیەکی پڕ لە سۆز بۆ « نووسەری کورد »
لە یەکێك لە قوتابییانی سانەویی کچانەوە لە هەولێر

بە ناوی خــوا

هەرچەند ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم

بۆ ئەندامە بەڕێزەکانی گۆڤاری نووسەری کورد

وا لە فەرهەنگی کچە کوردێکەوە ، ئەم چەند دێڕە لاپەڕەی سپیی ڕەش کردەوە •• جا نازانـم ئـەوەی لە دڵمایە دەربـڕم یا نـا ؟ هەرچەند بنووسم ناتوانم بگەمە ئاستی چیای بەرهەمی جـوانو پـیرۆزی ئەندامانی ئەم گۆڤارە • ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە بەڕاستی جێگای باوەڕو ڕێزو خۆشەویستیی هەموو کوردێـکن • بەڵـێ هەوڵـدانتان ، ماندووبوونتان ، بەرهەمە جوانو هەڵقوڵاوەکانی خاكو چیا وا دەرئەخەن• بۆیە گۆڤارەکەتان لای منو زوربەی خوێنەرانی کورد بووەتە پیرۆزترین کتێب • لە کاتی خوێندنەوەی هەر بابەتێكو هـەر شیعرێـکی هەست بـە نزیکیی ئێوە دەکەین • هەست ئەکەین کەوا ئاگاداری هەستو نەستو تاڵو شیرینی خاكو میللەتن • خۆزگە ئەمانتوانی شتێکیوا بکەین بتوانین یارمەتی بەردەوامیو پێشکەوتنی ئەم گۆڤـارە ئازیزەمـان بـدەین • گـەر

لەتوانادا بوایە خوێنی خۆمان ئەکردە مەرەکەبی بۆ چاپکردنی ژمارەیەك لەو گۆڤارە پڕنرخ و پیرۆزە .

لە کۆتاییی ئەم نووسراوەدا بە ناوی هەموو کیژۆڵە کوردەکانـــی دواناوەندیی هەولێری کچانەوە هیوای سەرکەوتن و ، هەروەها پیرۆزباییتان لێ دەکەم بەبۆنەی ئەو سەرکەوتنەی کە بە دەستتان هێناوە لە دەرهێنانـــی گۆڤارەکەتان .

بۆپێشەوە !

قوتابی : نازەنین شوانی
دواناوەندیی هەولێری کچان

سەد شەهەنشـــاهو پادشـــا مـــردن
سەیری کە کـــوردی ئێمـــە هەر کـــوردن

میللەتە باقی ، مابەقا فانی
هەر لە جافی هەتا بـــەگۆرانی

حەسرەتم هەر ئەمە لە دنیادا
(حاجی) دەمرێ بە دەوریان ناگـــا

گەر بە دەورانیان بگەیبایـــە
هەمو حاڵی دەبوون چ دەریایە

حاجی قادری کۆیی

دڵدارو شیعری ڕیالیزم

کەریم شارەزا

ریالیزم لە ئەدەبدا چی‌یە ؟

ریالیزم لە ئەدەبدا دەربڕینێکی هونەری‌یە ، هەر نووسەرو رەخنەگرە بە جۆرێك لێ‌یەوە دەدوێن‌و ، چەشنە بیرو ڕایەکیان بەرامبەری هەیە ، لە هەندێ سەرچاوەدا بەم‌جۆرەی خوارەوە پێناسە دەکرێ‌و دەڵێن :ــ « ریالیزم لە ئەدەبدا ئەوەیە هەموو شتێك چۆن دێتە بەرچاوو ، لە چ بارو وێنەیێکدا بێ بەوجۆرە دەربخرێ ، بە بێ‌ئەوەی لە دەریای ئایدیالیزم (١) و ئەندێشەدا بخنکێنرێ » (٢) •

لەبارەی ئەدەبی ڕێبازی ریالیزمەوە شاعیری پێشکەوتنخوازی تورك « نازم حیکمەت » دەڵێ :ــ « ریالیزم رووبارێکی گەورەیە ، گەلێ جۆگەلەو ووردە رووباری دێتەوە سەر ، لەوانەیە جاری‌وایش هەبێ ، هەندێ لەو جۆگەلەو ووردە رووبارانە راستەوخۆ تێکەڵاوی نەبن‌و بە تەنیشتی‌دا بڕۆن‌و ، لەوانەشە جوانتر خۆیان لەبەر تیشکی رۆژدا بنوێنن‌و، باشتر بدرەوشێنەوە ، بەڵام لەئەنجامدا هەر تێکەڵی رووبارە گەورەکەی ریالیزم دەبنەوەو بەردەوام هەندێ لەو ووردە ڕێبازانە دیاردەیێکی وەختی بن‌و خۆیان بخەنەوە سەر ڕێگەی ریالیزم‌و ، بەم‌پێ‌یەش ئەو ڕێبازە تا

دێ قووڵترو فراوانتر دەبێو سوود لە هەموو ئەو ووردە تاقی کردنەوانە وەدەگرێ » (٣) •

زۆر جاری وایش هەیە ئێمە لە خوێندنەوەی پێناسەکانی ریالیزمو ووردبوونەوە لە بابەتەکانی ، دەگەینە ئەو راستی یەی کە بڵێین : « ئەدەبی ریالیزم بابەتەکانی لە ژیانی گشتی کۆمەڵی گەلەوە وەردەگرێو لە گیروگرفتەکانی یەوە دەدوێ • ئەمەش بەرەو ئەو قەناعەتەمان دەبات کە بڵێین : « ئەدەبی ریالیزمی لە گیروگرفتەکانی کۆمەڵو دیاردەکانی کلۆڵیو هەژاری ئەو کۆمەڵگایەوە دەدوێ کە چینە زەحمەتکیشەکانی میللەت لەژێریاندا دەناڵن ، بۆ ئەوەی جەماوەری میللەت هوشیار بکاتەوەو بەرەو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ژیانیان ببات » (٤) •

ئەم پێناسەکردنو لێدوانەی شیعری ریالیزم بەرەو لقێکی سەرەکی یاخود بڵێین رێبازێکی نوێترمان دەبات کە رێبازی ریالیزمی سۆشیالیستی یە کە دەڵێ :- « هونەر - کە ئەدەب لقێکی یەتی - چەکێکە لە مەیدانی خەباتی چینایەتی داو دەبێ لە پێناوی بەرپاکردنی شۆڕشێك بەکاربێتو ، وەك سامانێکی میللی پێشکەش بە چینی کارگەران بکرێت ، چونکە هونەر - ئەدەب - بۆ میللەتەو پێویستە بەجۆرێکی وا بێ کە میللەت تێی بگات » (٥) •

دلدارو شیعری ریالیزم :-

هەرکەسێکی کەمێك ئاگاداری تێکۆشانی گەلی کورد بێو شارەزایی یێکی لە کاروانی شیعری نوێی کوردیدا هەبێو ناوی « دڵدار »ی شاعیری پێشکەوتنخوازی کورد (١٩١٨ - ١٩٤٨)ی بێتە بەرگوێ ، یەکسەر هەڵبەستە ناودارەکەی « ئەی رەقیب » ی وەکوو سرووشی

خەباتی نەتەوەیی کورد لە سەردەمێکی مێژوویی ناسک لە گوێدا دەزرنگێتەوە و لاپەڕەیەکی گەشی لە مێژووی تێکۆشانی نەتەوەکەی لە سەردەمی « کۆماری دیموکراتی مەهاباد » ی ساڵی ١٩٤٦ دا دێتەوە بەرچاو ، کە چۆن ئەو هەڵبەستەی دڵدار بووبوو بە سروودی نیشتمانیی نەتەوەی کورد •

دوای ئەو هەڵچوونە نەتەوەیییەی کورد لە سەردەمی ئەو کۆمارە کۆرپەلە ساوایەی مەهابادو ، رووخاندنی لەلایەن رژێمی ئێرانەوەو بەپێی بارو هەڵوێستی سیاسی دڵدار خۆی گۆرانێکی سەرەکی بەسەر هەڵوێستی ئایدیۆلۆژیو ئەدەبیدا هات بەتایبەتی لە ساڵی (١٩٤٦) ەوە ، کە خووی دایە زۆر خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفەو زانستو ئەدەبی نوێی گەلان • حەزیدەکرد لە هەموو زانستو هونەرو فەلسەفەیەکدا زانیاریێکی تەواوو فراوانی ببێ • بۆیە دڵدار : « لەو رۆشنبیرانە بوو کە خۆیان خۆیانیان فێردەکردو پێدەگەیاند ، چونکە لەو سەردەمەدا داموەزگای ئەدەبی لە وولاتدا نەبووو ، پیشەی پارێزەریش هۆیەکی گەورە بوو پێی بچێتە بنجو بناوانی ژیانی هەژارانەوە » (٦) • تا وایلێهات بتوانین بڵێین : « دڵدار نەك تەنیا شاعیریکی خاوەن بیروباوەڕیکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز بوو ، بەڵکوو تێکۆشەرێك بووە لە ڕیزی تێکۆشەرانی زەحمەتکیش ، بۆیە جێگاێکی تایبەتی لە رێڕەوی تێکۆشانی گەلی کورد بەتایبەتیو سەرتاپای گەلی عیراق بە گشتیدا هەیە » (٧) •

دڵدار سرووشی هونەری شیعری کوردیی لەو سەرچاوانەوە وەردەگرتو دەسیدایە شیعری چینایەتی دانانو ، پشتگیریی کردنی چەوساوەکان • باشترین نموونەی بەرچاویش لەو چەوساوانە ، چینی جوتیاران بوو ، بە چەند هەڵبەستێکی دوورو درێژی وەکوو « لالەباس »و

« تووتنەوان » (٨) هەڵوێستی خۆی بەرامبەر دەر دەبڕینو کردنی بە دوو نموونەی بەرهەمی شیعری ڕیالیزمی لە ئەدەبی کوردیدا •

وەنەبێ دڵدار لەخۆیەوە کەوتبێتە سەر ئەو ڕێبازە ئەدەبییە نوێیەی ، بەڵکوو دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین کە « لەپاش جەنگی دووەمی جیهانو لەدوای ڕمانی فاشزمو سەرکەوتنی بەرەی میللەتانو ئازادبوونی نەتەوە ژێردەستەکان راپەرینێکی سیاسی لە پێناوی سەربەستیدا ، هەموو کونجێکی ئەم دنیایەی گرتەوە • ئەدەبیش بەشێکی جودانەکراوەیە لە ژیانی ئادەمیزاددا ، بەو پێیە ئەویش دەگۆڕێو ، لەوکاتەوە بەرگێکی ریالیزمی بەسەردا هات » (٩) •

دڵداری شاعیری ریالیست جگە لە سروودە ناودارەکەی « ئەی رەقیب » کۆمەڵە هەڵبەستێکی ریالیزمی لە گۆشەی هەمان بیرو باوەڕی ناو شیعرەکەی « ئەی رەقیب » ی وەکوو « کوردستان » و « ئەی لاو » و «کوترە باریکە» و « لاوی کورد » داناو دوابە دوای ئەمانەش کەوتەسەر شیعری چینایەتی دانانو لێدوان لە ژیانی هەژارانو چەند نموونەیێکی وەکوو هەڵبەستەکانی « لالەباس » و « توتنەوان » و « نامەیەك » ی پێشکێش بە کاروانی شیعری نوێی کوردی کرد •

چەند شیعرێکی ریالیزمی دڵدارو هەڵسەنگاندنێکی خێرا :-

بەرلەوەی بکەوینە هەڵسەنگاندنی چەند نموونەیێکی شیعری ریالیزمی دڵدار ، وا ڕاستە جۆری ئەو ریالیزمەی دەستنیشان بکەین کە شیعری پێ داناوە ، ئایا ریالیزمی رەخنەیی شۆرشگێڕیی بووە یاخود ریالیزمی سۆشیالیستی ؟ ! •

ئەوەی ڕاستی بێ دڵدار لە سەرەتای چلەکاندا چەند شیعرێکی

ریالیزمی شۆڕشگێڕیی داناو لەدواییدا لەگەڵ گۆڕانی هەڵوێستی سیاسی لە پاش جەنگی دووەمی جیهاندا ویستی بەرەو ریالیزمی سۆشیالیستی بچێو شیعر بۆ بەرژەوەندیی چینی چەوساوە دابنێ ، بەلام ئەمجۆرە ریالیزمەی دەستیدایە ، ریالیزمێکی فۆتۆگرافی بوو و ، « خۆی لەسەر زمانی خوێندەوارە پێشکەوتووەکان دەنواندو بریتییە لە پیشاندانی ناگزووریو دواکەوتوویی کۆمەڵ بە شێوەیێکی ساکاری سەرپێیانە » (١٠) ٠

ئێمە لەوکاتەی کە دڵدار وەك شاعیرێکی گەورەو نوێخواز سەیر دەکەین ، ئەو ساکاریو سەرپێیی‌یەی ریالیزمی فۆتۆگرافی لێ دەگرینو دەڵێین دەبوایە بەوجۆرە ساکارە سەیری مەسەلەکانی نەکردایەو کەمێ رەگەزی خەیاڵو ئەندێشەی قووڵی رۆمانسییانەی خستبایە پاڵ ، چونکە هەندێ ئەدیبی گەورەی وەك مەکسیم گۆرکی (١٨٦٨ - ١٩٣٦) و کۆمۆجۆی چینی سوورن لەسەر ئەو ڕایەی‌کە نووسەرو شاعیری گەورە دەبێ ڕۆمانسیەتو ریالیزم لە بەرهەمەکەیدا کۆبکاتەوە ، تاکوو بەرهەمێکی بەهێزو پتەویان لێ دروست بکات » (١١) ٠

کەچی دەبینین دڵدار لە هەڵبەستە ریالیستەکانی تەنیا جۆری فۆتۆگرافی گرتووە ، هەروەك لە هەڵبەستەکەی « لالەباس » دا کردوویەتی ، وەك وێنە کێشێکی لێ هاتووە زۆر بەووردی تابۆی ئەدگاری جوتیارێکی کلۆڵی ڕووتو تێكشکاومان بۆدەکێشێو دەڵێ :ـ

ڕۆژێکی پاییز لەپاش نیوەڕۆ
لالە باسم دی زەوی ئەدا تۆ
رووتو زگ والا ، پییرو تێكشكاو
پشتی چەماوە ، لووت لەسەر ئەژنۆ

گۆچانی دەستی دەستەندووی جووت بوو
دەنگی نووسابوو بە هێ هێو هۆ هۆ (١٢)

دوای ئەو وێنەکێشانە فۆتۆگرافیەی دیمەنو ئەدگاری «لالەباس»ی پیری تێکشکاو ، شاعیر دێتە سەر باسی زوڵمو زۆرداری ئاغای دەرەبەگ ، کە لە ڕێگەی کوێخاکەیەوە لەو جوتیارە کڵۆڵە کراوەو دەڵێ :ــ

ووتی : لە هاوین کوێخا کاکەسوور
هاتە ماڵەوە پێی ووتم :ــ لالـۆ
شایەدی بدە « زەوی زێڕین دۆڵ »
ئەوا هی منەو قورئانیش بخـۆ •
ووتم : کاکەسوور بەم سەرو ڕیشە
ئۆباڵی خەڵقی ناخەمە ئەستۆ
ووتی : هەروەها بە سەری ئاغا
ئەتکەمە پۆڕی بەر چەنگی هەڵۆ
بۆ شەو زەلامی هەناردە سەرم
ماڵیان دامە بەر شبێلینگی برنۆ (١٣)
سێ مانگام هەبوو بە تالانی برد
منالی هێشتم بە بێ ماستو دۆ ! (١٤)

بەم پێیە دڵداری شاعیری ریبازی ریالیزم زۆر بەووردیو وەستایانە هەموو دیمەنێکی ئەو کارەساتە تراژیدی یە دەردەبڕێو هەموو زوڵمو زۆری ئاغای دەرەبەگ بۆ میللەت دەردەخاتو ئەوەشمان بۆ روون دەکاتەوە کە ئەنجامو پاداشتی ئەو هەموو ئەرکو ماندووبوونەی (لالە) ی جوتیار ، تەنیا تیکە نانەجۆیێکی بێ پێ خۆرو بێ دۆیەو شاعیر لەسەر هەڵبەستەکەی دەڕواتو دەڵێ :ــ

ئەوا چل ساڵە زەوی دەکێڵم
ئەلاحی دەکەم هەتاکوو ئەمرۆ
نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندووییم
تیکە نانێکە چ نان ؟ نانەجۆ
ئەویــش بــە بێ دۆ (١٥)

ئەم هەڵبەستەی دڵدار شیعرێکی ریالیزمــی فۆتۆگرافی‌یــە ، وەك بڵێی کامیرایێکی گرتۆتە دەستو واقیعی رەنگو رووی ژیانی «لالۆ»ی جوتیاری هەژاری کلۆڵی بۆ گرتووین ، بە بێ‌ئەوەی هەوڵێکی‌دابێ بۆ دیوی ناوەوەی مەسەلەکەی ئەو هەژاری‌و چەوساندنەوەیە شۆڕ بێتەوە، هەندێ جــووڵەو کــرداری دەروونی‌و چارەسەرکردنــی گــیروگرفتی چەوساندنەوەو لەناوبردنی دەرەبەگایەتیمان بۆ دەستنیشان بکات • تەنیا ئەوە نەبــێ لە شوێــنێك هەســت بــەو شــۆڕبوونەوەیەو بە مەسەلــە دەروونی‌یەکەی دەکرێت ، ئەویش لــەم تاکە دێــڕە شیعرەیــدا خۆی دەنوێنێ کە دەڵێ :ـــ

ئاگری دڵی لە هەردوو چاوی
بڵێسەی ئەدا وەك جووتێ پشکۆ ! (١٦)

لەم جۆرە شیعرە ریالیزمیانەی دڵدار نموونەیێکی دیکەمان بەرچاو دەکەوێت ، ئەویش هەڵبەستە دوورو درێژەکەی « توتنەوان » ە • ئەم نموونەیەشی وەك نموونەکەی « لالەباس » تەنیا وێنەکێشانی دیمەنەکانی دەرەوەی ژیانو گوزەرانی کرێکارێکی کشتوکاڵی‌یە ، کە بووە بــە (توتنەوان) لەلای کوێخایێــکی وەکیلی ئاغــای زۆرداری دەرەبەگو بازرگانی پارەداری ناوبازاڕی شار ، کە کوێخا بۆ بەرژەوەندی خۆی‌و ئاغاکانی ئەو توتنەوانە زەحمەتکێشەی چەوساندۆتەوە ، بــە بێ‌ئەوەی

شاعیرمان ترووسکەیێك لە رووناکایی چارەکـردنو رزگار کردنیمـان بۆ دەربڕێ • جا ئەو چارەکردنو جوولانەوە رزگاریخوازی‌یە ، لـە وێنەی کریکارێکی تێکۆشەر یاخود جوتیارێکی تێگەیشتووی سەر بـە کۆمەڵو رێکخراوی جەماوەریی سەردەمی پاشایەتی بۆگەن بۆ (لالەباس)و کابرای « توتنەوان » بڕەخسێنێو پشتگیرییان بکاتو رێـگەی رزگارییان لەچنـگ زۆرداریو چەوسانـدنەوەی ئاغـاو کوێخـای داردەستی بـۆ بدۆزێتەوە •

دڵدار وەك لەمەوبەر گوتمان واقیعێکی فۆتۆگرافی توتنەوانەکەمان بـۆ دەردەبڕێ « کە بەوپـەڕی کەساسـیو بەڕووتـی دیمەنـی (عەولا)ی توتنەوانمان بۆ دەکێشی ، ئەو توتنەوانەی کە دەیبینی لەبەر ئیشی گرانو سەختو ژیانی تاریكو ناخۆش » (١٧) بەم شێوەیە دێتە بەرچاو هەروەك شاعیر ئەوەمان بۆ دەردەبڕێو دەڵێ :ــ

زەردو بێهێزو لاوازو نەخۆش

ماڵوێران ، پەڕووت ، بەدەم لەرزوتا ! (١٨)

ئینجا شاعیری ریالیستمان دێتـە سـەر وێنەکێشانـی جێـگەو ماڵو پێویستی‌یەکانی ژیانی « ئەم توتنەوانە بێ پشتیوانەی کە لە دەشتێکی چۆل ، کەپرێکی شڕو وڕی پێکەوەناوەو ، هەندێ قاپی کۆنو ڕەش داگەڕاوی لەژێر کۆکردۆتەوە ، گوایە ماڵێکی پێکەوەناوەو دەژی • بەڵێ ئەم دەژیو ئاغاش دەژی !! کە لە کوشکێکی بەرزو لەناو بەرگـی پۆشتەو پەرداخو لەسەر خۆشترین خۆراك دەلەوەڕێ ، ئەمەش هەمووی لەکوێ؟! بێگومان لەسەر حیسابی ئەم تووتنەوانەی کە لەم کەپرەدا دەژی • » (١٩) •

دڵدار بەمجۆرە لە کەپرەکەی مام عـەولای تووتنەوانـی هـەزار

دەدوێ‌و زۆر بەووردی وەسفی کەل‌و پەلەکەی ئەو ماڵە پەرپووتە دەکات‌و دەڵـێ : ـ

کەپرێکی دارگەز ، نارێك دامەزراو
بە پووش‌و گەڵای چروو سەرگیراو
بۆ پارێزگاری خۆرەتاوو تۆز
بە چیخێکی شڕ سێ دەورە گیراو
ناوماڵی ئاودێر (٢٠) هەرزاڵەیی چووك (٢١)
دوو پارچە بەڕی شڕو هەڵزڕاو !
جەڕەیێکی کۆن ، سێ گۆزەی کەرخیو
چەن هامانی رەش ، جامێکی قوپاو
سێڵێکی تەنك ، خوانەیێ بچووك
لەولاش مەنجەڵێك سەرنخوون کراو
دوو لێفی شڕی چڵکنی کون کون
سێ پیالەی چاو ، قوریەکی شکاو • (٢٢)

ئەمە هەموو ناوماڵ‌و کەل‌وپەلی ژیانی « عەولا »ی توتنەوانەو مایەی گوزەران‌و بەرێوەچوونی ئەو هەژارەیە • ئەگەر بێینەسەر روخساروکێشی شیعرەکان‌و هەیکەلی هەڵبەستەکەش ، دەبینین بابەتەکە لە حەوت بەنـد پێك‌هاتووەو هەموو بەندەکانیشی لەسەر کێشی ١٠ برگەیی (٥ + ٥)ی خۆماڵی کوردی‌یە ، بەڵام هـەر بەنـدی لەســەر جـۆرە سـەروایێك دەڕوات ، شاعیر خۆی وەکوو چاودێرێك ژیـان‌و گوزەرانـی توتنەوان‌و کردارو رەوشتی کوێخای وەکیلی ئاغاو بازرگانەکانی ناوشار دەردەخات • بەبێ‌ئەوەی وەك هەڵبەستەکەی « لالەباس » شاعیر دەمەتەقێ‌و ووت‌وو‌ێژی خۆی تێکەڵ بە گفتۆگۆی « توتنەوان »ی هـەژارو کوێخـای چەوسێنەری

فیڵباز بکاتو گیانێکی درامیو جموجۆڵی ئاوێتەی ئەو شیعرەی بکات • » (٢٣)

شاعیری ووردبینمان ئەگەر بەشداریشی لە مشتومڕی دەمەتەقێی (کوێخاو مەلاو توتەوان)ی هەژاردا نەکردبێو دەوری پشتیوانو رزگارکەری ئەو کڵۆڵەی نەدیبێ ، ئەوەندە هەیە زۆر وەستایانە دەستی لەسەر لایەنی چەوساندنەوەو زۆرلێکراوی تووتنەوانی داناوەو وەك کامیرایێکی تەلەفزیۆنی حاڵی ئەو هەژارە بێدەرەتانەو رەوشتی کوێخاو مەلای حیسابگری لەو گفتوگۆیەی نێوانیاندا وێنەکێشاوەو بە ڕاستیو بەتەواوی بۆ هەموو کەسێکی دەردەبڕێو ، لەسەر زاری کابرای توتنەوانەوە دەڵێ : ـ

ئینصافت هەبێ ، سەیری حاڵم کە
رەوشتت چۆنە ؟ چۆن منت هێنا ؟!
هەتا ئیقناعت کردم بە ئاودێر
خۆت کردە نۆکەر من بووم بە ئاغا
کە هاتم زگم کەوتە سەرزەوی
تووتنم چاندو رەنجی شانم دا
ئەڵێم دار بکرە ، ئەڵێم داو بێنە
ئەڵێم برسیمە ، ئەڵێی پارە کوا ؟
من بە بێپارەو منداڵم برسی
لە کوێ قوڕ بێنم بیکەم بەسەرما (٢٤)

ئینجا (دڵدار)ی شاعیری (ریالیزمی فۆتۆگرافی) وەستایانە ئەو دیمەنە ووردانە دەردەبڕێ کە چۆن مەلای میرزای کوێخا بە خەتە ناشیرینەکەی حیسابی خوارداشی بۆ مام(عەولای تووتنەوان) لەسەر

فەرمانی کوێخاکەی کە لە دەفتەرێکی پەرپووتی پڕفرِوفێڵ تۆمار کردووەو دەڵێ :ـ

مەلا دەفتەری لە باغەڵ دەرکرد
دەفتەر چ دەفتەر ؟ پەرپووتو گەچلاو !
ئەرقامی زل زل خەتی خوارو خێچ
ئیملا فارسی بە کوردی نووسراو
نەمدی پەڕێکی بێفێل نووسرابێ
نەمدی ووشەیەك ساغو نەپرِاو ! (٢٥)

کە مەلای میرزای کوێخا دەکەوێتە سەر حیساب خوێندنەوەی عەولای هەژار ، « دڵدار دەریدەخا کە ئەم حیسابە چجۆرە حیسابێکە ؟ چرۆژە رەشو ماڵخواردنێکە ؟! چجۆرە خوینمژینو سەر پانکردنەوەیێکە ؟ حیسابێکیوای کە فرِی بەسەر راستییەوە نییە ••• بە ئارەزووی دەرەبەگ قەڵەمە پووچەکەی مەلای حیسابگر لەسەر ئەم کاغەزە شرِە خراوەتەکار ، هەر بۆ ئەوەی ١٢٠ دیناری لەسەر بکەن بە ماڵو » (٢٦) دەڵێ :ـ

ووتی : مام عەولا ئەمە حیسابتە
پەنجاوشەش دینار لە دەستی کوێخا •
سیی دینار گاجووت چواریش کەرەستە
بیستو پێنج دینار کەرەستەو ئەشیا
دوو دینار جارێك ، سێ دیناریکەش
لە منت وەرگرت لە ماڵی ئاغا
جەمعی سەدوبیست دینارە تەمام
بەگویرەی دەفتەر « صەحیحە » وەڵلا • (٢٧)

مردنی کتوپڕیی دڵداری شاعیری جوانەمەرگ ماوەی نەدا تاکوو ئەم هەڵبەستە درێژەی تووتنەوان تەواوبکات ، تاکوو بزانین چچارەیێکی بۆ ئازادبوونی چینی زەحمەتکیش لە چنگی زوڵمو چەوساندنەوەی ئاغاو پارەداری ناوشارو مام کوێخای وەکیلیان دادەنێ ؟

چونکە شیعری ریالیزم هەر دیمەنو دەردی ئابووریو کۆمەڵایەتی دەربڕین نییە ، بەڵکوو لەپاڵ ئەمانەدا پیشاندانی ریگەی ئازادبوونو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکەش ، بەشێکی جودا نەکراوەیە لە مەسەلەکە .

خوێندەواری بەرێز .. ئەمەلێکۆڵینەوەیێکی خێرا بوو لەسەر دڵدارو شیعری ریالیزمی کوردی . هیوادارم توانیبێتم رووناکییەك بخەمە سەر ئەو لایەنەی شاعیرییەتی دڵدارو هەڵوێستی سیاسیو ئەدەبی شاعیری ریالیزمی کوردمان لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی لە چلەکاندا ، کە تازە ریالیزم وەك ڕێبازێکی ئەدەبی لە شیعری کوردیدا سەری هەڵدەدا .

پەراوێز

(١) ئایدیالیزم : میثالییەت .

(٢) الموسوعة العربية الميسرة ـ ط ٢ ، القاهرة ١٩٧٢ ، ص ١٩٤٠ .

(٣) د. عزالدين مصطفى رسول ـ الواقعية في الأدب الكردي ـ بيروت ١٩٦٦ ص ١٠٦ .

(٤) د. محمد مندور ـ الأدب ومذاهبه ـ القاهرة ١٩٥٧ ، ص ٨٢ .

(٥) د. احسان عباس ـ فن الشعر ـ بيروت ١٩٥٩ ، ص ١٢٦ ، ١٢٧ .

(٦) د. مارف خەزنەدار ـ گۆڤاری کولێجی ئەدەبیات ـ ژمارە (٢٠ ـ ٢١) بەغدا ١٩٧٧ ، ٩ ، ١٠ .

(٧) مومتاز حەیدەری ـ دەفتەری کوردەواری ـ ژمارە (٢) بەغدا ١٩٧٠ ل : ١٣٠ ، ١٣١ .

(٨) مەرگ ماوەی (دلدار) ی نەدا هەڵبەستەکەی (تووتنەوان) تەواو بکات .

(٩) عەزیز گەردی ـ گۆڤاری هەولێر ژمارە (٤ ، ٥) ساڵی ١٩٧١ ، ل : ٢٥ .

(١٠) د. مارف خەزنەدار ـ سەرچاوەی پێشوو ل : ٢٠ .

(١١) د. محمد مندور ـ فن الشعر ـ القاهرة ، ص ٥٤ .

(١٢) دیوانی دڵدار ـ چ ٢ ـ هەولێر ١٩٧١ ، ل : ٥٦ .

(١٣) بڕنۆ یاخود بڕنەو : جۆرە تفەنگێکی چیکی یە ، لەسەردەمی ژیانی دڵداردا باشترین تفەنگ بوو .

(١٤) دیوانی دڵدار ـ ل : ٥٧ .

(١٥) هەمان سەرچاوە ، ل : ٥٨ .

(١٦) هەمان سەرچاوە ، ل : ٥٦ .

(١٧) عەزیز گەردی سەرچاوەی پێشوو ل : ٢٦ .

(١٨) دیوانی دڵدار ـ ل : ٢٦ .

(١٩) عەزیز گەردی ـ سەرچاوەی پێشوو ، ل : ٢٦ .

(٢٠) ئاودێر : هەرچەندە بەپێی مانای فەرهەنگی بەو کەسە دەگوترێ کە کشتوکاڵ ئاودەدات ، بەڵام لە مەلبەندی بیتووین و رانیـە بـە مانای (تووتن چێن : تووتنەوان) دێ •

(٢١) هەرزاڵە : کەپرێکی نزمە •

(٢٢) دیوانی دڵدار ــ ل : ٦٥ ، ٦٦ •

(٢٣) کاکەی فەللاح ــ کاروانی شیعری نوێی کوردی ــ ب ١ ، بەغـدا ١٩٧٨ ، ل : ١١٦ •

(٢٤) دیوانی دڵدار ل : ٧٠ •

(٢٥) هەمان سەرچاوە ، ل : ٧٢ •

(٢٦) عەزیز گەردی ــ سەرچاوەی پێشوو ، ل : ٢٧ •

(٢٧) دیوانی دڵدار ــ ، ل : ٧٣ •

له یەکەم سەفەردا ..

شێرکۆ بێکەس

-١

وەختێ خۆم‌و جانتای سەوزی
مارکەی سەر پشتێن « موسڵاوێ »
لە ئەستەموڵ ...
کە دابەزین‌و ڕاوەستاین .
لە درەخت‌و بنچکێکی لاڕێ ئەچووین
هەردووکمان هەر :
قژ خۆڵاوی
شان‌و مل تەپ‌و تو...

* * *

وا دوو ڕۆژە
لەلای ئەم شارە چاوشینە
لامان‌داوە
کە هەر ئەڵێی

شۆڕەژنێکە کراس‌سەوز ،
ڕاکشاوە ••
بالیفی ژێرسەری کەژەو
قاچی سپیش لە « بسفۆڕ » دا
وەك مەڕمەڕی بەر هەتاوە •

★ ★ ★

ئەم شارە بڕۆی پەیوەستی
سەرچاوانی شین‌و ڕەشی
هەردوو شۆخی
ئەوروپایەو ئاسیایە ••
کە ئەیبینی تێ‌ئەپەڕێ :
جارێك قۆڵ‌ڕووت‌و کراس‌کورت ،
جارێکی‌دی کراسێکی ئاودامانی
لەبەردایە •

★ ★ ★

وا دوو ڕۆژە چاوی نامۆم
هەر وەکوو دوو کۆترە شینکە
هەتا ئێستە باڵ‌بەستراو بن •
گرێی باڵیانم کردەوەو •
ئەوەتا وا دەمێ بۆ سەر
گوومەزی شین‌و خلیسکی
بریقەدار هەڵ‌ئەفڕن‌و
دەمێکی‌تر قژو بسکی

« منەوەری » ئەستەموولی
ئەکەن بە هێلانەی شیعرو
ئارامێکی تێدا ئەگرن .

* * *

که بەلای دیواری کۆنی مەرمەڕینی
مزگەوتێکی کلاوقووچدا گوزەرئەکەم
بۆنی کەواو سەڵتەو .. بۆنی ،
پشتێنەکەو ، کلاوەکەی نالی ئەکەم .
که دەس ئەدەم
لە مۆردی پەرژینی باخێ
دەسم بۆنی پیشی ئەگرێ !
که شەپۆلی سەرهەڵگ[illegible] توو
پەڕەی گوڵی هەڵب[illegible] ..
دووکەڵی هەر دو[illegible]ەل کێشێ ..
که منداڵانی هەژاری
وەك کارژۆلەی پەرەوازە ..
خەوتوو لە بن سێبەری پرد ،
چەتری پاسدا .. بەدی ئەکەم ،
من بۆن ئەکەم ..
بۆنی بۆکرووزی شیعری
ئاوارەبووی نالی ئەکەم !

* * *

ئیستە بەناو گۆڕستانی « ئۆسکۆدار » دا

ئەگەڕێم‌و چاوم وەکوو هەڵاڵەی سیس •
چڵی مل •• کەوتوو بەلادا •
هەڵهێنانەوەی هەنگاوی خاوی پەستیم
بەناو دارستانی سپیی بەردەکێڵدا
ورد •• ورد ئەمبا •
گەورەم نالی !
ئەی نارەوەنە تەنیاکەی
هەڵکەنراوی خانەقاکەی
سلەیمانی !
تۆ لەکوێدا ••
چڵ‌وچێوی ڕاکشاوی ؟!
موریدێکی شیعری خۆتم •
هۆرەیەکی « خاك‌وخۆڵ » تم •
هاتووم بۆ لات •
گەورەم نالی !
ئەی تانجەرۆی سەرگەردان‌و
سیروانی وێڵ !
ئەی ئەستێرەی ڕاونراوی کوردستانم !
شارێك گۆڕو •• بێشەیەك کێل
کێ ئەزانێ لە کام گۆڕدا ••
تۆ ئێسقانی ڕاکشاوی ؟!
گـۆڕت بزر
بزر وەکوو ساڵ‌و ڕۆژی
لەدایك‌بوونی هەزاران

ئەڕواتو دێ ••
تا ئەو ئەزێو
تا ئەوان تاقەتیان ئەچێ •
یان ناوبەناو
هەر سێبەریان بۆ ئەکاتو
وەڕس نابێو
بەدیاریانەوە ئەوەستێ ••
وەك شاعیر بەدیار وشەوە
زەوی بەدیار پرووشەوە
چرا بەدیار ••
عاشقێکی بێدارەوە
هەژاران بەدیار کارەوە •
منیش ئیستا
هەنگێکم شیلەی لێوی
ئەم بسفۆڕە باڵی گرتووم
هەرچەند ئەمەوێ هەڵفڕم
هەڵنافڕمو هەتا ئیستا
لە جێگەی خۆم
هیچ نەبزووتووم !

★ ★ ★

لە گوێ بسفۆڕ دانیشتوومو
قۆڵی کراس هەتا ئانیشك ،
پانتۆڵ تا ئەژنۆ هەڵکراو

هەردوو قاچم
خستۆتە ناو
ئاوی تەنکاو
ئیستە لە تیتر‌واسك ئەچم
تیتر‌واسکێ نامۆو بێ‌جووت
چەند ڕۆژێکە ••
هەر خۆی‌و خۆی ••
بە سێبەری کەنارێکی دەس‌تەزیوا
بە هەتاوی بەستێنێکی
سنگ بەرەڵلای
ئارەقی لاجانگ نەسڕیوا ••
هەر خۆی‌و خۆی نامۆو بێ‌جووت
بەسەر ڕۆخی داوێن تەڕا ••
نزم •• نزم بەقەد بالای
خەمی نەمام
هەڵئەفڕێت‌و ، ئینجا بەرز
لەناو تەمی
نیوە داپۆشیوی شاخا
ون‌ئەبێت‌و لەدواییدا ••
هەر خۆی‌و خۆی نامۆو بێ‌جووت ••
ئەگاتە لای بەفری نووستووی
سەر هەڵەموت •

* * *

لەگوێ بسفۆڕ ڕاکشاوم
هەردوو دەستم لە ژێرسەرا
ئێستە ئەڵێی هێرۆیەکی
سەرلق سپیم
لە دوورەوە ئاو هێناومی‌و
ئاو لایداوم •
وەکوو هێلکە شەیتانۆکەی سەر لم
چاوم نووقاو •
وەك شۆڕەبی دانەویوی
گوێ گرتووو لە •• گۆرانیی ئاو
گوێم گرتووە :
ئەڵێی هاژە ناوم‌دێنێ !
کەنار لای‌لایەم بۆئەکا !
گەرداوی دوور بانگم‌ئەکا !
سەر هەڵئەبڕم ••
تۆزێکی‌تر هەڵئەسمو بەم‌ڕۆخەدا
ڕێگەی ئاونگاوی ئەگرم •
ئەڕۆم •• هەورازی سەربەگوڵ •
دەشتی قزەرد •
گردۆڵکەو هەردی ڕووت‌وقووت
هەمووی ئەبڕم •
ئەڕۆم •• ئەچم ••
لە کۆڵکێشی پاپۆڕەکان ••
لە بێکاری بەندەرەکان ••

پرسیار ئەکەم ••
ئەڕۆم « شەفیقی تۆڕنەچی » ئەبینمەوە
لێی ئەپرسم ••
تا بەلەمە سەوڵسوورە
چاوشینەکەی « نازم حیکمەت »
ئەدۆزمەوەو سواری ئەبم •
ئەوسا ئیتر هەردوو سەوڵم
ئەبن بە دوو باڵی درێژ
ئەمبەنە لای شەپۆلی دوور
ئەمبەنە لای ئەو گەرداوەی
بانگی کردم ••
ئەمبەنە لای ماسیگرێ
کە هەروەکو خۆم تەنیایە
بەڵام ئاواتی چاوسەوزی
وەکوو بسفۆڕ لەدڵیایە •

سلێمانی ،- ١٩٨٣

شانۆ هەر زیندوو دەبێت (*)

عومەر عەلی ئەمین

« ئەمشەو شەش ملیۆن کەس وان لە سینەما ، لە چل ملیۆن پتریش گوێ لە ڕادیۆ دەگرن ، پتر لە هەشتا ملیۆن کەسیش سەیری تەلەفزیۆن دەکەن ، بەڵام ژمارەی ئەوانەی سەیری شانۆی درامایی پیشەیی (محترف) دەکەن ؛ لە حەفتاویەك هەزار کەس تێناپەڕێت » •

ئەمە سەرژمێریکی ئایل گرینی نووسەری گۆڤاری ڤاریتی بوو لە ئەمەریکا لە دیسەمبەری ساڵی ۱۹۵۹ دا • جا لەکاتێکدا ئەم ژمارانەمان لە بەرچاو بێتو بمانەوێت کتێبێك دەربارەی شانۆ دابنێین ؛ وەك ئەوە وایە کە لەم سەردەمی هاتووچۆ کردنی مانگەدا ، کتێبێك دەربارەی ئەسپێکی تیژڕەو دابنێین •

بەڵێ ، شانۆ ئەگەر هەر بۆ ڕابواردن بوایە ، ئەمە ڕاستبوو • بەڵام شانۆی چاك لە سنوری ڕابواردن دەچێتە دەرەوە ، بەڵکو لە سەردەمە مەزنەکانیدا نووسەرو نوێنەرو دەرهێنەکانی ، ئەمانیش هەر بە هەمان گەرمیو دڵسۆزی زاناو خاوەنبیرو فەیلەسوفە گەورەکانەوە ، تێکۆشاون بۆ دۆزینەوەی مانای بوون (وجود)و لایەنە جوانەکانی ،

★ بۆ نووسینی ئەم وتارە کەڵك لە بەشی یەکەمی کتێبی (المدخل الی الفنون المسرحیة)ی (فرانك م • هوایتنگ) وەرگیراوە •

چونکە جەوهەری شانۆ پشت بەو زانستیە گشتیە دەبەستێت کە : مرۆڤ توانای دۆزینەوەو سەرسوورهێنانو هیوا‌خوازی هەیە •

ئێمە زوربەی ژیانمان بە شتی پڕوپوچو ڕەوشت، خووی باوو چاولێکەری‌یەکی کوێرانەوە دەبەینەسەر ، بەڵام هێندێ‌جار کە بەتەنیا لەبەر ڕووناکی مانگەشەوێکی خامۆشدا بەسەر گردێکەو، دادەنیشین ، یان کە لەناو دارستانێکی دامێن گۆمێکدا ، لە سەوزاییی‌یەکی گوێ، کانی‌یەکی لاپاڵ چیایەکدا ، یان لای منداڵێکی نەخۆش دادەنیشین ••؟ لەم‌کاتەدا ئەو ڕەوشتو خووە باوانەو ئەو شتە پڕوپوچانەی ژیانمان لەبیردەچێتەوەو ، هەستێکی وورییی ئەوتۆ دامان‌دەگرێ کە کارێکی‌وا دەکات هەست بە مانای بوونو لایەنە جوانەکانی بوون، بکەین • دە هونەری مەزن بایەخ بەم کورتە کاتانە دەداتو ئەم کورتە کاتانەی مەبەستە • جا ئێمەش لەم چەند دێڕەدا بەشێوەیەك لە شانۆ دەدوێین کە لەپێش هەموو شتێکەوە هونەر بێت •

دەربارەی شانۆ گەلێ‌جۆر بیروڕای پێچەوانە هەیە • شانۆ لای ئەغریقیەکان دەستورێکی ئاینی بوەو هەڵکەوتووترین ژیر ە کۆمەڵدا خۆی تەرخان‌کردووە بۆ خزمەت‌کردنی • لای ڕۆمانەکان وەك ڕابواردنێکی هەرزان وابووە کە کۆیلەکان پێشکەشی گەورەکانیان کردووە • بەڵام بەلای کەنیسەشەوە لە سەرەتادا خراپە بوەو وەك دزێتی، پێویستی بە ڕەگ‌و ریشە دەرهێنان بووە ، هەرچەندە دووای چەند ساڵێك هەر کەنیسە خۆی وای‌لێ‌هات شانۆگەریی نهێنیەکانو موعجزەکانی ، وەك دەستورێکی ئاینی گرتە باوەش • لای هێندێکیش شانۆ هەر بۆ کات‌بردنەسەر بووە • لای هێندێکی‌کەش هەر لە سەردەمی نوێنەرە گەڕۆکەکانەوە هەتا سەردەمی نوێنەری پێکەنین‌جاڕی لە تەلەفزیۆن ؟

ڕێبازێك بووه بۆ خۆژیاندن •

بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو بیروڕا جیاوازانەشدا ، شانۆ هێشتا لای نووسەرە مەزنەکان ڕێبازێك بووه یاریدەی‌داون بۆ دۆزینەوەی مانــای ژیان‌و نهێنیەکانی بوون • هێندی باوکیش شانۆ بە بەلایەك دەزانن بــۆ شەخسیەت‌و دەروونی ئەو منداڵانەی کە هۆگری دەبن ، بەڵام زوربەی زانایانی پەروەردەو دەروون‌ناسان ؛ شانۆ بە دەرمانێکی بەکار دەزانن بۆ چاك‌کردنەوەی زوربەی ئـەو نەخۆشی‌یە شەخسی‌یانە •

جا لەکاتێکدا کە ووشەی شانۆ ئەوەندە فراوان‌و بەرین بێت‌و ، ئاوا بەم‌شێوەیەش هەمەجۆر بیروڕای پێچەوانەی تێ‌ئاڵابێت ، بێ‌گومان بەر پلاری هەڵەو هەڵەکاری دەکەوێت‌و بیروڕای‌واشی دەربارە پەیدا دەبێت کە گوایە شانۆ بەرەو نەمان دەچێت •

ئەگەر مەبەست لەم‌ڕایــە شانــۆی بازرگانــی بێـت ؛ ڕەنگە لـە ڕاستی‌یەوە دوور نەبێت • لە سەرێکی‌کەشەوە ئەگەر مەبەست لە شانۆ بەرهەمی سینەماو ڕادیۆو تەلەفزیۆن بێت ؛ ئەمـە ئەمـرۆ لـە هـەموو کاتێکی‌کەی گەشاوەترە • بەڵام ئەگەر مەبەسـت تەنیـا بەرهەمـە ڕەوا درامایی‌یە پیشەیی‌یەکان خۆی بێت ؛ هەست‌دەکەین کە تەندروستی شانۆ تەواو نی‌یە بەتایبەتی لەڕووی مادیەوە • بەڵام لەم‌داراتەشدا ڕاستی‌یەکی بەهێزو جوان خۆی جێ‌گیر کردووە ئەویش ئەوەیە کە : شانۆی درامایی لە ماوەی ئەم دووهەزارو پێنج‌سەد ساڵەدا دەستێکی باڵای لە پێ‌گەیشتنی شارستانێتیدا هەبووە • جا هێندێك لەوانەی کە باوەڕیان تەنیا هەر بـەو شتانەی سەردەمی خۆیان هەیە ، ئەوانە کە سەیری ئەو تەمەنە درێژەی شانۆ دەکەن ؛ بە شتێکی کۆنەی دادەنێن • بەڵام شارەزایان‌و شانۆناسان ، کەلەپوری شانۆ بە شایستەی ڕێزێکی گەورە دەزانن •

شارستانێتی بەرهەمی تەنیا یەك نەوە نی یە ، بەڵکو بەرهەمێکی کۆکراوەی هەموو کۆمەڵو هەموو سەدەکانە • مرۆڤێك ئەگەر هەر لە لەدایكبوونیەوە بەرەڵا بکرێت بەتەنیا گەورە بێت ، مرۆڤێکی پەككەوتەو نەزانی لێ دەردەچێت ، بەڵام کە لەناو کۆمەڵدا ژیاو گەورە بوو ، ئەو کەلەپورە زۆرو زەبەندەیەی ڕابوردوو ؟ فێری زانین، شارستانێتی دەکاتو دەیکاتە مرۆڤێکی کارامەو لێهاتوو • ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئێمە قەرزارێکی زۆری پێشینانین •

هەروەها شانۆش هەر بەم بۆدانە • بەڵێ هەرچەندە سینەماو ڕادیۆو تەلەفزیۆن نوێکاری یەکی زۆریان هێناوەتە کایەوە ؟ بەڵام لە زۆر جاردا هەر پشتیان بە ڕابوردوو بەستووە • کاروباری هەڵچواندنو سۆزجوڵاندنو هێنانە پێکەنینو هێنانە گریان ، کەمێك نەبێ ! نەگۆڕاوە ، هەتا لەگەڵ بلیمەتیی مرۆڤی ئەم سەردەمەشدا ، زوربەی شانۆگەری یە مەزنەکان ، ئەوانەن کە لە سەردەمێ کۆندا نووسراون •

گوڵزاری جوانی شانۆی ئەم سەردەمە زادەی خۆراکی لەو ڕەگانەوە هەڵمژیوە کە لە زەمینەی ئەو ڕۆژگارە دێرینانەدا بنجیان داکوتاوە کە قەدەکانیان بارستایی دووهەزارو پێنجسەد سایان سمیوەو خۆیان گەیاندۆتە مرۆڤی ئەم سەردەمە • جا ئاغری و سەنگینو گرانیو دوورەپەرێزیی لە بایی بوونەوە کە ئەمانە مەرجە ناونیشانی هەموو هونەرمەندێكو هونەرمەندی شانۆش بن ، ئەمانە لەئەنجامی زانینو ڕێزلێنانی ڕابوردووەوە دروست دەبن • کەچی هێندێك نوێنەر یان دەرهێن یان نووسەر کە لە یەکەم جاریاندا سەرکەوتنێك بە خۆیانەوە دەبینن ، ئیتر دەبنە نیچیری لەخۆبایی بوونێك وادەزانن کە تائێستا هەموو ئەم جیهانە نوێنەرێك یان دەرهێنێك یان نووسەرێکی کەی وەکو ئەوانی

بەخۆیەوە نەدیوە • بەڵام ئەو هونەرمەندانەی کە لەمێژووە درێژەکەی شانۆ شارەزان‌و زەنگی کاروانە دووهەزارو پێنج‌سەد ساڵیەکەی دەبیستن ؛ ئەوانە هەر لەخۆیان دێت کە چۆن بە سەنگینی‌و هێمنی‌و ڕێزو دڵسۆزی‌یەوە لە بەردەم هاڕەی چەپڵەی ڕەزامەندی جەماوەردا ڕادەوەستن •

بەڵام دەرخستنی ئەم ڕاستی‌یەش نابێ ئەوە بگەیەنێت کە شانۆ هەرچی‌یەکی هەیە گوایا هەمووی دەستکەوتی ڕابوردووە ، نەخێر ، بەڵکو چەندان‌جار گەیشتۆتە سەرەلوتکەی شاکاریی کە ئەمەش بەم مەزنترین دەستکەوتی مرۆڤایەتی دادەنرێت •

[لەوانەیە نەتەوەیەك دەوڵەتێکی چاکی هەبێت‌و خاوەنی هێزێکی گەورە بێت‌و هیچ نیشانەیەکی هەژاریی پێوە دیار نەبێت ، بەڵام ئەگەر لە وێژەو مۆسیقاو بیناسازی‌و هونەری شێوەکاریدا خاوەنی هونەرێکی تایبەتی خۆی نەبێت ؛ لەوانەیە خۆری مێژووی لێ ئاوا ببێت بە بێ‌ئەوەی لە تۆمارێکی ڕامیاری باش بەولاوە هیچی‌کەی لەپاش بەجێ‌بمێنێت • ـ بوس تارنگتون ـ] ئەمەریکا بەم هەموو سامان‌و جرت‌وفرت‌و هێزە سەربازی‌و مادی‌یەوە کە هەیەتی ، تووشی ئەم دەردە بووە ، مەگەر لەم‌دوواییی‌یەدا نەبێ کەوا خەریکە پێ‌بنێتە جیهانی ڕۆشنبیری‌یەوە •

بەم‌بۆنەیەوە با ئەوەمان لەیادبێت کە ڕۆما کاتی خۆی لە زوربەی لایەنەکانی ئێستای ئەمەریکا گەلێك پێشکەوتووتر بوو : ئەندازیاری پلیمەت ، هێزێکی گەورەی سەربازی ، خەزنەی پڕ پول‌و پارەی لە ژمارە نەهاتوو ، شەڕەدەنووکی گەرمی نێوان سیاسەت‌پیاوان ، دەسەڵاتێکی پێنج‌سەد ساڵیی بەسەر جیهانی ڕۆژئاوادا ، حەوزی مەلەو

خوانە ڕازاوەکانیشیان شانی لە شانی هینەکانی ئێستای هۆلیۆد دەدا • کەچی لەگەڵ ئەم هەموو چەتەوڵێتیەیدا ؛ ئەو بەرهەمە بەنرخانەی کە لەپاشی بەجێما ، زۆر کەمتر بوو لە بەرهەمە مەزنە بەجێماوەکانی شارە بچووکەکەی ئەسینا کە لە ناوچەیەکی تەنگەبەردا دەسەڵاتی لە سەد ساڵیش تێنەپەڕی • بۆنموونە : شانۆگەرییەکی وەکو (ئۆدیب بە پاشایی) کە بەرهەمێکی ئەغریقیەکانە ؛ لە زۆر جاردا هەموو ووتارو کردارەکانی ئەنجومەنی پیرانی ڕۆمانی دادەپۆشێت • ئەو ڕۆمایەش بەو مەزنییەی خۆیەوە ئەگەر بەرهەمی هێندێ ئەندازیاری، بیناسازیی، پەیکەرتاش و شاعیرو فەیلەسوفی سەردەمەکانی سەرەتای لەپاش بەجێنەمایە ، ئێستا ئەو ناوبانگەی جێگەی داخ دەبوو •

[نە شانۆو نە هیچ هونەرێکی کە وەك کەژاوەیەکی ڕازاوە ، یان شتێکی مادیی کە نییە • کەژاوە کۆن دەبێت و فڕیدەدرێت ، ئوتومبیل پەکیدەکەوێت و فرمانی تەواو دەبێت و هیچ نرخێکی نامێنێت ، بەڵام هونەر ، هونەری مەزن ، جەوهەرەکەی ؛ نەمرە • چونکە شتی جوان بەدرێژایی زەمانە خۆشی دەبەخشێت •

— شاعیری ڕۆمانسیی ئنگلیزی : کیتس –]

هونەر لە سنوری زەمانەو لە سنوری جێگا دەچێتە دەر،وەو لەودیو پەردەی ڕەگەزو باوەڕو نەتەوایەتیەوە خۆی ناشارێتەوە ، هەر بەهۆی تەلیسمەکەشیەوەیەتی کە هەتا ئێستاش ئێمە هاوبەشی بەرهەمەکانی سۆفۆکلیس و شکسپیرو گۆتەو سترنبورگ دەکەین • شانۆگەریی (ژیانی تەروادە) یان (لیزیستراتا) لەپێش دووهەزارو پێنجسەد ساڵدا لای دانیشتووانی ئەسیناو ئیسپارتە چماناو مەبەستێکی هەبوو، ؛ ئێستاش لای دەوڵەتە شەڕکەرەکان هەر هەمانماناو مەبەست دەبەخشێت •

شانۆگەریی (ئەلیکترا) یان (مەلیك لیر) وەك باشترین شانۆگەریی سەردەمی خۆی ، بە هەمان ڕەسەنیو قووڵییەکەی جارانیەوە جەماوەری ئیستای شانۆ ڕادەپەڕێنێ •

ڕووالەتی ژیانی مادی دەگۆڕێتو کۆن دەبێو بەجێدەمێنێت ، بەڵام جەوهەری ناقیکردنەوەکانی بەشەر وەك گوڕی لاوێتی ، دڵداریی ••• هتد ئەمانە کەلەپورێکی مرۆڤایەتی گشتی هەمو خەڵکینو لە هەموو زەمانێکدا •

بە بێمشتومڕ لەسەرئەوەی کە کام هونەر لەوانیکە مەزنترە ، ئەوە دەخەینەوە یاد کە شانۆ لە دوو ڕووەوە پەسەندیی بەدیدەهێنێت :

ڕووی جوانییو ، ڕووی بیر •

لە ڕووی جوانییەوە ، شانۆش وەکو مۆسیقاو سەماو وێنە لەپڕکردنەوەی پێویستیەکانی سۆزی مرۆڤدا بەشداری دەکاتو لە هەموو جوانییەکیش مرۆڤ تێردەکات • لەڕووی بیریشەوە ، قاڵبی دراما بەشێکی زۆر گەورە لە مەزنترین ئەو بیرو باوەڕانە دەردەبڕێت کە عەقڵی مرۆڤ تەقاندوێتیەوە ، لیستەی ناوی ئەو فەیلەسوفانەی کە لە مێژووی شانۆدا دەچریسکێنەوە باشترین بەڵگەیەبۆ ئەم ڕاستییە • وەك لیدرسون، ئەسخیلۆس ، گۆتە ، ئەبسن ، شۆ ، شوبنهاور ، نیتشە ، دیوی ••• هتد ، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا زۆر سەیرە کە دەبینین هێندێکەس گوێچکەی منداڵەکانیان ڕادەکێشن کە نەچن بەلای شانۆدا : بەلای بیرو فەلسەفەو ئەدەبی چریسکاوەدا •

[ئەوەی کە چاوەڕوان نەدەکرا ، هێشتا زوربەی شانۆی پیشەیی زیندوو هەر پایەدارەو هیچ کەمو کووڕیەکی تیدا نییە ، بگرە لە سالانی ١٩٠٠ – ١٩٢٩شی بەرزترە ، جونکە کەمبوونەوەی ژمارەی

شانۆگەری یەکان بە شێوەیەکی گشتی کاری کردۆتە سەر بەرزبوونەوەی ڕادەی دەقەکان •

هەرچۆنێك بێت شانۆ ، کارتێ کردنی خۆی بەسەر هەموو هونەرە درامایی یەکانی کەدا دەسەپێنیّو لە سنوری قەبارەو مەودای خۆی تێدەپەڕێت • بەلاّم ئەگەر قەبارەو مەوداکە مەبەست مادە بێت ؟ شانۆی درامایی ڕاستەقینە ، ئەمڕۆ لەسەر شانی نوێنەری زیندوو نی یە ، بەلکو لە ڕادیۆو تەلەفزیۆنو سینەمادایەو پیشەیەکی فراوانەو ملیۆنەها جەماوەری هەیە ، کەچی لەگەلّ ئەوەشدا هێشتا سەنگی شانۆی پیشەیی نی یە ، بەلکو بە گۆشتو ئێسقانیەوە نیشانەی بازرگانی هەر پێوەیە • بەلاّم شانۆی پیشەیی لەسەرو شانۆی بازرگانی یەوەیە ، ئەمە لە هەمان کاتدا بازرگانیشەو هونەریشە - پرۆفیسۆر برنارد هیویت -]

شانۆی درامایی ڕاست ، کە جەماوەرەکەی کەمبووبێتەوە ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بەرەو نەمان دەڕوات، بەلکو شانازی یە هونەری یەکەی لەوەدایە ئەوکەسانەی کە لێی کەمبوونەتەوە لەوانەن، سەر بە ڕابواردنن ، یان لەوکەسانەن ڕادەی بیرکردنەوەیان لە ڕادەی تەمەنێکی دوانزە سالّیدایە ، یان لە پیاوە شەکەتەکانی کارو فرمانن •

[من دژی ئەو ڕایەم کە دەلێت شانۆ بەرەو دواڕۆژێکی تاریك دەڕوات • چونکە شانۆ هێز لە نوێنەرەوە وەردەگرێت ، واتە کاری نوێنەر پێشکەوتنی شانۆ دەسەپێنێت • من دەتوانم (٣٠) جار بچم بۆ سەیرکردنی نوێنەرێکی کارامە بێ ئەوەی لێی بێزار بم ، چونکە ئەو نوێنەرە هەر جارە توانای پێشکەش کردنی شتێکی نوێی هەیە ، کە ئەمەش کارێك دەکات شانۆگەریی ڕووالّەتی نوێنەرەکەی پێوە دیاربێت• نوێنەر لەسەر شانۆ کە دەبینێت من وەك سەیرکەرێك سەیر دەکەم ، ئەمە

دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو ؟ ... ەر دروست بکات • بەڵام سینەما لـەم مەیـدانەدا کۆڵـە ، ... ناتـوانێت کارێـکی وا بکات هەسـت بـە جۆشی دڵمان بکەین ـ نووسەری شانـۆو شاعـیرو ڕەخنـەگری ڕوسی ئەلەکسەندەر گلادکۆف ـ]

[شانۆگەریی لەخۆیدا بریتیـە لە دەنگدانەوەیەکـی نـزمی ئەو هەستانەی کە لەدیوی ناوەوەدان ، نوێنەریش کەسێکی ئەوتۆیە دەتوانێت ئەو جۆشـانەمان لای خۆی گلبداتەوە ، ئەمـەش کارێـکیوا دەکات کە فرمانەکەی خۆی بە دروستکردن دروستبکات ـ گۆتە ـ] •

[ئەگەر دڵی نوێنەر لەسەر شانۆ لێبداتو فرمێسك بێتە خوارەوەو ، چاو بگری ، پێبەپێی ئەو ئازارو بەختیاریـیـەی ئـەو ، سەیرکەریش بەگەرمـی دڵـی لێبـدات ؛ ئەوسـا شانـۆ نامرێـت ـ ئـەلەکسەندەر گلادکۆف ـ]

بەرزترین ناونیشانەی درامای ڕاستی ، ئەو هۆگرییەیە کە لەنێوان نیشاندانو سەیرکەراندا هەیە ، چونکە لە شانـۆدا لـە یەككاتدا لـە دووسەری بەرانبەرەوە کاری چێژکردنو خواردن هەیە : لە نوێنەرەوە بۆ جەماوەرو لە جـەماوەرەوە بـۆ نوێنـەر کە ئەمـەش دەبێتـە هـۆی دروستبوونی نیشاندانێکی شاکار • نوێنەری زیندو و شانۆ ؛ یاریدەیەکە بۆ بەشداریکردن لە کاری تاقیکردنەوەکاندا کە لە هیچ مەودایەکـی ئالەتکاریدا ئەمە نایەتەدی ، ئا ئەمەیە جەوهەری هونەر •

عونسوری ڕاهاتنو هۆگریی لەنێوان نیشاندانو سەیرکەراندا کە پێویستە بەرەوی پێ بدرێت ؛ تەنیا عونسورێکی گرنگە کە شانۆی ڕەوا (شرعی) لە بەربەرەکانیکەرەکانی جیا دەکاتەوە • شانۆی ڕەوا بەپێی توانا باشترین ڕاهێنان پێشکەشی نوێنەر دەکات ، هیـچ شتێـکیش وەك

قۆستنەوە لەلایەن جەماوەرەوە ، نوێنەر فێری ووردترین عونسوری هونەری ناکات • هەروەها شانۆی ڕەوای جێگیر بەپێی چێژو پێویستی جەماوەرەکەی خۆی ، دەقی شانۆیی هەڵدەبژێرێت ، جا بەمپێیەش لەوانەیە شانۆگەریەکی سترنبرگ لە زانکۆیەکدا کە بایەخ بە وێژەی ئەسکەندیناوی دەدات ؛ جەماوەرێکی زۆری هەبێت ، بەلام ئەگەر پێشکەش بە جەماوەرێکی ئاسایی سینەما بکرێت ؛ دەکەوێت • یان شانۆگەریی (لیزیستراتا) لای جەماوەرێکی هوشیار کە لە چرنووکە تیژە گاڵتەجاری یەکانی ئەریستوفانیس تێدەگات دژ بە شەڕ ، بەلایەوە لە ڕادەیەکی تەڕوبڕو بەرزدایە ، بەڵام لای جەماوەرێکی ئاسایی زۆر نزمو بێبایەخە •

شانۆی ڕەوا لە تاقیکردنەوەکانیشیدا لە مونافیسەکانی ئازاترە، چونکە کەمیی پارەتێچوونی بەرهەمی شانۆگەریی لەچاو پارەتێچوونی بەرهەمی سینەمادا بەراورد ناکرێت ، لەبەرئەمە لێهاتووەکان ئەم زەمینە لەبارەیان لە بەردەمدا هەیە بۆ تاقیکردنەوەکانیان •

بۆ تاقیکردنەوەکانیان : لەسەر دەقی چاك ، لەسەر شێوەی نوێی نیشاندان ، لەسەر قوتابخانەی نوێ ، لەسەر نواندنو دەرهێنان ، بە بێئەوەی تووشی ئەو گیروگرفتە یاساییەو ئەو چاودێریە ببن کە لەڕێگەی سینەماو ڕادیۆو تەلەفزیۆندا هەیە ، لەکۆتایی ئەم کورتە باسەدا دەڵێین : شانۆی ڕەوا بەهۆی ئەو مێژووە دوورودرێژە ئاشکرایەوەی ، بەهۆی هاوبەشیکردنیەوە لە پێشکەشکردنی جوانیو بیردا ، بەهۆی جەماوەرە تایبەتیەکەی خۆیەوە، بەهۆی ئەو پێوەندییەوە کە جەماوەرو نوێنەری توووند بەیەکەوە بەستووە ، بەهۆی ئەو زەمینە لەبارەوە کە هەیەتی بۆ تاقیکردنەوەی نوێ ، لەبەر ئەم هەموو هۆیانە ؛ تەمەنی شانۆ هەتا هەزاران ساڵیکەش هەر درێژ دەبێت •

شاخی سەرسەختان

مارف عومەر گوڵ

بە هیواوە چوومە شاخی سەرسەختان‌و
شەو لە بەر بای ئازادی‌دا دیدەی پڕ لە ئەشك‌و ئاخم نایە سەرچۆك
دەستم نایە دەستی هاوڕێ سەرگەرمەکەم
گەردانەی نوێی تەمەنێکی تۆف‌و تاڵی عاشقانەم دا لە بەرۆك
نەمامێکی کەڵەگەتی خەفەتبار بوو دڵی وێڵم
دڵم‌نایە ڕوو لە خاکی خۆم وەرگێڕم یا جێی‌بێڵم
وتم ڕێشم هەر ناتاشم ، تاکو دڵم تۆزی مەینەت نەتەکێنێ
تا ئاواتی چاوەڕوانی‌و هەنسکی دڵ نەبنە ڕۆژی تریقەی گیان
تا ئێواران هەرکەس بۆ لای خۆشەویستی خۆی دێتەوە
من لە خوێنی گەشی مناڵ دەس‌هەڵناگرم
هەتا لەشی تاك‌و تەنیام ئەم سەردەمە ساردو وشکە جێ نەهێڵێ
هەتا سەرما بەسەرمانا دەواری بێ ، دەبێ لە گەڵ مەرگا بمرم !
بەردبارانە !
لە نیوەڕۆی وڵاتمانا چاوەڕوانین کەی مانگ هەڵدێ‌و
ئەستێرە کەی دەجریوێنێ

به نیوەشەو چاوەڕوانین ڕۆژ کەی هەڵدێو ٨
کۆتر کەی بێ بەسەر لانەی ئاوارانا بگمێنێ !
فرمێسك بەسەر گەڵای سووری ڕوومەتمانا دێتە خوارێ !!
بۆچی نابێ مرۆف خاکی خۆی خۆش بوێ ،
مرۆفماڵی لە بناری شاخی خۆیا ئارام بگرێ !
هەر چاوەڕێم دەس بۆ لووتکەی چیا بەرم ، دارستانی ڕەنگاوڕەنگ بێ
هەر چاوەڕێم لە پێشوازیی کەژاوەکەی سەربەستیدا ڕاوەستمو
گوڵاڵەی سوور .
بەسەر نەوەی ئەم سەردەمە تووڕەیەدا بەشمەوە .

* * *

مەگرین ،
خەو لە چاوما ئارام ناگرێ
گەر بزانم ئەم تۆفانە لەکوێوە دێو دەستەوئەژنۆ دابمێنم !
ئەم تەمەنە وەرزی تۆفو تاریکییە
بانگیان کردم .. هاوڕێکانم لەسەرمانا بانگیان کردم
گوێم لێیان بوو ،
نامەیەکم بۆ دایکە چاو کزەکەم بەجێهێشتو
وێنەیەکیم لە باخەڵ نا ،
نامەیەکیش بۆ ئەو کچەی بە جێم هێشتو
وێنەی شاخی سەرسەختانی لە ئەلبۆمی تەمەنیدا خستە سەرچاو
لاوێتیی خۆم دایە دەستی بارانەوەو
تا خۆرئاوا چاوەڕێ بووم
لەسەرمانا گەڕام ، ڕامکرد

بەدوای خۆری ئەودیو ... ورا گەڕام
پەنجەکانم گشت ڕچیبوون
بەڵام دڵم پڕ پشکۆ بوو .. ئەو ئاگردانەم نەبوایە
نەمدەتوانی بەناو تۆفو تاریکی‌یا ڕوو لە شاخی سەرسەختان کەم

* * *

هەستم کەوێکی زامداری شاخاوی‌یە لەبەر سەرمای ئەو شاخەدا
هەڵئەلەرزێ
جاربەجارێ سەر لە هەردی گەرمیان دەدات
جارجارێکیش سەر لە ماڵی گوندان دەدات
ئای پێی خۆشە ڕۆژێ دابێ بەسەر باخی گوڵاڵەدا بفڕێو بڕوات
لە پەرێزو لە خەرمانی سەپانێکی کۆڵنەدەردا
چینەبکاو هیلاکیی خۆی لەبیربکات .
هەستم کەوێکی زامدارەو
ئەو کچەی وا ڕۆژگارێ بوو ڕووی کردبۆ قیلەی هیوام
ئێستا پرچە نازدارەکەی لە ناو لەپیا پڕوکاوەو
بەدوای قۆڵما عەوداڵ بووە !
قۆڵێکم لێم جیابۆتەوە .. بەم دەستەکەم هەڵیدەگرم !
نیشتمانم وەك باڵندەی وێرانەماڵ بەسەر قۆڵما هەڵنیشتووە
مرۆڤ بێ‌قۆڵ نە دەتوانێ باوەشی خۆی بۆ ئازیزی بکاتەوە
نە دەشتوانێ لە سەردەمی سەرکەوتنا دەس‌هەڵبڕێ
قۆڵم لە خۆم نابێتەوە !
ئێستا قۆڵم کراسێکی سووری گەشی لەبەردایە

خوڕخوڕ ئەگری •• دەماریشی وا لە کوڵی پێکەنینا
هەرگیز قۆڵم لێم ون‌نابێو لەگەڵمایە •

* * *

دایکم بە دوو ، چاوی شین‌و کز کزەوە
بەم ڕۆژگارە بۆم ئەگری
ئیتر مەگرین •• با چاوانی بەو تینەوە کوێر نەبنەوە
ئیتر مەگرین ، دایکم دڵی ڕادەوەستێ
ئای دەردەدڵ چەندە سەختە !
ئیتر بەسە •• دەنگی شۆخە شیرینەکەم دەگاتە لام
دەنگی دۆست‌و ئازیزانم دەگاتە لام
شەو بوو ڕۆشتم •• بەرەبەیان کات ڕاوەستاو خۆر هەڵنەهات
نەگریام‌و لە گۆمی زامیان هەڵکێشام
دەوروبەرم وشك‌و برینگ
زەوی لانەی جاڵجاڵۆکەو مشك‌و مار بوو
ئەوانەی وا پاچ‌و بێڵیان نابۆ سەر شان
ملی ڕێیان گرتبۆبەر بۆ سەرچاوە
منیش لە گەڵ ئەوانەدا بەڕێوەبووم
ئەگەر باوەڕ بە من ناکەن ،
ئەو کاتەی وا لەت‌لەت کرام
خوێنم لە خوار گوندێکەوە داڕژایە چەمی وشکی نیشتمانم
ئەگەر باوەڕ بە خۆم ناکەن •• لەو گوندانە پرسیار کەن
لەوکاتەدا ، تاوێ باران بەسەر گیانی سوورما باری
ئەگەر باوەڕ بە خۆم ناکەن •• قۆڵم‌و گیانی دابێژراوم گەواهیمن

ئەگەر باوەڕ بە خۆم ناکەن .. وەرنە سەیوان
گۆڕی یەکەم ، گۆڕی دووەم ، گۆڕی سێیەم
گۆڕی یەکەم ، ئەوە هاوڕێی دەستە ڕاستمە
گۆڕی دووەم ، ئەوە چاومە ، چاوی ڕاستمە
گۆڕی سێیەم ، ئەوەش خۆمم
لە دوورەوە قۆڵم دیارە سەوز بووەو
وەك ئەرخەوانێکیترە بەو گردەوە
ئەوانەی وا پاچو بێڵیان هەڵگرتووە
ملی ڕێیان بۆ سەرچاوە هەڵـگرتووە
ئەوان دەڕۆن ،
لە سەردەمی ماندوێتیشدا منیان لەبیرناچێتەوە
جار جار دێنە سەر مەنزڵی ئەرخەوانی سووری قۆڵم
ئەوانە وا لەپاڵ شاخی سەرسەختانا
بنەوانێك بۆ ئەم وەرزە تینوو و وشکە هەڵدەبەستن .

بەغدا ـ کەرکووك

سەرەتای ساڵی ١٩٨١

دکتور ئیحسان گوڵەباخێکی ژاکاند

« فەریدون عەلی ئەمین »

لە ژمارە «٦٩»ی « ئاب »ی ساڵی « ١٩٧٨»ی گۆڤاری « روشنبیری نوێ »دا ، دکتور ئیحسان فواد بە سەرناوی « لەو گوڵەباخانەی هەرگیز ناژاکێن »ەوە ، شتێکی لەبارەی « حافیزی شیرازی »یەوە نووسیبوو ، چەند تاکە شیعرێکی یان بە هۆنراوە یان بە پەخشان کردبوون بە کوردی ، دواجار غەزەلێکی حافیزی هێنابوو بە هۆنراوە کردبووی بە کوردیو وەکو خۆی ئەڵێت « بە دەستکاری‌یەکی کەمەوە » ! پێشکەشی خوێندەوارانی خۆشەویستی کردبوو •

ئەوی راستی بێت دەمێکە ئەم چەند سەرنجەم بەرامبەر ئەو نووسینەی دکتور لە خەیاڵی خۆمدا گەڵاڵە کردوەو هەمیشە بۆ دەرفەتێك گەڕاوم کە بیانخەمە بەرچاو ، ئەوەبو لەمدوایی‌یەدا داوام لێ‌کرا شتێك بۆ گۆڤاری « نووسەری کورد » بنووسم ئەمەم هات بەدەستەوە ، بێ‌ئەوەی تێپەڕبوونی نزیکەی پێنج ساڵ بەسەر هەردو نووسینەکەدا ببێتە کۆسپێکی ئەوتۆ کە لەوەکەی خۆم ساردم بکاتەوە ، چونکە ئەمە وەك قەرزێك وایەو قەرزیش کۆن دەبێت بەڵام نافەوتێت •

دکتور ئەڵێت : « حافیز خۆی توانستی بێ‌وێنەی خەیاڵو رەوانی‌و

مەزنی شیعرەکانی دەرك پێ کردوە لە یەکێك لە غەزەلەکانیا ئەڵێ :

بشعر حافظ شیراز می‌گویندو می‌رقصند (١)
سیەچشمان کشمیری‌و ترکان سمرقندی (٢)

دوایی هەر دکتور خۆی لە لێکدانەوەو وەرگیراندنی ئەم شیعرەدا بە پەخشـان ئـەڵێت : « واتە : بـە هۆنراوەکانی حافیـز سـەمائەکەن‌و دەم‌بەدەم ئەی‌ڵێنەوە ، چاورەشەکانی شاری کشمیرو تورکەکانی شاری سەمەرقەند » •

ئەمرۆکە نەك لای ئەوانەی بەخۆیاندا رانەپەرموون شیعری فارسی وەرگێڕن نەخوازەڵا شیعری حافیز ، بەڵکو لای خەڵکی ئەدەب‌دۆستیش ئەوە شتێکی بێ‌چەندوچونە کە لە مەیدانی ئەدەبدا مەبەست لە ووشەی « ترك ، تورك » مەعشووقی جوان‌و نازدارە ، واتە « ترك » لە ئەدەبی فارسیدا « ئیدیۆم = کنایە (٣) »یـە •

ئەمە جگە لەوەی کە ووشەی « تورکەکان » وەکو میللەتێك عەتف ناکرێتە سەر « چاورەشەکان » کە جورە جوانی‌یەکی تەلیسماوی‌یە • کە باسیش هەر باسی جوانی‌یە • ئەگەر هیندی‌یەکانی کشمیری بووتایە ئـەو حەلە رێی‌تێ‌ئەچوو « تورکەکانی سەمەرقەند »مان عەتف بکردایە سەری• ئەگەر بەوجۆرەی دکتور شیعرەکە وەربگێڕین ، نەك هەر ئەژاکێت بەڵکو شاعیرەکەش بە ناشاعیرو بێ‌زەوق‌و بێ‌سەلیقەو درشت‌و گەمژە دێتـە بەرچاو کە ئەمە بۆ شاعیرێـکی وەکو حافـیز هـەزار جـار « حاشا »و « دوور لەو »ی گەرەکە •

لە فولکلوری کوردیشدا « تورك » بە مانای « جوان » هاتووە • بە بیرەوەری من‌و دکتور ـ ئەگەر سەرقاڵی ژیان بیری نەبردبێتەوە ـو

دوای ئیمەش بە ماوەیەك ئەم چەند شیعرە فولكلورەی خوارەوە زۆر باو بوو ، كە دایك كوڕی بەبەرەوەبوو هەڵی‌ئەپەرانو ئەیووت :

خوا بدا مرازم
حەوت كچی بۆ بخوازم
یەكێ بۆ نازو نووزی
یەكێ بۆ پاو پووزی
یەكێ بۆ تاســو لووســی
یەكی بۆ دەستلەملان
یەكێ بۆ بوخچەی جلان
یەكێ توركی تەماشــا
یەكێ دوختەری پاشــا

شەشەم كچی مرازی دایكی كوڕە خواستنی جوانێكی نازدارە بۆ كوڕەكەی كە وەك حیكایەت خوانی كۆن دەڵێن نە بــكاتو نە بخــوات تەماشای سای گەردنی بكات •

دوای ئەوەی دكتور ئەو تاكە شیعرە بەودەردو مەرەیە دەبات كــە بردی ، ئەڵێت : « لەمە جوانتر ئەم شیعرەیەتی :

« طی مكانو ببینو زمانو در ساوك شیعر
كین طفل یكشبەو یكسالە میرود »

جارێ دوای ووشەی « مكان » ئەو (و)ەی ناوێت ، هەروەها دوای ووشەی « زمان » ئەو (و) ەش پێویست نی‌یە • وشەی فارسیش لەبارەی ڕێنووسەوە هەروەك بە عەرەبی‌ئەنووسرێ ، لەبــەرئەوە (شــیعر) نی‌یە (شــعر) ە ، ووشــەی « كــین »یــش نی‌یــە « كــاین »ە ، دوو ووشــەی « یــكشبەو یــكسالە » یــش نابێــت « واو »ی عــەتفیــان لەنیواندا بێت ، چونكە ئەگەر وابێت ئەو مانایە دەرناچێت كە دكـتور نووسیوێتی• ئەمە جگە لەوەی ئەو « واو » ە بێتو نەبێت ئەو « عەجز » ە

بەوشێوەیەی دکتور نووسیویتی لەنگە ، دکتوریش کە سەردەمێک موحازەرەی لەبارەی عروزەوە لە « کۆلیجی ئاداب » ئەدا ، نەئەبوو ئەوەی وابەئاسانی بەسەردا تێپەڕبێت ، لە (دیوانی حافیز) چاپی « ئەمیری کبیر »دا ئەم تاکە وا نووسراوە :

طی مکان ببین‌و زمان در سلوك شعر
کاین طفل یکشبه ره صد ساله میرود (٤)

لەدواییدا با بێینە سەر ئەو غەزەلەی کە دکتور « بە دەستکاری‌یەکی کەمەوە » ! بە هۆنراوە پێشکەشی کردووە ، سەرەتاکەی ئەمەیە :

زلف آشفته‌و خوی کرده‌و خندان لب‌و مست
پیرهن چاك‌و غزلخوان‌و صراحی در دست » (٥)

دکتور لە وەرگێڕانیدا بە هۆنراوە ئەڵێت •

« زولف شیواو خواکردە : دوو لێوی مەست‌و تینو یار
سوراحی مەی لە دەستا نیوەشەو دەرکەوت بە لەنجەولار

دیارە ئێستا دکتور ئەڵێت : من ووتومە « بە دەستکاری‌یەکی کەمەوە » ! بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە بە ئارەزووی خۆی چاوی کامیرەی دیمەن وەرگرتن وەرگێڕێت‌و دیمەنی تازە دروست‌بکات کە لەگەڵ دیمەنی شیعرە وەرگێڕراوەکەدا خواشیان یەك‌نەبێت • دکتور ووشەی « خوی‌کردە » بە « خواکرد » تێ‌گەیشتووەو کردویتی بە عەتف بۆ سەر « شیواو » و هەردوکیانی ـ واتە شیواوو خواکرد ـ کردوە بە سیفەت بۆ زولف کە بەمە دیمەنی زولفێکی شیواوو سروشتی دێنێتە بەرچاوی خوێنەر • کەچی لەڕاستیدا « خوی‌کردە » هەر فرێ بەسەر ئەم وەرگێڕان‌و لێکدانەوەیەوە نی‌یە ، « خوی » (٦) کە بە « خەی » دەخوێنرێتەوە مانای « ئارەقە »یە ، « خوی‌کردە » ئەوکەسەیە کە ئارەقەی کردۆتەوە • حافیز تەنیا لە « صدر »ی ئەو شیعرەدا واتە لەو نیوە تاکەدا

دیمەنی یەکێك دێنێتە بەرچاو کە « زولفی شیواو »ە هەر ئەوکەسە « ئارەقی کردۆتەوە » (٧)و « بزە لای لێوی گرتووە »و « مەست »ە • من لێرەدا تەنیا هەر لەسەر ئەو « خوی کردە » یە ئەڕۆمو پێدائەگرمو ئەڵێم دکتور بێگومان بە « خواکرد »(٨)ی تێگەیشتووەو « بە دەستکاری یەکی کەمەوە » ! فریای هیچ پینەو پەرۆیەکی ناکەوێت • کە بەمە گوڵەباخی ئەو تاکە شیعرە سەرەتایە ئەژاکێتو لقە ناسکەکەی زەرد هەڵئەگەڕێتو وەك کیژۆلەیەکی لە سێدارەدراو بێناز ملئەنێت بەلاوە •

پەراوێزەکان :

(١) لە شوێنێکی تردا ئەم شیعرە واهاتووە ،

بشعر حافظ شیراز میرقصندو می‌نازند
سیه‌چشمان کشمیری‌و ترکان سمرقندی

« دیوان حافظ ، مؤسسه مطبوعاتی امیر کبیر » ل ٣١١ •

(٢) بۆ ئەو مەبەستەی دکتور ئەو شیعرەی بەنموونە بۆ هێناوەتەوە ئەم تاکەی خوارەوە بەهێزترە •

حسد چه میبری ای سست نظم بر حافظ
قبول خاطرو لطف سخن خدا دادست

(٣) دکتور معین ئەڵێت : « غولامو کەنیزەکانی تورك نەژادان جوانبوون ، بەومناسەبەتەوە تورك بەمانای یارو مەعشوقی جوانو نازدار رویشتووەو بەکارهێنراوە » • برهان قاطع ل ٤٨٧ پەراوێزی ژمارە (٧) •

(٤) سەرچاوەی ژمارە ٨ ل ١٦٧ •

(٥) هەمان دیوانی حافیز ل ٣٥ • دکتور لە تێکستە فارسی‌یەکەی لای خۆیدا دوای ووشەی « غزلخوان » ، (و) ی عەتفی دانەناوە کە ئەمە شیعرەکە لەنگ ئەکات •

(٦) فەرهەنگی « عمید » ل ٤٥١ •

(٧) ئارەقی دەرداوە ، ئارەق لە هانی‌یەی دەتکێ •

(٨) « خوأکرد » لە فارسیدا هەر « خداکرد »ە •

هەتا وەك ئاگری نێو کان لەناو یـــەك
ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان ، بە پووشەك

لە گوێی گا نووستوون بۆیە کە ڕێوی
لەسەر ئێوە وەها شـێرە وەکوو سـەگ

حاجی قادری کۆیی

ناظم حیکمەت

بۆ نووسیارانی ئاسیا ـ ئافریقا

شوکر مستەفا
لە تورکی‌یەوە وەری‌گێڕاوە

براکانـــم ،
مەڕواننە ئەوەی قژم زەردە ،
من ئاسیاییم .
مەڕواننە ئەوەی چاوم شینە ،
من ئافریقاییم .
دارو درەختەکانی ئەوێی من سێبەریان بۆ ژێر خۆیان نیە کوتومت وەك ئەوانی ئەوێی ئێوە .
لەوراکەی من نان لە دەمی شێردایە
سەرچاوە حەزیای لەسەر دەنوێ
پانپانکی لەسەرە .
پێ لە پەنجا نانرێ دەمرێندرێ لەوێ
کوتومت وەك ئەوانی ئەوێی ئێوە .
مەڕواننە ئەوەی قژم زەردە ،
من ئاسیاییم ،
مەڕواننە ئەوەی چاوم شینە ،
من ئافریقاییم .
لە سەتا هەشتای ئەوانی من نە خوێندنەوە دەزانن ،
نە نووســین .

شیعر دەماودەم دەگێڕدرێ ، بە گۆرانی دەگوترێ
شیعر دەتوانێ لەوێی من ئالآیپرۆزە بـکا
کوت‌ومت وەك ئەوانی ئەوێی ئێوە •

براکانـم !
دەبێ شیعرەکانمان بەگەڵ گاڕیوەڵە کەون
جووتیان پێ بکرێ
دەبێ بتوانن بچنە نێو زۆنگی مەرەزەوە
تا چۆکان •
دەبێ بتوانن هەموو پرسیارێ بکەن
دەبێ هەموو مەشخەڵێ بتوانن خڕکەنەوە
دەبێ بتوانن لە سەرەڕێیان بوەستن
دەبێ شیعرەکانمان وەك کێلەڕێی کیلۆمەتر خوێنەوەکان بن
کە دژمن نزیك‌کەوتنەوە بتوانن
بەر لە هەرچی بەدییان‌کەن
دەبێ بتوانن لەناو جەنگەڵستاندا لە تەمتەمان بدەن ،
ئەوەی لەم سەرزەوییە دیلە ،
تەنیا وڵاتە ،
تەنیا مرۆ •
تا گەواڵە هەورێکی بەئاتۆم بەئاسمانەوە بمێنێ
دەبێ شیعرەکانمان سەروەت‌و سامانیان ،
ئاوەزو بیریان ، ڕۆح‌و گیانیان ، هەرچی‌یان هەیەو نیە ،
بە ئازادیی گەورەی بدەن

١٩٦٢

ڕێبازگەی مەولەوی

سەرهەڵدانی هۆزانڤانی جیهانی سەرەتای وێژەی نوێی تورکی

« کەریم زەند »

لە نووسراوی « ئایینو باوەر لە کوردستاندا » لە بڕگەی پێنجەم لە بەشی دووەم لەو زنجیرە پەیدەرپەیەی پارسایىو باوەڕیاریو سۆفیزمی ، لە سەرەتای پەیدابوونیەوە بەپێشەوایی ئەلی ئەحمەد یوسف هەکاری لە دێرەش لە ئامیدی‌یەوە بەرەو میرستەك ـ سپیندار ـ ئارامگەی شیخی ئیسلام ، لە دێرەش ، لەناو دارستاندا بە شانێکەوە بە بیست خولکە لە گوندی رەژۆکەوە لەبن کەڤرۆز ، زنجیرەی رانگەڵە لە چیای گارە ، ئەم بەرێزە لە ٤٠٩ ی کۆچی هاتۆتە جیهانەوەو گۆشەنشینی دێرەش بووە ، لە چەرخو سەردەمی شێخ ئەلی‌یەوە ، مێژووی سۆفی‌گەری سەرهەڵ ئەدات لە کوردستاندا ، ئامۆژگارو فێرکاری شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە کە دامەزرینەری رێبازگەی قادری‌یە ، رێبازگەی مەولەویش لکی ئەم رێبازگەیەیە ، بە پێشەوایی مەولانا جەلالەدینی رۆمی کە زوربەی خاوەرناسان لەوباوەڕەدان کە هۆزانڤانی جیهانی‌یە وەکوو لە نووسینەکەی مامۆستا زامدار مەحموودا دەرکەوتووە ڕۆژنامەی پاشکۆی عیراق ژمارە ٤ ی ساڵی ١٩٨١ بە ناونیشانی لالانەوەیەك لە جیهانی مەولانادا ئەڵی :ـ

ئەم مرۆڤە سەوداسەرە لە ساڵی ١٢٠٧ ی ز لە شاری بەڵخ چاوی بە جیهان هەڵهێناوەو لای سۆفی مەزن فەریدەدینی عەتارو لای باوکی خوێندوویەتی ، هەروەها لای شاگردی باوکیشی بورهانەدینی تورمزی ، دوای ماوەیەك وازی لە زانست هێناو سۆفی گەریتی کرد بە پیشە • لە چاخ‌و سەردەمی داگیرکردنی بەڵخدا لە لایەن جەنگیز خانەوە ، لەتەك خانەوادەکەیدا بەرەو شاری کۆنیە چوون‌و لێی ماونەتەوە ، لە بورسەی تورکیا ئەو ڕێبازگەیەی گرتووە ، لەوماوەیەشدا دۆستایەتی لەتەك شەمسی تەورێزی پەیدا کردووە ، بەگوێرەی نووسراوەکەم ، شاگردی بووە ، بە شێوەیەکی وا پابەندی بووە ، دیوانەکەی خۆی بە ناوی ئەوەوە ناوناوە ، کۆچ‌و کوشتنی شەمسی تەورێزی (١٢٧٢) کارەساتێکی مەزن‌و دەردیسەری بۆ مەولانای ڕۆمی پەیدا کردووە ، لە ئەڤینی ئەو ڕێبازگەی مەولەوی دامەزراندووە ، ئەو کڵاوە تایبەتی‌یەی کە شەمس کردوویەتی‌یە سەری بووە بە دروشمی خۆی‌و دەرویشەکانی کە بە ئەنجومەنی گوێگران ناسراون ، هەفتەی جاری کۆڕو ئاهەنگی بەجۆش ئەبەسترا بە سەماو ژەنینی موسیقاو شمشاڵ‌و زیك‌و لاڵانەوەی دەروونی‌و گۆرانی‌یەوە ، تەنانەت خاوەرناسان پێیان‌وتوون سەماکەران ، کەچی خاوەرناسی ئینگلیزی ـ رید هاوس ، هەموویان بە سەماکەر دانانێت ، بەڵکو هەندێکیان بە مۆسیقاژەن‌و هەندێکیان بە گۆرانی‌بێژو جارجاریش بە تێکرایی هەموو بە سەماکەریان دادەنێت •

« ئەم ڕێبازگەیە لەتەك ڕێبازگەکانی‌تر لەلایەن میریی کەمالی‌یەوە قەدەغە کراوە ، نووسەرێکی گۆڤاری « ئەلموقتەتەف » لەمیسر وتوویەتی ئەم ڕێبازگەیە لە سەرهەڵدانی شۆرشی شێخ سەعیدی پیرانەوە بووەو لە ١٩٢٥ دا قەدەغەکراوە » بەڵام کۆماری تورکیای ئیستە ڕێگەی داوە بە دەرویشەکانی لە شاری کۆنیە ، شاری مێژوویی دوور ، لە سەربەستی

ئافرەت‌و مەی‌و مەیخانەو رابواردن‌و خۆشی ، پارێزراو ، ئاخاوتن تێدا قەدەغەکراو ، شاری هەڵپەرکی‌و سەمای کاری‌گەری دەرویشی چاوپۆش‌و کڵاوی کاسکی درێژی گومەزی هەڵچوو ، لەم شارە بۆ ماوەی ٤٨ سەعات هەموو ساڵێ یادی کۆچی مەولانای رۆمی بکەنەوە بەتایبەتی لەبەر گەشتیاران بەئاوازی تەپڵ‌و شمشاڵ‌و کەمان‌و قانوون‌و ئامیری‌تری موسیقاوە زۆر بەرێکی لەبەر رێزی مەزنەکەیان دەچەمێنەوەو کڕنووش ئەبەن لە بەرانبەرپاز ، هاواری یەزدان دەکەن بە زمانی دەروونی‌و لاڵانەوە ، خولدەخۆن بە بزووتنەوەیەکی رێك‌و هاواری گشتی‌و رێ‌نەدان بە هیچ شتی جگە لە بێ‌دەنگی‌و کش‌و ماتی‌و خامۆشی ، بۆچرووکی هەناسە‌و بۆکرووزی پۆنگی خواردۆتەوە لە گەرووەوە بۆ ناو دەم‌و دەرەوە ؛ هەڵاوو هەڵمی پەستیوراوی وەك ستوونی دووکەڵ بەرزئەبێتەوە بەرەو ئاسمان ، ئارماییان وەك تەشی خولدەخوات‌و کارگێرانیان ماوەی کەس نادەن بدوێ ، بە هەڵبەستی بوێژی پارسا مەولانای رۆمی دەست پێ‌ئەکات بە زمانی عەربی‌و تورکی بەدوای مۆسیقای کلاسیکی‌دا کە حەوت‌سەد ساڵ پترە هیچ گورانێکی بەسەردا نەهاتووە ، ئاوازی بەسۆز وەك ریزی نوێژ دەرویشەکان جێی خۆیان دەگرت وەکوو لە جیهانێکی‌تردا بن ، چاوی کڵاپۆش باڵا بەرزەکانیانی داپۆشیوە ، ریش وەك پەیکەری تاشراوو هەڵکەنراو ، سەریان کاسك‌و کڵاوی قوت‌و درێژو هەڵچووی گوومەزی بزووتنەوەی گشتی‌و رێك ، هاواری یەزدان بەتێکرایی ، بەتەزبیحەوە ، خامۆشی‌و کپی‌و نەدوویی‌و نە بێزاری پیشاندان‌و نە چەپڵە ، تا ماندوودەبن ، هەناسەی قوول هەڵدەکێشن ، دەست بەرزئەکەنەوە بۆ ئاسمان بۆ وەرگرتنی فەڕو پیتی خوداوەندی مەزن بۆئەوەی بە دیاری پێش‌کەشی جیهانی بکەنەوە ، دووبارە جوێ دەبنەوە بۆ گرتنی کۆڕێکی‌تر وەکوو مێژوو لە

بەرچاویاندا سوورو خول بخوات‌و بزوێت ، بەجۆشەوە ئەدوێن‌و راڤەی رێبازی خۆیان دەکەن وەك کانی‌یەکی مەنگی بێ‌بن ، بریسکەی فوسفۆڕ لە چاویاندا گەش‌و پرشنگ‌دارەو لە بێ‌دەنگی‌دا ئاگاهی وتەی رابوردوو ئەگەیەنن‌و بەسەرهات‌و سەرگوزشتەی مێژوو دەگیرنەوە لە بەرهەمەکانی مەولەوی‌دا لە دیوانی شەمسی تەورێزی‌و مەسنەوی‌دا بە شەش بڕگەو کێشی رەمل ، ئەگەرچی مەسنەوی کێشی دوودووە ، نووسراوێکی ئاینی پیرۆزە ، هەلبەستەکانی فارسی‌یە ، پەی‌پێ‌بردنی رازەکانی ، گەیشتن بە یەزدانی پاك‌و جاویدە ، گەیشتن بەراستی‌یە .

(بەشێکی زۆری ژیاننامەی‌و لەتەك هەلبەستەکانی‌دا ، وەرگیراوە بۆ سەر زمانی چەرمەنی‌و ئینگلیزی‌و فەرەنسی‌و عەرەبی‌و کوردی کە بە لاتینی کراوە ـ زامدار ـ هەمان سەرچاوە) .

لە گۆڤاری بەیان ژمارە ٧٩ ساڵی ١٩٨٢ لاپەرە ٥٥ی بە ناونیشانی « بەشێك لە وێژەی هاوچەرخ‌و نوێی تورکی لە وەرگێران‌و ئامادەکردنی مامۆستا سەلام ئەحمەد ـ ئەڵی ـ بە هاتنی هوزانڤانی فارسی جەلالەدین رۆمی لە ئیرانەوە بۆ تورکیا لە دەوروبەری سەدەی حەوتەمی کۆچی‌و نیشتەجێ بوونی لە شاری کۆنیە لە ئەنەدۆڵ ، هەڵبەستی تورکی چووزەرە دەکات‌و سەر هەڵئەدات . ئەوسا باوی زمانی فارسی بووە لەبەر ڕەشە خەڵکەکە کە لەتورکی بەولاوە زمانی‌تریان نەزانیوە، بەناچاری جەلالەدینی رۆمی بە زمانی تورکی هەڵبەستی داناوە کە بە سەرەتای هەڵبەستی تورکی دادەنرێت بە بابەتی سوفیزمی‌و تێکەڵ بە رۆشنبیری فارسی وەك ئەم نموونەیە :

ئەگەر وەك برایەکی میهرەبان بوایە بۆت
یا نەخۆ مامۆستایەکی دڵرەق بوایە بۆت

هەر ئەو ڕێنومایی دووری ئەکردی
مشتت بۆ شوانەکە توند بگرەوە
گورگەکان وا بەرامبەرت وەستاون
گویم لێ بگرە ، گویم لێ بگرە ئەی بەرخۆلە ڕەشتاڵەکەم

دوای کۆچی جەلالەدینی ڕۆمی ، سوڵتان وەلەدی کوری ئەبێت بە جێنشینی ئەویش ڕازەگوزاری پێش‌خستنی هەڵبەستی تورکی کردووە بەو نیازە کە دەرویش لە خۆی گردبکاتەوەو عاشق پاشاش بەم ڕێو شوێنەدا ئەڕوات وەکوو گوڵشەهری لە دەوروبەری ساڵانی ١٣١٧ چەند نووسراوێك لەسەر سۆفی گەری لە فارسی یەوە وەردەگێڕێت بۆ سەر زمانی تورکی لەوانە ژیربیژی باڵندەی فەریدەدینی عەتار هەڵبەستەکانی ئەحمەدی ، خاوەنی ئەسکەندەرنامەو سلیمان چەلەبی ، خاوەنی مەولودنامەی پێغەمبەر (د) ، بەری بۆ فراوان دەبێت لە پەل‌هاویشتنی میری‌دا •

چاوگ

١ ـ نووسراوی ئایین‌وباوەر ـ زەند ، کەریم •

٢ ـ ڕۆژنامەی پاشکۆی عیراق ژمارە ٤١ ساڵی ١٩٨١ •

٣ ـ گۆڤاری بەیان ژمارە ٧٩ ساڵی ١٩٨٢ ل ٥٥ •

قـەلەڕەش

شیعری : ئێدگار ئالان پۆ
وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە :
شێرزاد حەسەن

نیوەشەوێکیان ••
نیوەشەوێکی زۆر ماتەمین ••
شل‌و شەکەت‌و بێزار ڕادەمام
خەیاڵێ دەیهێنام‌و •• خەیاڵێ دەیبردمەوە
هەر بەدەم ئـەو خەیاڵەوە ••
لە حیکمەتی دێرین‌و لەیادچووی کتێبێك ••
وردەبوومەوە
بەدەم خەوەوەش وەنەوزمدەدا •• بەم‌لاو بەولادا دەکەوتم
دەنگێکی نزم ••
کوت‌وپڕ هاتە بەرگوێم‌و بێداربوومەوە
وەك کەسێ هێواش لە دەرگا بدا
بەئاستەم لە دەرگای ژوورەکەم بدا
چرپاندم •• وتـم :
« میوانەو لە دەرگای ژوورەکەم دەدا ••
ئەوەو هیچی‌تر نەهات بەدوایدا • »

★ ★ ★

ئاه •• جوان دێتەوە یادم ••• وەك ئێستا
له مانگی (بەفرانبار)ی (١) ساردو تەزیوی پڕ ڕەشەبا
هەر پشکۆیەکی تەنیاو مردوو
سێبەری مەرگی •• لەسەر زەوی جێ‌هێشتبوو
پڕبەدڵیش خۆزگەم دەخواست ••
چاوەڕوانی بەیانی بووم

بێهوودە بـوو
بۆ کۆتایی خەمو مەینەتیم لەنێو کتێبەکانا ونده‌بووم
خەمو مەینەتی بۆ (لینۆر)ی لەدەستچووم
بۆ ئەو شۆخە بێهاوتایەو ••
ورشەبارەی ••
فریشتەکان بە ناوی ـ لینۆر •• لینۆر ـ بانگیاندەکرد
کەچی ئیتر بۆ هەتاهەتایـــــە
ئا لێرەدا نـاوی نایـــــە ••!

★ ★ ★

ورشەی پەردەی ئاوریشمینی ڕەنگ ئەرخەوان
دەڕژێ لەگەڵیا چپەی خەمو دەردو گومان
موچڕکە ئەخاتە سەراپای گیان
ترسێکی ئەفسووناوی سەیر دامدەگرێ
ترسێك •• لەمەوبەر قەت نەمدیبێ
هەر لەتاو تینی ئەو ترسە ••
هەڵدەستمەوە سەرپێ

بە خۆم دەڵێم •• دەیڵێمەوە

---

(١) بەفرانبار : کانوونی یەکەم •

تا کوتەکوتی دڵم بوەستێو •• ئارام‌بێتەوە :
« میوانێکەو دەرگای ژوورەکەی لێ گرتووم ••
دەپاڕێتـــەوە ••
میوانێکی درەنگ‌وەختەو لە بەرقاپیی ژوورەکەما •••
وا بەدڵ دەکڕووزێتەوە
هەر ئەوەیەو •••••• دەبڕێتەوە • »

★ ★ ★

دەرحاڵ ڕۆحم گەشەی کردو •• پرزەو هێزم هاتەوە بەر
نەوەستامو بێدوودڵی •• دەنگم هەڵبڕی ••
پێم‌وت : « بەگم •• یان •• هۆ خانمەکەم ••
لە دڵمەوە داوای لێبوردن دەکەم
من تازە چاوم دەچووە خەو ••
کە تۆ لە دەرگات دەدا ••
بەئاســتەم
هێواش هێواش لە دەرگات دەدا ••
دەرگای ژوورەکەم
بێ‌ئەوەی پڕبەگوێ هەستی پێبکەم ••
دەرگام بۆ خستیتە سەرپشت
کە ڕوانــیم جــگە لە تاریــکی ••
هیچ شتێکی دیکەم نەدی ••!

★ ★ ★

زۆر لەوێ وەستام •• بە هەردوو چاو لە قووڵایی تاریکی ڕادەمام
سرڕو سەرسام •• دەلەرزیمو دەترسام
بەدگومانو شڵەژاو ••

ئەو خەونانەم دەهاتنەوە بەرچاو
بەر لە من •• ڕوحلەبەرێ نەیدیبن
بەڵام شتێ بێدەنگی ئەو ناوەی نەدەشکاند
چرپەك خامۆشی نەدەزڕاند
تەنها وشەیەك بە دەنگی چپەدوو ••
چرپەی ناوی – لینۆر – بوو
« لینـۆر ؟ »
منیش چرپاندم •• چپەی ناوی هاتەوە بەرگوێم
« لینـۆر ! »
هەر تەنها ئەوەو هیچی‌تر !

★ ★ ★

گیانم دەسووتا •• گڕ لە دەروونم هەڵدەستا
بۆ نێو پێخەف گەڕامەوە ••
دیسانەوە •• توندتر لە دەرگای دایەوە
وتم : « بێشك •• شتێ هاتووەتە سەر پەنجەرەکەم
کەواتە با بزانم •• ئەم نهێنی‌یە بدرکێنم
تا دڵم بسرەوێ ••• با ئەم تەلیسمە بشکێنم —
بەڵام جگە لە ڕەشەبا ••
من هیچی‌دیکە نابینم ! »

★ ★ ★

توند پەنجەرەکەم کردەوە ••
قەلەڕەشێك •• تیژ باڵی لێکداو بە فڕەفڕ هاتە ژوورەوە
قەلەڕەشێکی بەهەواو فیزو مەزن ••
شیاوی ڕۆژانێکی دێرین‌و پیرۆزی جەژن

بێ ڕازو سلاو •• بێ نووشتانەوە ••
بێ وەستانو لێکدانەوە ••
بە هەواو فیزی لۆرتێکەوە •• بە نازو نووزی خاتوونێکەوە
هاتو لەسەرووی دەرگا ••
هەڵنیشتو باڵی لێك نا
لەبان پەیکەری « پالاس »(١)ی سەر تاقی دەرگا
لەوێ قوتومت هەڵتووتا
هەر ئەوەو هیچی تر •• نەمدی پتر •• !

★ ★ ★

ئەوسا باڵندەی ڕەنگ ئەبەنووسی •• دڵی دامەوە
خەونو خەیاڵی پڕ لە خەمی •••••• ڕەواندمەوە
لەسەر لێوانما زەردەخەنەی چاند ••
گەرچی لەناو ڕەنگی ڕەشو ناشیرینی پرسەداران ••
خۆی دەنواند
پێموت : « ئەگەرچی تۆ بێ پۆپنەش بیت ••
بەلام خۆ هەرگیز ترسنۆك نیت
ئەی قەلەڕەشی ئەرژەنگو پیرو دڕو خێوئاسا ••
ئەی پەراگەندەو تەریوی کەنارانی تاریکی دەریا
پێم بڵێ : بە چ ناوێکی لۆردانەو مەزن
لەوێ •• لە تاریکی شەوی دۆزەخییا ناوت دەهێنن ؟ »
دەرحاڵ قەلەڕەشی بۆر ••
وەلامی دامەوە : « نێڤەرمۆر ! »

★ ★ ★

(١) پالاس : لای یۆنانیەکان خوای (ژیری ـ حیکمەت) بووە•

سەرسوڕما •• چۆن وا شیرین مەلێکی ئاوا ناشیرین گوێم لێ دەگرێ
گەرچی وەڵامەکەیشی دوورەماناو •• کەم پێوەندی بێ
بەر لە من •• هیچ ڕوحلەبەرێ نەیدیبێ
پەلەوەرێ بەهاتنی پیرۆزی کاو ••
لەسەر تاقی دەرگاکەیا هەڵبتووتێ
باڵندە •• یان گیانلەبەرێکی نەگریس بێ ••
بێو•• لەسەر پەیکەری دەرگا هەڵبنیشێ
ناوی چی بێ ••• « نێڤەرمۆر » بێ !

★ ★ ★

بەڵام قەلەڕەشی تەنیا •• لەسەر پەیکەری بێدەنگی کە هەڵنیشت ••
هەر تەنها ئەم وشەیەم لێ بیست ••
هەر وەك بڵێی ئەم وشەیە هەموو ڕۆحی هەڵمژیبێت
بۆ تەنها جارێکیتر نەیقیژاند •• تەنها پەڕێکی نەبزواند
تا من بە چرپە وتم : « بەر لەو زۆر هاوڕێی ترم هاتن و ڕابووردن ••
بەیانی ئەویش جێم دێڵێ
وەك هەموو هیواکانم •• دوور فڕین و تێکڕا مردن
دەرحاڵ قەلەڕەش وەڵامی دایەوە :
« هەرچی چوو ••• نەگەڕایەوە ! »
لەو خامۆشی یە دەترسام •••
کە زەنگی وەڵامێکی ئاوا بەجێ بیزڕێنێ
بە خۆم وت :
« لەوە بێشکم •• ئەوەی قەلەڕەش کردی و •• وتی •••
تاکە سەرمایەو دوا گەنجینەی بیری خۆیەتی
کە دەشێ ••• پیاوێکی سیاچارەو نیگەران فێری کردبێ

پیاوێ •• چارەنووسی ڕەشی خۆی •• لێرەو لەوێ •••
بێبەزەییانە •• خێراو •• خێراتر ڕەدووی کەوتبێ
تا وای لێ کردبێ •• گۆرانیەکانی بە ئیقاعو نەزمو پێ ••
لەسەر یەك ئاوازی خەم بڕژێنە بەرگوێ
بالۆرەی شینو ماتەمینی هیواکانیشی ••
هەر هەمان نەغمەی خەمو ژانیان هەڵگرتبێ ••
ئەو تەنها نەغمە بۆن گرتووەی گۆڕ
نەغمەی غەمگینی « نێقە •• نێقەرمۆر ! »

* * *

قەلەڕەش دیسانەوە •••
خەیاڵی پڕپەژارەی لێ سەندمەوە •• بزەو خەندەی دەدامەوە
دەرحاڵ کورسی‌یەکم هێنا •• بەرامبەری قەلەڕەش •• پەیکەرو دەرگا ••
بێدەنگ قاچم لێ ڕاکێشا ••
پاشان •• لەسەر مەخمەری کورسی نەرمو نیان ••
خەیاڵم بەدەم خەیاڵێکەوە گرێ‌دەدان
ئاخۆ مەلی پیرو بەدفەساڵو خەمهێنی شووم
مەلی وا ناشیرینو پەڕپووتو خێوئاسای بەدیووم
ئاخۆ مەبەستی چی بوو قەلەبۆر ••
کە بۆی قڕانم : « نێقەرمۆر

* * *

متقم نەکردو لێی دانیشتم ••
کەوتمە مەزەندەو تەخمینو خەیاڵ ••
چی گەرەکە با بزانم
گڕو بڵێسەی چاوەکانی ناخو ڕۆحی دەسووتاندم

وردبوومەوە تا تێی بگەم •• پێشبینی نەگبەتێ بکەم
سەرمخستبووە سەر بالیفی بەرگ نەرمی مەخمەری
کە بارانی پرشنگی چرا جوان بەسەریا دەباری ••
وەلێ مەخمەری وەنەوشەیی ژێر شەوقی چرا ••
ئاخو سەد داخ چیی لێ ناکا •• !

★ ★ ★

دوایی لای خۆم وام هەست دەکرد ••
بخوری نێو بخوردانێکی بزر •• بۆنی هەوای خۆشتر دەکرد
فریشتەیەکی نزیکی خواوەندیش •• بخوردانەکە دەباو دەهێنێ ••
فریشتەیەك بنی هەردوو پێیەکانی لە سنگی زەوی •• بخشینێ
دەیسووڕێنێ !

هاوارمکرد :
« تۆ ئەی بەدبەختو چارەڕەش ••
سەیرکە خوا چیی بۆ کردی •• بە فریشتەکانیا چیی بۆ ناردی :
حەوانەوەو سێبووریی دەردی تەنیایی ••
شەرابی خەمڕەوێنو دڵنەوایی ••
بادەی ئازاربەری یادی لینۆرو جودایی
هەڵیدەو •••
بە یەکبین ئەم شەرابە نۆشکە
خەمی کۆچی لینۆری جوان فەرامۆشکە
دەرحاڵ قەلەڕەش وەڵامی دایەوە :

« هەرچی ڕۆیشت •• نایەتەوە ! »

★ ★ ★

پێم‌وت : « ئەی پێغەمبەر •• هێ ڕۆحی شەڕ ••
تۆ کامیانیت ؟
گەرچی تۆ پێغەمبەریش بیت •• یان شەیتان‌و •• یا پەلەوەر بیت
گەر ڕەشەبایەك بۆ ئێرەی ناردی ••
یا ئەهریمەنێ دەری کردی
کە لێرە وا تەنیاو پەستی •• گەرچی ئازاو سەرسەختی
لێرە لەم بیابانە •• کە پڕ سیحرەو پڕ ئەفسانە
لێرە •• لە ماڵی وا پڕ سام‌و ترسم •• تکادەکەم ••
لێت‌دەپرسم :
ئاخۆ لای (یەهوزا) ش هیچ مەرهەمێ چنگ‌دەکەوێ
ژان‌و ئازارم لابەرێ ؟
قەلەڕەشی بەهەواو فیز
دەرحاڵ وتی : « هەرگیزاو هەرگیز »

★ ★ ★

پێم‌وتەوە : هۆ پێغەمبەر •• یان ڕۆحی شەڕ ••
تۆ کامیانیت ؟
گەر تۆی پێغەمبەر •• یان شەیتانیت •• یا پەلەوەر
سوێندت‌دەدەم •• تو ئەو ئاسمانەی ژوور سەرمان
تو ئەو خوایەی کە سەروەرە بۆ هەردوومان
بەم ڕۆحە خەمبارەم بڵێ •• کە لەژێر باری خەم‌و ژاندا دەنرکێنێ
ئاخۆ لەگەڵ ئەو شۆخە چاکە •• ئەو کچە پیرۆزو پاکە
دەگەینەوە دەست‌لەملانێ ؟
دەپێم‌بڵێ : ئاخۆ لەوێ •• لە بەهەشتی دووری (عەدن) ••
کە پەری‌یەکان ئەو جوانەم بە ناوی ـ لینۆر ـ بانگ‌دەکەن

ئاخۆ تێر دەیگرمە باوەش •• ئەو شۆخی وا درەخشانو گەش ؟
کەچی قەلەڕەشی بەهەواو فیز
بۆی قڕانم « هەرگیزاو هەرگیز »

★ ★ ★

کە کوتوپڕ زریکاندم « گەر پەلەوەریت یان ئەهریمەن ••
با ئەوەیان دوا وشەی جودایی بێ •• دوا دەنگیماڵئاوایی بێ •
بگەڕێوە نێو زریانو باوو بۆران •• نێو شەوی دوزەخیو ••
تاریکی کەناران
هیچ پەڕی ڕەشی تۆم ناوێ •• بە جێیبێڵی
وەك یادێکی ئەو درۆیەی کە لێرە ڕۆحت درکاندی
بەجێمبێڵەو •• بێدەنگیم لێ مەشڵەقینە ••
دەی دەنووکت لەو گۆشتەی دڵم دەربێنە ••
بەسە •• ئەم بەردەرگایەم لێ مەگرە ••
ئەم پەیکەرە بەجێبێڵەو بۆ خۆت بفڕە
قەلەڕەشی بەهەواو فیز
دەرحاڵ وتی : « هەرگیزاو هەرگیز »

★ ★ ★

هەر لەوساوە قەلەڕەش ••
لەبان پەیکەری (پالاس)ی زەردباوی سەر دەرگاکەم ••
هەڵنیشتووە
هەر لەوێیە ••
قەت نابزێو متو بێدەنگ دانیشتووە
خۆ چاویشی لە چاوی شەیتانێك دەچێ ••

شەیتانێ خەون بینێ !

کە قەلەڕەش ••
تیشکی چرای بەر دەکەوێ ••
سێبەرەکەی بەو ناوەدا دەڕژێو دەکشێ
ڕۆحی منیش قەت لە بازنەی ئەم سێبەرە نابێتەوە ••
هەرگیزاو هەرگیز هەڵنافڕێو بۆم بێتەوە !

سەرنج :

(نێفەرمۆر ـ Nevermore) وشەیەکە لە کۆتایی زۆربەی کۆپلەکاندا دووبارە دەبێتەوە •• بە کوردیش واتاکەی (هەرگیزاو هەرگیز) دەگەیەنێ یاخود بە واتایەکی دیکە (ئەوەی چوو ••• ناگەڕێتەوە) •• بەلام خۆی وەك ماناو دەنگ (ئێدگار) بایەخێکی تەواوی بەم وشەیە داوە •• بۆیە زۆر لە وەرگێڕە عەرەبو بێگانەکان لەو باوەڕەدان وشەکە وەك خۆی بە ئینگلیزی بنووسرێتەوە •• هەندێکی تریش ڕایان وایە کە وەك واتای خۆی وەربگێڕدرێتە سەر زمانەکەی دیکە •• بەلام من ـ بەگشتی ـ لە وەرگێڕانی ئەم شیعرەدا تا سنوورو خواستی شیعر سەربەستیم بە خۆم داوە • ئەوەشمان لەبیرنەچێ (پۆ) پێی دەوترێ شاعیری قەلەڕەش !

« ڕەش‌پۆشێکی جیهانی چوارەم ! »

مستەفا ساڵح کەریم

خۆرەتاو سەرزەمینەکەی داخ‌کردبوو ، گەرماو • چاوەڕوانی‌و پاڵەپەستۆ ، بێزاری‌یان لە ناوچەوان‌و ڕووی خەڵکێکی زۆری ناو گەراجە گەورەکەدا نەخشاندبوو ، تۆش ئەوکاتەدا خۆت بەناو خەڵکەکەدا کرد، جانتاکەت لەلایەکەوە داناو بەدیاریەوە وەستای ، ئەوەی باش‌بوو لەکۆڵ پاڵ‌پێوەنانی بلیت کەوتبووی ، چونکە لەوەپێش وەرت‌گرتبوو ، وەك بۆ ناسیاوێك بگەڕێی چاوەکانت بەناو عەشاماتەکەدا ئەگێڕا ، لەم‌لاتەوە کۆمەڵە کچێك بە بلیتەکانی دەستیانەوە لە شوێنەکەی تۆ نزیك‌ئەبوونەوە ، بەدەم قسەکردنەوە ئەتریقانەوە •

ئۆتومۆبیلێك خۆی بە گۆڕەپانی گەراجە گەورەکەدا کردو لە شەقامە باریکەکەی بەردەمتا خێزانێکی هەڵرشت • ئەوناوە هەموو لە بزوتنەوەو بەیەکاهاتن‌و ژاوەژاوا بوون ، بەڵام تۆ گێژو وڕ بووی ! هەستت بە سڕبوونی ئەندامەکانی لەشت ئەکرد ، باڵا وردیلەکەت ، کراسە ڕەشەکەت کە ناوقەدتی هێنابووەوەیەك ، قژەڕەش‌و خاوەکەت کە هەموو لامل‌و ناوشانتی داپۆشیوو ، چاوە گەشە خەمبارەکانت ، لێوە هەڵبزرکاوەکانت ، ئەمانە هەموویان سەرنج ڕاکێش بوون ، بەڵام تۆ لە جیهانێکی‌وادا ئەژیای ئاگاداری‌ئەوە نەبووی کە ئاخۆ کەس سەیرت‌ئەکا یان نا ؟

« جاران ناسك پێی ئەوتم ئەڵێی ئەم خەڵکە لەئاستی منا کوێرایی‌یان داهاتوە ، هەموو هەر چاو ئەبڕنە تۆ »

ئەو خێزانەی تاوێ لەوەوپێش گەیشتن منالێکیان پێ‌بوو ، دایك‌و باوکی زۆر بەدەوروپشتیا ئەهاتن ، باوکە ساردی بۆ ئەهێناو دایکەش خێرا خێرا دەستی بەسەرو قژیا ئەهێنا « کە لە تەمەنی ئەو منالەدا بووم دایکم گەلێ‌جار بەر چەپۆکی ئەدامو ئەیوت : سەرت شین کەی دوور لە سەری تاقە کوڕەکەم ، تۆ سەرەخۆرەی ، چلەت نەچوبوو کە تەرمی باوکە جوانەمەرگەکەتیان بە کوژراوی هێنایە بەردەستمان » •

ئەم ووشانەی دایکت بەدرێژایی ژیانت لەگوێتا ئەزرنگایەوە ، لەناختا هێلانەیان کردبوو ، جارەها بەتەنیا ئەتدایە پرمەی گریان‌و بەزەییت بەخۆتا ئەهاتەوە ، لە دڵی خۆشتا ئەتوت « بۆ ئەبێ ئەو کارەساتە گەورەیە دەستی منی تێدا بووبێ ؟ منێك کە بە دەسرازەیەك لەناو لانکەدا شەتەك درابم چ دەستەڵاتێکم بوە تا سەرەخۆرە بم ! »

جارجارەش لای خۆتەوە پاکانەت بۆ دایکت ئەکردو ئەتوت « ناحەقی نی‌یە ، ئەرکی ژیان زۆر گرانە ، بێوەژن‌کۆشیش کارێکی ستەمە ، ناچارە داخی دڵی خۆی بە ئێمە بڕێژی ••• بەتایبەتی منی پاشەبەرە » •

ئەم راستی‌یە کە لەناختا لەگەڵ چەپۆك‌و ووشەکانی دایکتا لەکێشەدا بوون کارێکی گەورەی کردبوە سەر دڵ‌و دەروونت بەتایبەتی لە قۆناغی خوێندنتا کە بۆت دەرکەوت بێ‌باوکی چەند رووداوێکی تاڵە ، بۆیە زۆر جار ئاواتت ئەخواست کە تۆش وەك ئەو خەڵکە لەپاڵ دوو خوشکەکەت‌و تاقە براکەتا لەژێر سێبەری باوکتا گەورە ببوونایە « چی‌ئەبوو ئەگەر دایکم ئاوا لە تافی جوانیا بێوەژن نەکەوتایە » •

تیشکی خـۆر لـە چاوەکانـتی دا ، لـە جانتـا بچکۆلەکەتـا چاویلکەکەت دەرهێناو کردتە چاوت ، سەیرت‌کرد خەڵکەکە بەرەبەرە ڕووەو ناو پاسەکە تەکان‌ئەدەن ، تۆش سەرکەوتی ، پاس بەڕێ‌کەوت ، لەگەڵ خولانەوەی پێچکەکانیا بیرەوەری‌یەکانی تۆش وەك شارە میروولە وروژابوون ، بۆ ساتێ پەردەی پەنجەرەکەت لاداو سەیری ئەملاو لای شەقامی شارە جەنجاڵەکەت ئـەکرد « ۲۵ سـاڵم لەم شـارەدا بەسەربرد ، بە هەموو ناخۆشی‌و خۆشی‌یەکیەوە ، بە تاڵی‌و شیرینی‌یەوە ، بە ڕۆژانی دەست‌کورتی‌و هەژاری‌و نەدارایی‌و تێرو تەسەلی‌یەوە ، بە سەردەمێکی بێ‌ئاگایی‌و زەمانێکی وشیاری‌یەوە ، بە دڵ‌ڕەقی‌و دڵ‌ڕەنجاندنی ئـەمو ئەوو بە ڕۆژانێکی پڕ لە خۆشەویستی‌یەوە .. وا ئێستاش بە دڵشکاوی‌و کۆڵێ خەم‌و خەفەتەوە ئەو هەمو یادگارانە لە بوخچەیەکی گرێ‌دراوی خەماوی‌یا لێرە بەجێ‌ئەهێڵم‌و ئەیاندەم بەدەم ڕووباری دیجلەوە .. تازە ئیتر من‌و ئەم شارەیان نەوتوە .. مردنیش بێ ئەویم باشترە » .

ناوپاسەکە لە کەشتیی نووح ئەچوو کە هەموو جۆرە خەڵکێـکی تیابوو ، زوربەیان دوودوو سەریان بەیەکەوە نابوو قسەیان لەگەڵ یەکا ئەکرد ، بەتەنیا تۆ لە گەرداوێکی گەورەدا گیرت‌خواردبوو ، یـەك دووجاریـش ئـەفەندی‌یـە درێـژەکەی تـەنیشتت ویسـتی بتهێنێتـە دوو ، بـەڵام بێ‌سـوود بـوو . دەستت‌دایـە گۆڤارێـك خـۆتی پێـوە خەریك‌کەی ، لە هەڵدانەوەی پەڕەکانیا وێنەیەك سەرنجی ڕاکێشای ، تەزوویەك بەدڵتا هات ، وێنەی خێزانێـك لەسەر خوانـی نان‌خـواردن کرابوو بە سەرپەڕەی چیرۆکێك « خێزانی ئێمە سەرپەڕەی چیرۆکێکی پڕناسۆر بوو ، هەورازێکی سەختی لەم ژیانە دژوارەدا بە کڵۆڵی بڕی ، دایکم قوربانی بە خۆی داو لە هەڕەتی جوانییا دەستی بەسەرا گرتین ،

خوشکەکانم بەرودوا وازیان لە خوێندن هێناو چوونە سەر کار تا بتوانین بە سەربەرزی بژین‌و تانەو تەشەری ئەم‌و ئەو نەهێنینە سەر خۆمان »

* * *

پەڕەیەکی‌ترت لە گۆڤـارەکە هەڵدایەوە وێنـەی زاواو بووکێـکی تیابوو ، وەك یادگارێکی خۆش ئەورۆژەت بییرکەوتەوە کە خوشکـە گەورەکەت شووی‌کرد ، تۆ هێشتا لە قۆناغی خوێندنی ناوەندیدا بووی ، لەلایەك دڵخۆش‌بووی ، لە لایەکی‌تریشمەوە بییرت لەوە ئەکردەوە کـە لێتان دوورئەکەوێتەوە « دوورکەوتنەوەو لێك‌دابـڕان بـۆ کاری خۆش شتێکی سـتەم نی‌یـە • گەیشتمـە یەکـەم پلـەی زانسـتگا خوشـکە ناونجی‌یەکەشم شووی‌کرد • ماینەوە من‌و سیروانی برام‌و دایکم ، ئێمەش خوێندنمان تەواوکرد • دووساڵ پێش دەرچوونی من سیروان دامەزرا ، دایکم زۆر بەختیار بوو کەوا دوو کچی حەساونەتەوەو ، تاقە کوڕەکەشی لە خەم رەخساوە • ئاواتی ئەوەبوو ئەویش ژن‌بهێنێ ••• بەڵام ئەوەندەی هەستم پێ‌کردبێ مـن لـەلای شتـێکی گرنـگ نـەبووم ، وەك گرێی سەرەخۆری‌یەکەم هێشتا هەر لە دەروونیا پەنگی خواردبێتەوە وابوو » •

— ئەوە خوشکێ چی ئەخوێنیتەوە ؟

دەنگی کابرا درێژەکەی تەنیشتت بەئاگای هێنایتەوە •

— ئەم چیرۆکە ئەخوێنمەوە •

بە بێ‌ئاگایی گۆڤارەکەت پێچایەوە تا هەست بە شپرزەییت نەکا ، چونکە تۆ لەودەمەدا لە چیرۆکەکەدا نەبووی ، سەیری بووك‌و زاوای ناو گۆڤارەکەت ئەکرد ، پیـاوەکە هەنـدێ لەسەر سـوودی زانست‌و لێکۆڵینەوەو بێ‌بایەخی ئەم جۆرە بابەتانەی‌تر دوا ، بەڵام تۆ نەت‌ئەویست

زنجیرەی بیرەوەری‌یەکانت بپسێ ، بەدڵ ئەتویست لە ڕۆژانی ڕابوردوتا بژیت ، هەر هیچ نەبێ کەمێك لە خەمو ئازارەکانی ئێستات کەم بکاتەوە ، کچێك لە ڕیزی ئەوبەرتەوە بە کچەکەی تەنیشتی ووت :
تۆ ئەزانی (ڕۆژە) خوازبێنی کراوە •

« چەندجارێك خوازبێنی‌کرام ، بەڵام بە هیچیان قایل نەبووم ، هەستم ئەکرد هیچ یەکیکیان ئەوە نی‌یە کە من ئەمەوێ ، لەڕاستیشما خۆشم نەم‌ئەزانی من بەدوای چیدا وێڵم ؟ چجۆرە مرۆڤێك ئەتوانێ پانتاییی دڵم پڕبکاتەوەو هیواو ئاواتم بهێنێتەدی » •

دەنگی دوو کچەکە ئەمجارەش خەیاڵەکەیان لێ ئاڵۆزاندیت •
ئەوی‌تریان بە دەستەخوشکەکەی ووت :

ــ ڕۆژە لووتی بە هەموو کەسێکدا نەئەژەند ، بەرز ئەفڕی !

« ئەشێ بە منیشیان وا ووتبێ ، هەرچەند لای من مەسەلە بەرز فڕین نەبوو ، بڕوام بە خۆشەویستی نەبوو ، ماوەیەکیش هەروەك بەسەرمابێ ئەمەویست یاری بە دڵی چەند کەسێك بکەم ، بەڵام زوو هاتمەوە سەر خۆمو وازم لەوجۆرە یاری‌یانەش هێنا ••• دانی پیا ئەنیم، لێکدانەوەیەکی ووردم نەبوو ، دایکیشم هەندێ‌جار هەر بە چاوی مناڵە سەرەخۆرەکەی جاران سەیری‌ئەکردمو هەندێ‌جاریش ئەیەویست تۆڵەی ئەشکەنجەو ئازاری مناڵیم بۆ بکاتەوە ، لەگەڵ سیروانیشا وەك دوو ئاوەڵی خۆشەویست هەڵس‌وکەوتمان ئەکرد ، لەبەرئەوەی تەنیا دووساڵ لە من گەورەتر بوو ، بۆیە هیچمان لێك‌نەئەشاردەوە » •

کابرایەکی بەرگ‌زەرد هەواڵی کاتی لە کەبرای تەنیشتی ئەپرسی •

« کات ، ئەو سەردەمە لای من نرخی نەبوو ، نە وەختم هەبوو نە ناوەخت ! دوای تەواوبوونی دەوام کە ئەهاتمەماڵەوە ، وەك جاری جاران هەرچی ئیشی ماڵەکە هەبوو بەجێم ئەهێنا » .

بەرەبەرە بیرت چووەوە حەوشـ و ماڵەکەتـان ، گسكدان ، کاشیسڕین ، قاپشتن ، چێشتلێنان ، ئیشی هەویرکردن .

« ئەمجا کە سەعاتی قەد دیواری هۆڵەکە بە کووکوو سێجاری ئەخوێند پەردەی پەنجەرەکانم دائەدایەوە ، کەمێك بەرامبەر بە مێزی ئارایشتەکە سەیری خۆمم ئەکرد ، لەدواییدا لەسەر جێگاکەم ڕائەکشامو خۆم ئەدایە دەست فریشتەی خەو » .

مناڵە نازدارەکەی ناو پاسەکە هەندێ لە دایكو باوکەکەی دوورکەوتەوە . چەند هەنگاوێكو تاسەیەك ڕەوتی لێ تێكداو خلیسکا ، لەگەڵ گریانە بەکوڵەکەیا دایکی بەپەلە خۆی کوتا :

ــ هەی دایکت بمرێ یاخوا ، کوێربم ! کوێت ئازاری گەیشت لەدەوری گەڕێم .

« مردنی دایکم زامێکی گەورە بوو ، زۆر لەناکاو بوو ، لەبەرئەوەی کە ماوەیەکی زۆرمان ژیان پێکەوە بەسەربردبوو ، ئەو کۆچە ناوادەیەی گرمۆڵەی کردم ، پاش تەواوبوونی پرسە خوشکانم هەریەکەیان چوونەوە ماڵو مێردی خۆیان ، بەتەنیا منو سیروان بەدیار یادگارەکانی دایکمەوە دۆش دامابووین ... زۆر جار خەمێکی قووڵ لەناخمەوە سەری هەڵئەدا کە ئەمبینی ئیتر جگە لە سیروان کەسیترم نییە پەنای بۆ بەرم » .

ــ دەی دەی چاوەکانت بسڕە ، هیچ نییە ، ئافەرین ، تۆ ئازای .

باوکی مناڵەکە بەموشانە کوڕەکەی ژیرێتەکرێدەوە ، تۆش هەستت‌کرد چەند دڵۆپێك فرمێسك وورد وورد لە چاوەکانت دێنە خوارێ ، دەستت بەرز کردەوە بە پەنجەکانت سڕیتن « چەند فەرامۆشی‌یە مرۆڤ دڵسۆزی وای ببێ فرمێسکەکانی بۆ بسڕێتەوە ، لە جیهانی خەمو خەفەت رزگاری‌کاو هەوڵبدات زەردەخەنە بهێنێتەوە سەر لێوە خەمبارەکانی » •

یەکێ لە کچەکانی ناو پاسەکە پێکەنینە گەرموگوڕەکەی بەوناوەدا پەخش‌کرد • مەمکۆڵە بچکۆلەکانی لەگەڵ پێکەنینەکەیا کەوتنە جۆلانە ،

« دەمێ‌بوو پێکەنینم لێ تۆرابوو ، بەدەم خەمی ماڵئاوایی دایکمەوە ئەتلامەوە کە رۆژێ لەرۆژان فریشتەیەکم بۆ ڕەخسا بۆ یەکەمجار بزەی خستەوە سەر لێوەکانم •

وەك ئێستا دێتەوە بیرت کە سیروان ئەو نیوەڕۆیە هاوڕێیەکی لەگەڵ خۆیا هێنایەوە ، هەر لەدوورەوە بانگی‌کردیت :

— (نیان) ، ئەوە (شوان)ی برادەرمە ، چەندجارێك باسیم بۆ کردووی یەکێکە لە برادەرە هەرە ئازیزەکانم •

بەخێرهاتنت کرد ، دەستت بۆ دەستی برد ، کەمێك پەنجەکانت لەناو دەستیا سەرخەویان شکاند ، فەرمووت لێ کرد ، دانیشت ، خواردنت ئامادەکرد ، سێ‌قۆڵی پێکەوە نانتان خوارد ، لەو یەکەم دانیشتنەتانا وات هەست‌کرد کە لەمێژە ئەیناسیی : لەسەرخۆ ، هێمن ، زیرەك ، قسەخۆش ، بەرێز ، ئەو ڕەوشتانەی هەریەکەیان جۆرە کارێکیان تێ‌کردی ، هاندەر بوون کە زۆر زوو بچێتە دڵەوە •

دیسان کچەکانی ڕیزی ئەوبەرنەوە قسەکانیان تێکەڵ بە شریتە

سینەمایی یەکەی مێشکت بوون ، دیمەنی یادگارەکانت لە بەرچاوت وەك وێنەیەکی تەماوی یان لێ هات ، کچە دەمبەپێکەنینە کوڵمئاڵەکەیان ووتی :

— رۆژە ، دنیای بەرکلکان دابوو ، کەم شت هەبوو بەدڵی بێ ، وەك کراس بگۆڕێ ، دۆستو هاوڕێشی وا زوو ئەگۆڕی ، هەمیشە هەر بێ ئەکەنی …

« پێ کەنین …! ئەم پێکەنینە لای من یادێکی زۆر شیرینی هەیە ، دوای ئەو هاتنەی شوان بۆ ماڵمان بە چەند رۆژێك ئێوارەیەك بەرێکەوت لە مەنسوور پێك گەیشتین . چاوێکی بە جلە رەشەکانما خشاند ، نیگای چاوەکانی بڕییە دەموچاوم ئەمجا ووتی :

— نیان خان ، بێ بکەنە … مەهێڵە خەمو خەفەت ئەو لێوانەت هەڵبزرکێنێ ، ئەزانی زەردەخەنەکەت چەند جوانە !

— . . . .

— لە کتێبێکدا خوێندوومەتەوە کە یەکێ لەو هۆیانەی بوونە هۆی کوشتنی شاعیرێکی ئەوروپایی ئەوەبوو : لە یەکەم گرتنیەوە ، تا ئازاردانیو تا هەڵواسینی ، تا پرسو لێکۆڵینەوە ، تا بەستنەوە لە ژێرزەمینی پیسو ساردا ، تەنانەت لە دادگاو لەکاتێکیشدا ڕووبەڕووی سێدارە کرایەوە ، ئەو زەردەخەنەیەی لەسەر لێوەکانی نەخش بوون تا تروسکاییی لە ژیانیا ما نەکوژایەوە .

— جا ئەتەوێ منیش وابم !

— ئەمەوێ پێ بکەنی ، خەمو خەفەت هیچ شتێ ناگەڕێنێتەوە » .

★ ★ ★

لەوڕۆژە بەدواوە ، بەرە بەرە ئەهاتیتەوە سەر خۆت ، بەرەو جیهانێکی نوێ هەنگاوت ئەنا ••• سەردانەکانی « شوان » زیادی کرد ، یەکتریتان زۆرتر ئەبینی •• فوکس‌واگۆنێکی بچکۆلەی هەبوو ، زوربەی ئێواران ئەهات بەدوای سیروانا جارجارەش کە ئیشی تایبەتی‌یان نەبوایە، بۆ گەڕان‌و پیاسەکردنێ تۆشیان ئەبرد ، واتان لێ‌هات خۆشەویستی لە چاوەکانتانا وەك کتێبی کراوە ئەخوێنرایەوە ، لێك ئاشکرابوون ، زمانتان پڕا ، لەوکاتانەدا ئەتوت « خۆزگە زووتر بمناسیایە ، سەرنجم بەرامبەر بە ژیان ئەگۆڕاو بە جۆرێکی‌تر بیرم‌ئەکردەوە »

کچەکان کەوتنەوە گفتوگۆ ئەوەی لای چەپیان ووتی :

— نازانم لەئەنجاما رۆژە چۆن بەو کوڕە قایل بوو سەرم سوڕماوە •

« منیش سەرم سوڕمابوو چۆن شوانە توانی بەو ماوە کەمە ئاوا کارم‌تێ‌بکا • ببێتە خەون‌و خۆراکی گیانم ، بەشێوەیەك ئالوودەی ببووم ئەوەی نەیناسینایە وای‌ئەزانی دە ساڵ پترە یەکتریمان خۆش‌دەوێ ، هەرچەندە خۆی لەو جۆرە کەسانە بوو کە زوو ئەچوە دڵەوە ، بەڵام لە دڵی منا بەتەنیا هەر خۆشەویستی نەبوو ، ببوە نمونەی هەرە بەرزی ئامانج‌و ئاواتم • کە بەیەك‌ئەگەیشتین بێ‌ووچان بۆ یەکتر ئەدواین ، تێرمان لە ووشەی یەك نەئەخوارد ، بەشێوەیەك خۆشم‌ئەویست ، گیانم ، هۆشم ، هەستم ، هەمووی ئالوودەی ووشەکانی ببوون • »

دەنگی پیاوەکەی لاتەوە ئەم‌جارەش زنجیرەی یادگارەکانی پساندی ، وای‌ئەزانی تۆ هەر خەریکی خوێندنەوەی چیرۆکی ناو گۆڤارەکەیت ، ئاگاداری ئەوە نەبوو تۆ لە چیرۆکی ژیانی خۆتا نوقم‌بوویت ، بۆیە پێی‌ووتی :

ـــ وادیارە زۆر حەز لە خوێندنەوە دەکەیت ! خۆ رووناکبیرکردن بۆ ئافرەت کارێکی پەسندە •

ـــ بەڵێ ، ئارەزووی خوێندنەوەم هەیە •

« شوان فێری خوێندنەوەی کردم •• من لە سەرەتادا ئەمەویست بمکات بە ئەستێرەیەك لەتەنیشتیا بدرەوشێمەوە ، بە جووتە بکشێین تا لە چاوی هەموو خەڵکی وونده‌بین ، بەڵام ئەوبەرەو ژیانێکی نوێی ئەبردم ، وای لێکردم چێژ لە خوێندنەوە وەرگرم ، فێری خۆشەویستی ڕاستەقینەی کردم ، ئەو ترس و لەرزەی لە مناڵی‌یەوە سەردڵمی سمیبوو بە ووشە جوانەکانی ڕەوی‌یەوە ، هەموو هەفتەیەك کتێبێکی بۆ ئەهێنام ، هەر گۆڤارێکی ئەدەبی دەرچوایە خێرا بۆی پەیدائەکردم » •

★ ★ ★

جارێکیان لە خوێندنەوەی رۆمانێکی « جورج ئامادو »دا کەمێك کەمتەرخەمیت کردبوو کە هاتەلات پێی‌ووتی :

ـــ گۆستاف فلوبیر ئەناسی ؟

ـــ نەء •

ـــ نووسەری مەدام « بۆڤاری »

ـــ فلیمەکەیم دیوە •

ـــ ئەو نووسەرە لە نامەیەکیا بۆ دڵدارەکەی نوسیبوو پێی‌وتبوو :

هیچ زاناو توێژەرەوەیێ بەوە قایل نابێ کە چەند کتیبێ بخوێنیتەوەو ئیتر پاڵی لێبداتەوە ، ئەبێ زۆر بخوێنیتەوەو باشیش بخوینیتەوە •

★ ★ ★

ئەو سەردەمە بۆت دەرکەوت کە بۆچی لەمەوبەر ئەم هاوڕێیەی

سیروانی برات نەناسیوە • زانیت (گۆرکی) وتەنی لە « ئێزگەیەکی حەوانەوەی سەفەری سەختی ئەم ژیانە تفتو تاڵە » بوە ، ئەورۆژەی بەمەت زانی عەسرەکەی لە ماڵی ئێوە بوو گوێتان لە دەنگ‌وباس ئەگرت، کە شوان گوێی لە رادیۆکەدا لێ‌بوو باسی جیهانی سی‌یەم‌و وولاتە بێ‌لایەنەکانی ئەکرد ، ووتی :

— سەیرە ، ئەی بۆ کەسێ نی‌یە باسی جیهانی چوارەم بکات ، جیهانی بێ‌خاوەن • سیروان بە زەردەخەنەیەکەوە ووتی :

— ئەم زاراوەیە تازەیە ، مەبەست چی‌یە ؟

تۆش هەروا گوێت لێ ئەگرتن کە شوان ووتی :

— لە جیهانی چوارەما دەنگی دڵی سەربڕاو لە نانی سەرسنگی هەتیوەکانا بەرزئەبێتەوە ، شارە شەو ووشەکانی چاوەڕێی تروسکایی‌یەکی رۆژن رووناکیان بکاتەوە •

— بەڵام لەبیرت‌نەچێ ئەوشەوە ووشکانە لە چاوی نەوە نوێ‌کانیانا دائەگیرسێ • کە گوێت لەم ووشەیەی سیروان بوو هەر لەخۆتەوە موچڕکەیەکت پیا هات بەڵام پێش‌ئەوەی چی‌تر بیربکەیتەوە ، شوان ووتی :

— کاك سیروان مەسەلەکە ترسە ، ترس وەك مۆتەکە سواری سنگی خەڵکەکە بوە ، دڕندانە کەوتۆتە هەڵکۆڵینی ، کێڵگەکان ووشك‌و برنگن ، کانیاوەکانیان •••

برێك‌گرتنی شوفێرەکە ڕای‌چلەکاندی ، ئەو شریتەی لە بەرچاوت بوو لێڵ‌کرا • خەڵکەکە دەستیان بە دابەزین کرد ، ئەمە نیوەی ڕێگاتانەو کاتی نان‌خواردن‌و حەوانەوەیە ، لە دابەزینەکەتا دەم‌رووتێك پلارێکی

تێ گرتی ، بەڵام تۆ لە بارو دۆخێکی دەروونی وەهادا نەبووی تەنانەت وەڵامێکی ڕەقیشی بدەیتەوە ، بە لالووتێکەوە ڕووت لێ وەرگێڕا وەك تیلیکس ووشەیەکی شوان بە بەردەمتا بەچاپ کراوی ئەهاتوئەچوو •

— ئەبێ هەمیشە چیایەکی سەخت بیو لە گرتن نەیەیت •

« راستی‌یەکەی وابووم ، لەوەش زیاتر بووم ، هەرواش ئەبم • بەڵام بەرامبەر بە شوان زۆر بێ‌هێز بووم ، جارەها پێم‌ئەوت : لەوپەڕی دنیاش بی هەر لەتەکتا ئەبم ، بچیتە سەر ترۆپکی بڵندترین چیای کوردستان پیایا هەڵئەزنێمو ئەتگەمێ » •

لەو دابەزینەدا خەڵکەکە هەڵپەی نانخواردنو ساردی خواردنەوەیان بوو ، تۆ دڵت گوشرابوو ، خۆشترین خواردەمەنی ئەم تامو بۆنو بەرامەیەی لەلات نەبوو ، تا وات لێ بکا ئارەزووت بچیتە سەری ، سەرت دەیەشا ویستت چایەك بخۆیتەوە، لە چاوەجاخی چایچیەکە کە نزیك بوویتەوە ، کابرا لە هەڵپەو پەلەپەلیا سەری نەئەپەرژا قۆری‌یەکە لەسەر ئاگرەکە لاببا وەك سینەمەکی ئەکوڵا ، تۆش لەناخەوە لە چایەکە زیاتر ئەکوڵای ، خوێن لە زاری زامەکانتەوە هەڵئەقوڵاو کەسیش پێی نەئەزانیت ، پیاڵەیەك چات خواردەوە ، هاتیتە دەرەوەی چاخانەکە ، چاوت بە درەختێکی تەنیا کەوت بیرت‌هاتەوە ئێوارەیەك لەگەڵ شوانا دەمەدەمی پاییز بوو بەلای کۆمەڵە درەختێکا هاتن پاییزەبا گەڵازەردەکانی بەیەکائەدا ، دەستی بۆ گەڵایەك برد کە سەوزاییی لێ بڕابوو پێی‌ووتی :

— نیان ، هەموو وەرزێك هەر خەزان نی‌یە ، ئەبێ لەوباوەڕەدا بی کە ئەم درەختە ووشکە جارێکی کە گەڵائەکانەوەو سەوزو جوانیش ئەبێتەوە •

لەکاتی سەرکەوتنەوەتدا کچێکی ئێسکسووك هاتەلاتەوە پێی ووتی :

— وا هەستئەکەم زۆر بێتاقەتی ، من لەگەڵ باوکمام ، وادیارە ئەو پیاوە کە لەتەنیشتتەوەیە ناسیاوت نی‌یە ، با باوکم بچێتە شوێنەکەی تۆو تۆش وەرە لای منەوە •

پێشنیازەکەیت بەدڵ بوو ، جێتان گۆڕیەوە ، کچەکە ئەیەویست پەردەی بێدەنگی‌یەکە بدڕێنێ ، هەستیکرد هەوری بێئارامی لە پێڵوی چاوەکانتا وەنەوز ئەدات ، پاش چەند ووشەیەکی ئاسایی بەرەبەرە چاوەکانی نیشتن خەوی لێکەوت ، سەری لە سنگت نزیك‌کردبوەوە ، خۆت نەجووڵاند ویستت خەوەکەی لێ تێك‌نەدەی « ڕۆژانی رابووردووم بوون بە خەون ، ئەو خەونانەی جارێکی‌تر نایانبینمەوە •• جارەها ئاوا سەرم ئەکردە سەر سنگی شوانو ڕازی دڵی خۆمم بۆ هەڵدەڕشت • لە زەردەخەنەکەیا تیشکی بەیانێکی تازەم بەدی‌ئەکرد ، لە ووشەکانیا بڕوایەکی نوێ لەناخما چەکەرەی ئەکرد ••• بڕوام زۆر پێی بەتین بوو ••• »

— باوکی کچە ئێسکسووکەکە ، بە باوكو دایکی مناڵەکەی ووت :

— ئەوە ئەو منالەتان بۆ وا بەندکردووە ، با بگەڕێ بۆ خۆی ، لێی‌گەڕێن با سەربەست بێ •

« سەربەستی لە نانو ئاو پێویست‌ترە ••• بەڵام کە سەربەستی زەوت‌کرا ، زۆرکەس لەپێناوی بەدی‌هێنانیا ئەچنە بەندیخانەوە »

ئەم ووتەیەی « شوان »ت بیرکەوتەوە ، ئەو ئێوارەیەی خوازبێنی لە سیروانی برات کرد ، مشتومڕێکیان لەنێوانا بوو لەسەر هەندێ لەو

مەسەلانەی زۆرجار رووناکبیران لەناو خۆیانا هەریەکەیان بە بۆچوونی خۆی لێکی ئەداتەوە •

« شوان » ئەو ئێوارەیە زیاتر لەو مەسەلەیە دوا ووتی :

— لەڕاستیشا بەندیخانە ئەوە نی‌یە پیاو کە لەسـەر حـەق بوو لـێی بترسێت ، بەپێچەوانەوە من لەلای خۆمەوە بەشوێنی قاڵبوونـی ئەزانم ، دەیان برادەری تازەی تێدا ئەناسی ، هاوڕێی‌وا کە ڕۆژە سەختەکانی نـاو ئـەو چـوار دیـوارەت بۆ ئەکەن بە ڕۆژێـکی ئاسایـی •

سیروانیش بە پێکەنینەکەی خۆیەوە ووتی •

— کاکی‌برا ، گرتن تا گرتن جیاوازی هەیە ، هەندێ‌جار کە تووشی شوێنی وا دژوار ئەبیت ئەوانەی پێشوو لات‌ئەبن بە زەلاتە •

شوان بزەیەك گرتی‌و بە سیروانی ووت :

— ئەوە لە چ‌کتێبێکدا خویندوتەتەوە ؟

ئەورۆژەی گوێت لەم گفتوگۆیە بوو ترسێکی زۆرت لی نیشت، ئەو شەوە کە ئەبوایە شەوی بەختیاریت بێ ، شەوێ بێ ئاواتە گەورەکانی دڵت سەوز ببن ، کە بە بێ‌هیچ کۆسپێ بوویتـە دەزگیرانی شـوان ، کەچی ئەوشەوە خەوت لێ زڕا ، بیرت لەو ووشانەیان ئەکردەوە کـە لەتواناتا نەبوو شتێ لە رووی هیچ‌کامیانا بدرکێنی •

★ ★ ★

— بەخوا رۆژێکی گەرمە ، خۆ من ئەو تاوە دابەزیم بۆ نان‌خواردن وەختەبوو بپرووکێم •

باوکی کچەکە ئەوەی‌وت‌و پیاوە درێژەکەش ووتی :

ـــ بەس‌نی‌یە ناو ماشێنەکە فێنکە ئەگینا گەرما شەکەتی ئەکردیـــن •

« گەرمای هاوینی پارو ووشکە سەرمای زستانی رابوردوو بوون بە ئاشنای هەمیشەییم ، هەرگیز ئەو ئێوارەیەم لەبیرناچێتەوە کە بەجووتـــە چوونە دەرەوەو هاتنەوەیان نەبـــوو ، لە هەرلایـــەك هەوالـــم ئەپرسین دەم‌وچاویان لێ ئەکردم بە نیشانەی پرسیار، بێ‌سەروشوێن بوون • پاش چەند رۆژێ لە چۆڵەوانی‌یەك ئوتوموبیلەکەی « شوان » دۆزرایەوە ، ئیتر هەر شوێنێ سووسەیەکی لێ بکرایە خۆمم ئەگەیاندێ تا هەواڵێکیان بزانم •• بەڵام هەواڵ لە من بوو بە دەرمانـــی شیرپەنجـــەو دەستگیرم نەبوو » •

ئەوەندە بەدویانا گەڕای •• هەستت‌ئەکرد بنی‌پێت خەریکە شەقار شەقار ئەبێ • کە ئەگەڕایتەوە ماڵە چۆڵ‌و هۆڵەکەت لە پەل‌وپۆ ئەکەوتی، جارەها وەك لەهۆش خۆ چوو خۆت بەسەر جێگاکەتا ئەدا ، نینۆکەکانت لە پشتیەکە گیر ئەکرد ، ئەتەویست بیدڕێنی ، لەودەمەدا کە بەتەواوی تواناو هێزت لێ ئەبڕا چەندەها چەقۆی تیژ بەرئەبوونە لەشت‌و ناوسکتیان هەڵئەدڕی ، دەستی دەستیت زۆر پێ‌کرا ، تۆپێکی باڵە بوویت‌و ئـــەم بۆ ئەوی‌تری هەڵ‌ئەدای ، بەڵام کۆڵت‌نەدا ، وەڕزنەبـــووی • لەلایـــەك ڕاوئەنرای، لە لایەکی‌ترەوە سەرت‌هەڵ‌ئەداو ئەکەوتیتەوە سۆراخیان••• « براکەم ، دەزگیرانەکەم » رۆژی چەند جارێ ئـــەم دوو ووشـــەیەت بەگوێی خەڵکیدا ئەدا ، سوور بووی لەسەر دۆزینەوەیان ، پاش ئـــەم شارەوشارو دوای ئەم‌بەرو ئەوبەر بە نائومیـــدی ئەگەڕایتـــەوە ماڵەکەت بە تاقی تەنیا •

بەرامبەر بە وێنە گەورەکەی « سیروان » ئەوەستای ئەمجـــا ئەچوویتە ژوورەکەی خۆت تێر سەرنجت ئەدایە وێنـــە دووقۆڵی‌یەکەی

خۆت‌و شوان ، هەستت‌ئەکرد حەپەساوی مێژەلاکی سەرت کون‌دەکات ، ئەمجا بە شەکەتی لەسەر جێگاکەت ڕائەکشای وەك تادار لەوژوورەداو بەتەنیا ئەکەوتیتە وڕێنە •• بۆ ڕۆژی دوایی جارێکی‌تر ئەکەوتیتەوە پشکنین ، لە بازنەیەکی داخراوا ئەسووڕایتەوە •• بەهیوا ئەژیایت• لەگەڵ هەموو ئەمانەشا ورەت بەرز بوو •• تا وات‌لێ‌هات هەموو مۆڵەتەکانت تەواوبوون ، ئەمجا مۆڵەتی نەخۆشی ، تا ئەویش لە ووزەوا نەما ، لەوماوەیەدا چەند جارێ خوشکەکانت‌و زاواکانت بۆ یاریدەت‌و بۆ هەوڵدانی بێ‌هوودە بەدەنگ ئەو کۆستە گەورەیەتانەوە هاتن ، لەئەنجاما داوایان لێ کردی واز لە چۆڵپەرستی بهێنی‌و بچیتە لای یەکێکیان ، بەڵام تۆ سەرەڕای ئەوەی هیوات نەبڕیبوو ، دڵت بەوەوە نەبوو بچیتە لای هیچیان ، تا ئەوساتەی خورپە گەورەکە لە پەڕەی دڵتی دا ، دڵنیایان کردی کە تازە ئیتر نایانبینیتەوە •

هەر تۆش نەبووی بەتەنیا کە وێڵی دۆزینەوەی ئازیزان بووی ، هاودەردت زۆربوون ••• ئەمجا بەناچاری بڕیاری کۆچت‌دا ، ئەوشەوەیان لەو شەوە درێژانە بوو کە کۆتایی نەئەهات ، چاوت بە ژوورەکانا ئەگێڕاو بۆنی دوا یادگاریماڵەکەت ئەکرد ، لەم‌لاشەوە بیرت لە دوارۆژی خۆت ئەکردەوە ، ئاخۆ ئیتر چۆن ژیان بەسەربەری ؟ کتێبەکانی شوان کە لەلای تۆمابوون لەگەڵ چەند نامەیەکی‌و ڕۆژژمێرەکەیا ئەمجا ئەلبومەکانی سیروان‌و هەندی شتێ تایبەتی خۆت،هەموویانت خستە جانتایەکەوە ••• بەیانی کە بۆ دواجار ماڵاوایت لە یادگارەکانی رابوردووت کرد کلیلەکانت بە ماڵە دراوسێکەتان داو پێت‌ووت : بەم‌زوانە ئەنێرم بۆ کەل‌وپەلی ناوماڵەکەمان • خۆشت بە جانتاکەتەوە ڕووەو گەراجە گەورەکە ملی‌ڕێگات گرت •

تۆ لەناخەوە لەم بیرەوەری‌یانەتا ئەژیای دەنگی منالە بچکۆلەکە

رای چڵەکاندی کە بە دایکی ئەووت : دایە گیان تینوومە •

« لەکاتی تینویەتیما ئارەزووم بوو ووشەکانی شـوان بخۆمـەوە ، تاتینویەتیم پێیان بشکێ ، بەڵام ئێستا هیچ شتێ نیە دەمم پاراو بـکات ، وا بۆساڵێك ئەچێ هەر زوخاو ئەنۆشم ، لە گەرداوێکی شێتا سـەوڵم لێداو نەگەیشتمە ڕۆخی دڵنیایی هەموو هەوڵێکم بێسوود بوو » •

★ ★ ★

ــــ شوانە گیان وا گەیشتین • ئەوە باخەکانی قەراخ شارن • ئەمنـاوە جارێکی تریش هەژاندیتی ، وەك شۆڕەبی هاتیتە لەرینەوە ، نەتزانیبـوو کە ئەو مناڵە بچکۆلەیەی ناوپاسەکە ناوی شوانە ، وا دایـکی مـوژدەی نزیك‌بوونەوەی ئەداتێ • گەیشتنە گەراجی شاری تازەت کە ٢٥ سـاڵە مەگەر بە سەردان ساڵەوساڵ سەرت‌دابێ ، چاوێـکت بـەملاولادا گێڕا ، تاکسی‌یەکت گرت بۆ هەوارگەی تازەت بیا ، کە سەیرێـکی ئـەملاولای شەقامەکەت کرد چەند ووشەیەکی شوانت بیرکەوتەوە کە پێی‌ئەوتی :

« نیان گیان ، شارەکەمان ئەگەرچی لە ئاسۆوە بۆ ئاسۆ ڕەش‌پۆشە، بەڵام پەڕەی دڵی سپی‌و بێگەردە ، ڕۆژانی ووشك‌و برنگە ، بەڵام شەوانی تەڕو پاراوە ، ئەو ڕشێنەیەی شەوانی ئەبێتە هۆی فێنك بوونەوەی گڕی دەروونی خەڵـکەکەی ، دڵنیاشـ بە شـنەی شەماڵـێك ئەم تـەپوتۆزە ڕائەماڵێ‌و رووی سەوزی جوانی درەختەکانی ئەچریسکێنەوە » •

لە تاکسی‌یەکە دابەزیت ، ماوەی سەد مەتریکت مابـوو ، ڕێگـای ئۆتۆمبیل نەبوو ، ئەبوایە بە پێ بڕویشتیتایە ، سووك سووك بە جانتاکەی دەستتەوەو جانتا بچکۆلەکەی شانتەوە ، بە نابەدڵی بـەرەو هـەوارگەی تازەت هەنگاوت ئەنا ، ئەو هەوارەی هەرگیز بەبیرتا نەئەهات کە ببێ بـە دوا هەوارگەی ژیانت •

سلێمانی : کانوونی دووەمی ١٩٨٢

درامای دووعەشقی غەمبار

شیعری : محەمەد حسێن هەڵەبجەیی

-١-

ئێوارەیەك ،
چاوی پڕ حەزم لێك بنێم
هەرچی پۆلە وشەی شیعرەکانمە
ئەکوژێنەوەو
لە نێو دڵی غەمبارمدا
هەڵادەژێن ..

-٢-

دەمی ئێواران ،
چی پشکۆی سوورە خواییەکانە
چرپە ئەخەنە گوێ چەمی ناخو
حەزی سەرشێتی کوێستانێك
بە دڵی تینووی دوو گیانی ماندوو ،
ئاشنا ئەکەن ...

-٣-

ئێوارە بوو ،
زەماوەندت بۆ ـ ئەو ـ گێڕا
لەخۆشیانا

« شنروێ » ی من
دەستلەملانی (گوڵان) ی رازاوەی تۆ بوو •••

-٤-

ئەی هاوڕێی گریانی بێفرمێسك ،
کێ مەرگی بۆ دەسگیر ئەکرێ ؟
ئەی نازانی
هەردوو نەوەی چیایەکین
تا خەم بەرۆکی دەروونە کلۆڵەکەمان نەگرێ ،
خوا لەگوناهمان خۆش نابێ •••
هەروەك ئاوی روونی سیروان
چاومان فرمێسکی خوێنین نەڕێژێ
لە عەشقی مەزنی بنار ناگەین ••
لە چریکەی گەرووی گڕاوی شاخ ناگەین •••

-٥-

ئێوارە بوو •••
کە (ئارام) یان
بەرەو کەناری دەریا برد
ئۆقرەمان لەبەربڕابوو
نەك بۆ کەنار ،
شاڵاومان بۆ دەریاش ئەبرد !

٥ - ٣ - ١٩٨٣

من یەخەت ناگرم ••
بەڵام ، لێم زیز مەبە ،
ئەگەر چەند ڕەخنەیەکت ئاراستە بکەم

نەوزاد ئەحمەد مەحموود

من لەوانە نیم خۆیان لە ئـەدەبی کوردیدا بـە پسپۆڕو باڵادەسـت دادەنێن ، بەڵام کە لە دڵی خۆیشمدا ، لەگەڵ خۆم دەکەومە لێکدانەوە ، ناتوانم چاو لەوە بنووقێنم کە زۆر لەوانەی بە باڵادەست‌و پسپۆڕ دراونەتـە قەڵەم‌و ، سەرەڕای ئەوە مامۆستایشمانن ، هێشتاوەکو پێویستیان بەوەیـە نووسینەکانیان بخەنە سەر لەنگەری‌و بێژنگ‌و بۆیان گێژو تەتەڵە بدەن‌و ژاری بەردو پووشی هەڵەی زۆری ڕێزمانی‌و ڕێنووسی‌یان بۆ لێ بکەن •

لە ژمارە ١١ی گۆڤاری (نووسەری کورد)دا وتارێـکی مامۆستام دوکتۆر ئیحسـان فوئادم خوێنـدەوە بە مەبەسـتی ڕێپیشاندانـی تـازە نووسەرەکانمان نووسیبووی • بەڕاستمە زۆر لە ئامۆژگاری‌یەکانیم بـەدڵ بوو ، بەڵام لەلاوە ئەوەشم تێدا بەدی‌کـرد کـە خۆیشی پێویستی بـە دەسگرۆیی کردنە ، بۆئەوەی هەڵە ڕێزمانی‌یـەکانی ڕاسـتبکرێنەوە • جا وا لەگەڵ تکای دڵسـۆزانەمدا لە دوکتـۆری مامۆسـتام کە لێـم زیـز نەبێ ، وەك ئەو ئەو ئەرکە پیرۆزەی بەرانبەر بـە تـازە نووسـەرەکان

لەئەستۆ گرتبوو ، منیش ئەم ئەرکە بچووکە بەرانبەر بەوی بەڕێز لەئەستۆ دەگرم •

(١) « لەم ساڵانەی دواییەدا هەستم بەوە کرد [ل ٢٠ ، د ٣] » •

دەبوو بیگوتایە : «لەم ساڵانی دواییەدا هەستم بەوە کردووە»، چونکە « هەستم کرد » واتای بەیەکجارو کوتووپڕ دەگەیەنێ ، بەلام « هەستم کردووە » واتە عەمەلیەتەکە لەسەرەخۆ بووە یا هیچ نەبێ لەپڕ نەبوەو ، ئەوەش لێرەدا مەبەستە •

(٢) « ئەم هەنگاوە گەلێ پێویستو بەجێن [ل ٢٠ ، د ٥] » •

دەبوو بیگوتایە : گەلێ پێویستو بەجێیە » چونکە هەنگاوەکە هەنگاوێکە •

(٣) « لە دڵی خۆما وتم [ل ٢٠ ، د ٥] » •

دەبوو بیگوتایە : « گەلێجار لە دڵی خۆمدا گوتوومە » چونکە ئەم پیرۆزباییە دەروونییە هەمووجارێ کە بیری لەم مەسەلەیە کردوەتەوە ، ڕووی داوەو ، مەسەلەکە تەنها هەستکردنی یەكجار نەبوە ، وەك چۆن لە ڕێگایەکدا لووتت بە لووتی کەسێکەوە بتەقێ ، تا وتنەکەش تاقە یەكجار بێ •

(٤) « سەربکەوێ ئێمەیش [ل ٢٠ ، د ٦] » •

دەبوو بیگوتایە : « سەربکەوێو ئێمەیش » یا « سەربکەوێ تا ئێمەیش » •

(٥) « هەنگاوبنێین بەرەو پلەی •••• شانۆگەری [ل ٢٠ ، د ٧–٨] » •

دەبوو بیگوتایە : « بەرەو پلەی ••• شانۆگەری ، هەنگاوبنێین»

چونکە داڕشتنی کوردانەی ڕستە وادەبێ •

(٦) « مەردوم [ل ٢٠ ، د ١١ و هیی‌تریش] » •

دەبوو بیگوتایە : « مرۆ ، مرۆڤ ، ئادەمزاد » چونکە مەردوم (کۆ) دەگەیەنێ واتە (خەڵك)و لێرەشدا ئەوە پێویستە کە بڵێ (بنیادەم ، ئادەمزاد) • ڕاستیی ئەم بۆچوونەش لەوەدا باشتر دیاری‌دەدا کە دوکتۆر پاشان دەڵێ : « مەردوم ، تەنها کاتێك لە پلەی هەرزەکاری دەچێتەدەرێ ، پێی‌دەڵێن : بابە ، بووە بە پیاوێکی کامڵ [ل ٢٠ ، د ١٢ – ١٣] » •

(٧) « لێرەشدا مەبەستم لە واتا حەرفی‌یە تەنگەبەرەکەی نی‌یە [ل ٢٠ ، د ١٤] » •

واتا حەرفی‌یە تەنگەبەرەکەی چی ؟ دەبوو ئەو وشەی (پیاوەتی)یە کە زۆر – بەپێی شوێن – پێشان گوتوویەو پاشانیش لەپاش ئەم ڕستەیە گوتوویەتەوە ، لەدوای وشەی « تەنگە بەرەکەی » ەوە داینایە ، چونکە سەرچاوەی ڕاناو دەبێ دیار بێ •

(٨) « یەكدەگرنەوە لەسەر ئەوەی [ل ٢٠ ، د ١٧] » •

دەبوو بیگوتایە : « لەسەرئەوە یەكدەگرنەوە » • خۆ ئەگەر بیگوتایە : « لەوەدا هاودەنگن » یا « یەکیان‌گرتووە » زۆر کوردانەتر دەبوو •

(٩) « هەنگاوبنێم بەرەو پلەی چیرۆكنووسین [ل ٢١ ، د ٢١ – ٢٢] » •

دەبوو بیگوتایە : « بەرەو پلەی چیرۆكنووسین هەنگاوبنێم » •

(١٠) « بۆیە زیاتر لایەنگیریی بڵاوبوونەوەو گەشەسەندنی ئەم بەرهەمەم یان بڵێین ئەمجۆرە هونەرەم [ل ٢١ ، د ٩ ـ ١٠] » •

ئەو (بۆیە) یە زیادە ، چونکە کە لەپێشەوە گوتی : « بەڵام لەبەرئەوەی •• » ئیتر شوێن بۆ ئەم (بۆیە) یە نامێنێ • دەشبوو بیگوتایە : « لایەنگیری » نەك « لایەنگیریی » چونکە دوکتۆر (لایەنگیر) ە ، (لایەنگیری) نی یە ، (لایەنگیری) کردەوەکەیەتی • هەروا دەشبوو بیگوتایە : « ئەم بەرهەمە » نەك « بەرهەمەم » چونکە کە پاشان ڕاناوی (م) ی لەسەر (هونەرەم) دانا ، هیچ پێویستی یەکی بۆ (م) ی پێشوو نەهێشتەوە •

(١١) « ڕوویەکی تایبەتی دەکەمە چیرۆکنووسەکان دەڵێم [ل ٢١ ، د ١١] » •

باشتربوو بیگوتایە : « ڕوویەکی تایبەتی دەکەمە چیرۆکنووسەکانو دەڵێم » • (دوکتۆر جارێکی کەش ئەم جۆرە عەتفی بێ ئامرازی عەتفەی دووبارەکردووەتەوە) •

(١٢) « ئەگەر لەمساڵەدا هەر منداڵێك لەدایكبێ ئەوە بەختیارە [ل ٢١ ، د ١٢ ـ ١٣] » •

دەبوو بیگوتایە : « هەر منداڵێك لەمساڵەدا لەدایك ببێ ، بەختیارە » چونکە دیارە لەوساڵەدا منداڵ هەر لەدایكدەبێو مەسەلەکە پێویستی بە (ئەگەر) نی یەو ئەگەر دوکتۆر لەسەر ئەم (ئەگەر) ەش هەر سوور بێ ، ئەوە ئیتر (هەر) پێویست ناکا ، چونکە لەمحاڵەدا (یەکێتی) جێ گرتووترە تا (زۆری) کە (هەر) ەکە دەیگەیەنێ • زیاد لەمە ئەو (ئەوە) یەیش پێویستناکا ، چونکە دیارە (بەختیارە) تەواوکەری ڕستەکەیەو مەسەلەکەی پێ دەبڕێتەوە •

(١٣) « ساڵی هەزارو •••• دەزانن چی دەگەیەنێ ؟ [ل ٢١ ، د ١٨] »•

دەبوو بیگوتایە : « دەزانن ساڵی هەزارو ••• چێ دەگەیەنێ » •

(١٤) « ئەوەندەی پەیوەندیی بە ئێوەوە هەیە [ل ٢١ ، د ١٩] » •

دەبوو بیگوتایە : « ئەوەندەی پێوەندی بە ئێوەوە هەبێ » •

(١٥) « وە نزیکەی سەدو دە ساڵ بەسەر یەکەم شانۆگەریی لە شاری ئەستەمۆڵدا (ژنهێنانی شاعیر) دا تێپەڕیوە [ل ٢٢ ، د ٦-٧] »•

دەبوو بیگوتایە : « نزیکەی سەدو دە ساڵێش بەسەر پیشاندانی یەکەم شانۆگەریدا لە شاری ئەستەموولْ تێپەڕیوە کە شانۆگەریی (ژن هێنانی شاعیر) بووە » •

(١٦) « لە چاوتروکاندنێکدا ببێ بە خەڵووزو خوڵەمیش هەرچی چواردەوریشی هەیە بە سەوزیو ووشکیو بەدرێژایی سەدان کیلۆمەتر ••• [ل ٢٢ ، د ١٢ - ١٣] » •

دەبوو بیگوتایە : « ••• ببێ بە خەڵووزو خۆڵەمێشو هەموو چواردەوریشی بە سەوزو وشکیەوە ••• » •

(١٧) « لە نیو سەدە کەمتری بێنەچوو [ل ٢٢ ، د ١٤ - ١٥] » •

دەبوو بیگوتایە : « لە ماوەی نیوسەدە کەمتردا » •

(١٨) « لە قەومەکەی لووت خراپتریان بەسەرهات [ل ٢٢ ، د ١٦] »•

دەبوو بیگوتایە : « دانیشتووانیان لە قەومەکەی لووت خراپتریان بەسەرهات » چونکە شارو دانیشتوانی شار لە یەك جوێن •

(١٩) « حوشترمورغیوا دروستدەکات لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نییەو نەبیستراوە [ل ٢٢ ، د ١٨ - ١٩] » •

هەرچەند هەڵەی ڕێزمانی لەم ڕستەیەدا نی‌یەو دەبوو لێی بێ‌دەنگ بوومایە ، هەر بە باشم نەزانی چاو لە هەڵەکانی‌تری بپۆشم ، چونکە بە هەڵەی زلم زانین • یەکەم تائێستا – من پێ‌بزانم – لە ئیدیۆمی کوردیدا نەبیستراوە حوشتر مورغ لە قوتووی عەتاردا ببێ یا نەبێ • ئەوەی باوە ئەوەتە دەڵێن فلان‌کەس شتی‌وای لا چنگ‌دەکەوێ لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبێ • سەرەڕای ئەوەش کە بیستران هەر لەئارادا نی‌یەو تەنها (بوون) ە ••

(٢٠) « بەزمی خۆیان گەرم‌کردو [ل ٢٣ ، د ٢] » ••

دەبوو بیگوتایە : « بەزمی خۆیان گەرم‌کردووەو » بەپێی ڕستەکانی پێشەوەی •

(٢١) « ئەم ڕووداوە ساکارو بێ‌تامو گەوجو گیلانە چی‌یە کە لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەچی‌یەکی تازەکوورە دەچێ [ل ٢٣ ، د ١٤ –١٥] »••

دەبوو لەجیاتیی « چی‌یە » و « دەچێ » بیگوتایە « چین » و « دەچن » ، جگە لەوەش کە ڕووداو بە (گەوجو گێل) وەسف‌ناکرێ‌و ، ڕووداوەکانیش لە ڕاپۆرت ناچن ، ئەو چیرۆکانەی ڕووداوەکانیان تێدا گێڕراوەتەوە لە ڕاپۆرتی‌وا دەچن • مادام گوتیشی « ڕۆژنامەچی‌یەکی » ، نەدەبوو لە پێشەوەی بڵێ « ڕاپۆرتێکی » ، بەڵکو دەبوو بیگوتایە « ڕاپۆرتی » ••

(٢٢) « ئەم جەلجەلووتی‌یە گرێ‌کوێرانە مەتەڵێکە بە کەس هەڵناهێنرێت [ل ٢٣ ، د ٢١ ؛ ل ٢٤ ، د ١] » ••

دەبوو بیگوتایە « مەتەڵێکن بە کەس هەڵناهێنرێن » ••

(٢٣) « ڕووی میهرەبانی وەربگێڕم بۆ •• [ل ٢٤ ، د ٨] » ••

دەبوو بیگوتایە : « ڕووی میهرەبانی بکەمە •• » •

(٢٤) « بەتکاوە بڵێم [ل ٢٤ ، د ١٠] » •

دەبوو بیگوتایە : « بەتکاوە پێیان بڵێم » یان « تکایان لێ بکەم کە •• » •

(٢٥) با دوارەخنەشم لەو ڕستەیەی دوکتۆر بێ کە دەڵێ : « کە پیر بوو ناتوانێ لافی هەرزەکاری لێبدات ، چونکە ئەگەر بەڕۆژیش ئەمەی جاروبار بۆ بچێتەسەر، شەوی بەسەردا هات وەکوو (حەمدی) دەڵێ مەگەر شمشاڵی بۆ لێبدات دەنا لەجێی خۆی ناجمێ [ل ٢٤ ، د ٢٠ – ٢٣] » •

ڕەخنەکەشم ئەوەیە : بۆچی تائێستا مەسەلە مەسەلەی ئەدەبو شیعرو چیرۆك بوو ، یا لەجێیخۆ جمانو نەجمانی شەوانی هینەکەی مرۆ ؟• تۆ بڵێی هەر لەبەرئەمەش بووبێ دوکتۆر لەپێشەوە گوتی خوا وای داناوە « هەر هەرزەکار » بێ ؟ !

زەمانە بەعزە کەسانێ لەپڕ کە هەڵدەبڕێ
ئەوەندی هەڵدەبڕێتن هەتا لە کەل دەبڕێ

بە یەك دو کلکە بەرەوژووری بردەوە دنیا ،
بە تاقە نووکەشەقێکی فڕێدەدا لەپڕێ

مەحوی

کورته شیعره‌کان

حه‌سیب قه‌ره‌داخی

(۱) باران

ساڵێك ئاسمان له‌م زه‌مینه بێ‌تاوانه چوو به‌قینا
بارانی لێ گرتینه‌وه ،
ڕووباره‌کان هه‌ڵپڕووکان ،
سه‌رچاوه‌کان ده‌موچاویان چوو به‌قووڵا
مه‌لا بۆ نوێژی ئیستیسقا ڕووی‌کرده چۆڵ
دارو دره‌خت به گه‌ڕه‌کی کێوه‌کاندا ،
بووکه بارانه‌یان ئه‌برد .
که‌ڵکی نه‌بوو ،
ئاسمان دڵۆپێ بارانی هه‌ر نه‌باران !
ده‌نگێ که‌وته کووچه‌ی شاران :
زه‌وی ئه‌ڵێ
چار نه‌ماوه ، په‌نا به‌رن بۆ لای هه‌ڵۆ
هه‌ڵۆ ئامان .. هه‌ڵۆ ئامان !
له هێلانه‌ی به‌ر کاوه‌وه چریکاندی ،
شه‌قه‌ی باڵی بوو به برووسکه‌و چه‌خماخه

لە ئاسماندا گیرسایەوە ،
ئاسمانی چی ؟ لەترسانا گرێی یەخەی کرایەوە
هەڵۆم هەڵۆ ،
چنگێکی تیژی وای لێدا ،
سینگ‌و بەرۆکی وا دڕان
ئیتر باران لێزمەی کرد
تا کەوتینە بارانبڕان ..

(٢) ناخی خـۆم

ڕۆژێ ناخی خۆم کردەوە
بەچراوە پیایا گەڕام
لە زۆر جێدا دەستەونەزەر ڕادەوەستام
ئەچوومەوە دۆخی ئیلهام
کە وردئەبوومەوە ئەموت :
بۆ وێرانە ئەو هەڵوێستە ؟
بۆچی خوارە ئەو هەنگاوە ؟ ،
ئەوە کۆچی ئەوینمە ،
سەدان مۆمی شیعرم هەیە ،
بۆ یەکێکیان هەڵنەکراوە ؟
ئەوە جێگەی سووتانمە ،
بۆ پشکۆیەك جێ‌نەماوە ؟ ! .
ئەوە دەرگای ئازارمە ،
سەرکلۆمەو خڕکراوە ،
ئەوە پیشانگەی یادمە ،

نای کەنەوە داخراوە •
کە گەیشتمە نەزەرگەی تۆ بۆ خۆم چەقیم
ئەوساکە چاك تێـگەیشتم ،
تەنها لەبەر تۆیە ئەژیم •

(٣) لەبیرکردن

کاتێ ویستم لەبیری کەم ،
بەبیرما هات بیرکەمەوە •••
وەکوو بەهار گوڵێ بگرم بەدەمەوە ،
وەکوو کوردێك بە کۆڵی قورسی خەمەوە ،
وەکوو جۆگەی کەفچەرێنی
لێو بە قەراخی چەمەوە
وەکوو (وەلی) بە عیشقی پاکی (شەم) ەوە
بچمەوە لای ،
بمە پەنای
ڕۆژێك ویستم لەبیری کەم
نیهادێکم پێ نەمێنێ
کە بۆن نەما با ، ڕەشەبا ، پەڕەی گوڵان
هەڵوەرێنێ !

(٤) شـەکاندن

ئەی کچی جوان ،
ئەگەر بەناو نیگایەکتا
ناخودای (١) خۆم بڕەتێنم

(١) ناخودا = کەشتییەوان •

بێ گومان بە کە دەتوانم ،
سەری لەخۆبایی‌بوونت ،
بە ئەستێرەی شیعرەکانم
وەك لقی‌دار بشەکێنم !

(٥) جەستە

کە ڕوانیم بە جەستەی خۆمدا ،
برینەکان وەکوو گوڵی کراوە بوون ..
خوێنیان دەتکا .
کاتێ ڕوانیمە دوژمنان ،
لەژێر باری ڕقی خەستیان لە ئارامم
پشتیان دەشکا ! .

(٦) تەشەر

هەرچی ئەبینی گیرفانی
پڕ لە تانەو تەشەر ئەکا ..
وەکوو خڕکە بەرد ئەیهاوێو ،
سەرو گوێلاك ئەکوتێتەوە .
هەرچەند گیزەی تەشەرێك دێ بەلای سەرما ،
ئەڵێم خوایە : ئەم پەتایە ،
چۆن داکەوت و ،
داخۆ بڵێی ببڕێتەوە ؟ !

(٧) بیســـمیللا

وتی :

کاروان کەوتە ڕێگا •••

وا لەدواوە تەمەڵەکان تازە بەدوای پشتێنیاندا

وەکوو سۆلسۆلە گڕئەخۆن !

وتم بۆ ناڵێی زۆرزانان ،

تا مەچەکیان لەچێشتایەو ،

دڵپاکەکان تازە « بیسمیللا »

دەست ئەشۆن ؟ !

(٨) کوڕە کەچـەڵ

کوڕەکەچەڵی سێبرا ••

هەرچەند ئەڵێیت کوا حیسابم ؟ ! ،

هەمووشتی بۆ ئەوانە ،

تێڵا نەبێ تیلای قورسی برایەتی ••••

کوڕەکەچەڵ بۆ تۆیانە !

تۆ کە حۆریت ، وەرە نێو جەنەتی دیدەم ، چەدەکەی

لەم دڵەی پڕ شەرەرو سینەیی سۆزانمدا ؟ !

نالی

کەڵ بژی

حیسام بەرزنجی

-١-

— دایە دە جووتە کڵاشەکی ئەوهاش بۆ من بچنە •

— راوەستە کوڕم هێشتان مایتت • هەتا باوکت هەبێ تۆ چی ؟

— هەیهوو ••• دایە گیان •• تۆ هیچ رات لـە من نیـە ، جارێـك شتێکیوام بۆ ناکەی کەیفم بە خۆ بێ لەناو قوتابیان •

— نا (سەردارە) کوڕم نا •• ئارامتبێ ••• جارێ بەخێر خوێندنت تەواوکە •• باوکتوانیش هەندەیان نەماوە بگەن بە مەرام ، ئەوجـە هەینێ با باوکت مشووریتان لێ بخواو بەتەنگتانەوە بێ ، بەڵکو منیش بۆخۆم نەختێك دەهەسێمەوە ••• هێسکم لەناوتان سووتا •• نازانم هامار بۆ کامەلا ببەم •• شوانتانم •• گاوانتانم •• جەنجەڕوانتانم ، دایکتانم ، باوکتانم ••• خەمخۆرتانم ••••

— جا منەتی چیمان لەسـەر دەکەیت •• دایکمـان نیت ••؟ ناچـاری بەخێومانکەیت • باوکیشم لە بۆ خۆشی خۆی ئێمەی بەجێنەهێشتووە، ئەویشـس هـەروەك زەلامی گونـدی بە ئەرکی سـەرشانی خـۆی هەڵدەستێ •

— باسی باوکت هەر مـەکە • تۆ سـێ سـاڵان بـووی کـاتی ماڵێی بەجێهێشتوەو بوویتە گورگی باران دیتە ، •

— بەڕاستی دایە ماوەیەکی زۆرە ، خوا قەوەتت بدا •
— ئەدی کوو کوڕم هەر بە قسە خۆشە •• تۆ وا تەمەنت بۆتە حەڤدە ساڵ ، لەهەینێوەڕا ئەو بوویتە میوانی ماڵی خۆی •
— گوێمەدەرێ دایە گیان ، هەر بزانە لە شەوەزەنگێکدا دیسان پەیدابووەوە ، ئەوساکە هەموو خەمو خەفەتمان لەبیر دەچێتەوە •
— خوا بکەم بەمەرگی چنەبێ •• قیڕسی لە من • هەموو جارێ کە دەیبینم ئاگرم تێبەردەبێ •• هەندە لاوازو بێتووکە ! ، بەناو ساڵیش کەوتووە ، تەمەنی خۆی لەو چەرمەسەرییە بردەسەر ••• خوا چاوی ئاغە کۆرە بکا یارەبی •
— بەخوادەنا دایە ئەمجارە بڕیاریانداوە هەتا « مشیراغە » هەموو زەوییەکانیان نەداتەوە شتاقەکیان نایەنەوە •
— کوڕم ، ئەوەی راستی بێ ، مست لە درێشە دەگەڕێتەوە ، ئەگەرنا بەخوای ئاغە ئەو قەرسیلی بنماڵانو عاردی جێجۆخینیش لە خەڵکی گوندی دەستێنێتەوە •
— تازە کار لە کار ترازاوە ، وابزانم ئەوجارە مل بە ئاغا کەچدەکەن •
— •• هەموو رۆژێ پێنج فەرزەی خوا لەسەر بەرماڵ دادەنیشمو دووعایان بۆ دەکەم ، هەر دەڵێم خوایە دڵی ئاغای گوندەکەی ئەولا هەروا نەرمکەی ، هەروا پشتیان بگرێو لێیان پەشیمان نەبێتەوە •
— دوێنی مامۆستاکانم لە قوتابخانە هەر باسی ئەویان دەکرد ، دایە ، دەیانگوت ئەو گەلەك زاڵمترە ، ئەوی پشتی بەوجۆرە کەسانە بەستێ برپرەی پشتی لە ناوەندێڕا هووردو هەڕا دەبێ •
— ئەدیکوو •• ئەرێوەڵڵا هەند زالمن •• هەند بێدێنن هەتا خوا دەڵێ بەس • ئەوانە ئەگەر بنە پردیش هەقوایە بەسەریاندا نەپەڕینەوە • بەڵام هەروەك باوکت وتی : ئەمجارە وەك جارەکانی تر

نابێ ، چونکە ئەو دوو شاخە هەردوك دوژمنی یەکن‌و پێی یەکتر دەدزنەوە • ئەگەرنا کوڕم بەخوای ئاغای گوندی ئەولاش هەر جێی ئومێدێ نیە •

-٢-

•• بەهار بوو •• بەرەبەرە سەرماو سۆڵ لەگەڵ بەفری سەرکەل دەڕەویەوە ، دەغڵ‌و کێلگەکان سەوز دەچوونەوە ، دەغڵ‌ودانەکان‌تازە پنجیان کردبوو ••• ! • « حەمەدەمین سەرکار » قیرپاچێکی لەدەست گرتبوو لەپاش نیوەڕۆیەکی درەنگ دیاربوو بەهەشتاوی بۆ گوندی دەگەڕایەوە •• قەرەبینایەکی لەخۆی بەستابوو دوو خەریتەی راست‌و چۆپیشی لەخۆی ئاڵاندبوو ، هات لەسیلەی مزگەوتێ مێخزنجیری بارگینی بۆرەی لێ داکوتاو‌رووی لە زەلامەکانی بەر سێبەری مزگەوتێ کرد •• ئەوانیش کە چاویان پێی‌کەوت هەموو دڕیان‌داو رێیان بۆ چۆل کرد تاچوو لەلای سەری لێی راوەستا، ئینجا دەستی بە قسان کردو وتی :

— خەڵکینە •• ئێمە هەموو خزمی گوندینە ، خەبەرێکم لایە ئێستا بۆتان باس‌دەکەم ، جا بەگوێی من بکەن باشترە لە یەکەکی بێگانە •••• ! • هەموو ئەوی کوڕی یان برای یاخود خزم‌و کەسی لە گوندی چوویتە دەرێ‌و سەرپێچیان لە فەرمانی ئاغا کردووە •• بڕۆنە دوویان‌و بیانهێننەوە ، با لە ماڵی خۆیان دانیشن کەس هیچیان لێ‌ناکا•• هەمووشت بڕایەوە •• ئیتر بەرەڤانیەتی ئاغامان گەڕایەوە هەموو شوێنێك •• با کەس خۆی پیاوخراپ نەکات ، هەمووشت تێك‌چوو ••• هەروەها وتی : دوێنێ ئاغای گوندی ئەولاو ئاغای خۆمان مەسلەتیان لەگەڵ یەك کردووە ، بڕیاریشیان داوە

لێرەوپاش ئەگەر مێشولەیەك تخوبی هەرلایەكیان ببەزێنێ ، ئەوان بە دووقۆڵی سەرەونگومی بكەن •

خەڵكەكە بەم دەنگوباسە هەموو دەمیان وەك تەڵەی تەقیوی لێهات ، لە جێی خۆیان سڕبوون ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچێكیان لەدڵەوە باوەڕیان پێی نەدەكرد چونكە زۆرجار درۆی وایان لێ بیستبوو دوایەش زوو لێی سپی دەبۆوە •

« حاجی مەلا شێخ رەسوول » ، پیاوێكی ورگنی پەرچەم درێژ بوو ، یەك دووجار دەستی بە ردێنە سوورەكانی‌دا هێنا ، ئینجا رووی لە « حەمەدەمین سەركار » كردو گوتی :

— حەمەدەمین ، من حەفتەك لەوەپێش لەلای « مشیراغە » بووم ، چ ئەو باس‌و بازاڕەی لێ نەبوو •• ! ؟

ئەویش نەختێك لمووزی بەرزكردەوەو دەستەكیشی هاویشتە بەر پژدێنی ئینجا وەڵامی دایەوەو وتی :

— جا یاشێخ ، ئەگەر ئێمەمانان سەرمان لە كاروباری ئەوانە دەرچێ بۆچی جێمان ئێرە دەبێ •••؟!•

ئەویش سەری رەزامەندیی بۆ لەقاندو وتی :

— بەخوا باوكم راستە ، ئەوانە كەروێشك بە عارەبانە دەگرن • ئیتر دوای ئەمە هەر زەلامە دەستی لە كەلەكەی خۆی وەریناو دوو دووو سێ سێ بەرەورووی ماڵ بوونەوەو پەرتەیان لێ كرد • «عەلی فیشەك» گرێ زەلامێكی تێكچەقی بوو ، كاتی خۆی ئەویش هەر سەری هەڵگرتبوو بەگەڵ نەیارەكانی ئاغا كەوتبوو ، بەڵام لەوێ هەندە رەختەو فیشەكی هەڵدەگرت تا تووشی نەخۆشی باداری بوو، بۆیە بە هەزار ئەملاو ئەولا هەتا ئاغە لێی‌بووردو هاتەوە لە ماڵی خۆی

دانیشمت • لەگەڵ « حەمە سادق » پێکەوە بەڕێگادا دەڕۆیشتن ، هەرپەکو پەکویان بوو، دەم نادەم لە بن لێوان یەکتریان دەئاخاوت•• بەڵام جارجاریش ئاوڕیان لەملاو لەولای خۆیان دەدایەوە نەوەك « وەسمانە گنە »و « قالە گرگن »یان بگاتێو گوێیان لە قسەکانیان بێ • « عەلی فیشەك » بەتوندی دەستی بە سمێڵیدا دەهێناو هەرجاری سێ چوار مووی بە ددانەکانی دەقرتاند ، دەمی خۆی لە بناگوێی « حەمە سادق » نزیك کردەوەو وتی :

— حەمە سادق ، دەبێ ئەوە راست بێ ••؟

ئەویش وەڵامی دایەوەو وتی :

— کوڕە دەبڕۆ ئەولای ماڵخراپ •• خۆ خانی چۆلۆکەی منداڵان نیە بە پێلەقەیەك بڕوخێ • ئەدی هەر دوێنێ نەبوو « عەریف جادر » لەناو کۆمەڵە زەلامەك وتبووی « ئاغا بە چیمان لێدا بەوەی لێی دەدەینەوە •• ؟ » •

— خۆ زۆر جار «حەمەدەمین سەرکار » ئەو قەوانەی بۆ لێدراینەوە ، بەڵام نازانم بۆ ئەمجارە دڵم کەوتیتە خەتەرە ، باوەڕ بکە دڵم ئەوها لێدەدا لەترسان ترینگەترینگی لێوەدێ •

« حەمە سادق »یش نەختێك دەنگی بەرزکردەوەو وتی :

— هەی ماڵت کاول نەبی هەی ••! گەر تۆ بڕوا بەمقسەیە بکەی ئەدی خەڵکی تر دەبی چ بکەن ••!•

— ئاخر دەزانی ئەوجارە قسەکانی « حەمەدەمین سەرکار » زۆر جودا بوون لەگەڵ ئەوانی پێشووی ••؟•

« حەمە سادق » بەتووڕەیی رووی تێکردو وتی :

— چ جیاوازەیەکیان هەبوو ؟•

— قسەکانی ئەوجارەی کورتو کرمانجی بوون ، نە گەفو گوڕی

تێدابوو ، نە لاواندنەوەو پاروو چەورکردنیشی تێدابوو ، زۆر بە بێ‌منەتی‌و بە لەخۆیی‌بوونەوە قسەی دەکرد •

— ئیستا ئەو حەوت‌و هەشتەی پێ‌ناوێ ، من بڵێم نێرەو تۆ بڵێی بدۆشە ، نەختێك ئارامت هەبێ ئیشەکە بە خۆی ئاشکرا دەبێ ، چونکە ئەم کارە کارێکی هەندە گچکە نیە کەسێ پێی نەزانێ •

— جا ئەگەر وابێ •• واتە ماڵمان کاول بوو و ئەە •• بەخوای ئاغە نایەلی ببینە ئاوخۆرەوەی گوندیش •

— چی ••؟ ئاوخورەوەی چی هەی خاك‌بەسەر •• گەر وابێ خاکمان لە توورەگە دەکاتن ، وەك مازی ناوتەبەق تەتڵەمان پێ‌دەکاو هەڵمان دەپەڕێنێ •

— ئەرێ وەڵڵا ••• وەکو قەساب بەناومان دەکەوێ‌و بە کلکی گۆپاڵ ئایەغ‌و نائایەغمان لێك هەرداوێری‌و ئەوسا دەماندا تە دەست نەوعای وەك « حەمەدەمین سەرکاری‌و » « وەسمانە گنە »و « قالە گرگن »و « جەمیل قۆڵ‌بڕ » ••

— ئۆە •• ئۆە •• ئۆە •• ئۆە •• ئەوجە خوا هاوارو خوا تۆبە •• بگرەو بکوژەو بدزە •••!•

- ٣ -

ئەو دانی ئێوارەیە گەلێك کش‌ومات‌و خەمناك بوو ، خەڵك هەموو دەتوت بێ‌سەر دەڕۆن‌و خوڵ‌ودۆیان بەسەردا کراوە••! ماڵەکانی گەڕەکی « ئاشی » دەڕۆیشتن بۆ گەڕەکی « بن‌گرد »ی ، هی « بن‌گرد »یش دەچوونە گەڕەکی « باخچە » ، هی « باخچە »ش دەچوونە گەڕەکی « کەندێ » •• هەموو تێك‌قرقرا بوون ، سەریان لێ تێکچووبوو •••! ، میرزاو مامۆستاو مەلای گوندو قوتابی‌و هی‌تریش هەرچی خەت‌و قەڵەمی

هەبوایە چاوی بستەك عاردی نەدەدیت لە عەژمەتان ، جوتیارو شـــوان‌و بەرخەوان دەستیان داری نەدەگرت ، کابان‌و کەیبانوو هەموو شیویـــان بەمەنجەڵەوە کزکز لەسەر ئاگر دەسووتا هەستیان پێ نەدەکرد وەها وڕو گێژ بووبوون •• کەس نەیدەزانی چدەکاو چناکا •••!•

هەموویان بەتێکڕایی لـەدوو سۆراغی ئەم دەنـگو باسە دەگەڕان ••بەڵام هەموو مەولودیان لەخۆگرت‌و دەستیان پاندەکردەوە کەوا راست دەرنەچێ • لە هەمووی سەیرتر ئەمـەبوو « وەسمـانە گنـە »و « قالـە کرگن » و « جەمیل قۆڵبڕ » ••• هتد لە هەمـوویان تەنگاوتر بوون ، ئەوان لە هەمووکەس زیاتر پـێ تێك‌چووبوون، بە دوو دەستان خۆڵیان بە سەرو کۆکری خۆیان دەکردو گوڕگوڕ فرمێسـکیان لە چاو دەهـاتە خوار •• بەڵام وەنەبێ لەبەر دڵسۆزی خەڵـکەکە بێ •• یان غیرەتیان بزووتبێ و دەماری پیاوەتیان لێ روابێ •• نەخێر لەبەر ئەمە نەبوو •• هەڵکو ئەوانیش بـۆ نانی خـۆیان دەگریان ، چـونکە دەیانزانی ئیتـر ئەوانیش‌لێرە پاش ئاخوڕیان بڵند دەبێ چـیتر سـەفتەی دینارو خواردنی چەورو باراش‌و داناشیان نادرێتێ •• ! •

بەرەبەری رۆژئاوا بوو قەوغایی کەوتە گوندو بووە چبوو•• چبوو•• کاتێك لە ئاوایی بووە دەنگ گوایە « مامەندی پلکە جەمرە » بەخشراوەو هاتوتە ماڵەوە •• ئیدی خەڵکی گوندی هەمـوو وروژایە ماڵی « پلـکە جەمرە » •• کە چـوون دیتیان وا « مامەنـد » لەسـەر پارچە لبادێـك هەڵکورماوە بستێك ردێنی هاتووە ، پێڵاوە لاستیقەکانی لەلای پێ‌ینگانێ هـەریەکی بۆلایـەك فڕێداوە • بـەڵام لەدووررا هـەروات دەزانی هێشتان بەروبڕ دێن‌و خەریتەی جارانی لەخۆ ئاڵاندووە ، کەچی کە لێی نزیك‌دەبوویەوە دەتدیت ئەمە جێ‌شوونی خەریتەکانە کە هێشتان وێنەو

شوێنەواری لێماوە • هەموو ماندوونەبوونیان لێ کرد • « فەقێ برایم »
لێیچووە پێش هەندێ ئامۆژگاری بکا ، وتی : ـ مامەندە کوڕم ئەوە تو
هاتیەوە ••!•• هاتیەوە •••!• خواکارت راست بێنێ ، بـەڵام چ درۆو
دەلەسانیش بڵاومەکەوە بڵێی چ نەماو ئاوی لـەبن وەرکرا • بۆخـۆت
بەکڕی دانیشە ••!• « مامەند » کە گوێی لەم قسەیە بوو ئیدی چیتر
خۆی پێ رانەگیراو دایە پڕمەی گریان •• بەڵام چ گریانێـك لـە ناخی
دڵو دەروونو دەمارەکانیدا دەهاتە دەرەوە• ئەوان لەم تێکەو لێکەیە بوون
کاتێك « سالار » هاتە ژوورەوە بە هانکەهانك رووی لە « فـەقێ برایم »
کردو وتی :

ـــ باوە •• باوە •• ئەوە « رۆستەم »ی براشم لەگەڵ « کاکەوڵا »و
« لاوکۆ » وا گەیشتنەجێ •

« فەقێ برایم » هەڵسایەوە سەر پێیانو وتی :

ـــ کورە کوو ••؟•• دەبێ ئەوە کوڕی من نەبێ • « پاشان رەتەکی
برد گەر قۆڵیان نەگرتبا لەسەر ڕا دەکەوتە ناو کەونە چاڵەکەی حەوشی
ماڵی پلکە جەمرە » •

ئیتر لە ئاوایی بووە مقۆ مقۆ ، ئەو دەنگوباسی رەشەی کە بیستبوویان
هەمووی راست دەرچـــوو ، ئینجا خـــەلك تێگەیشـــتن کـــەوا چی
روویداوە ••!• هەموو دەیانوت : « نەخێر ئەو زەبرە نە زەبری وەك
چەند جارەیە •• ئەوە زەبرەکی وایە مرۆی پێ داغ دەبێ ••• » •

ئینجا ما خـەڵك هـەرکەس چـاوەڕێی خـزمو کـەسی خـۆی
بکـا •••!•• دەمنادەم دوودوو و سێسێ خـۆیان دەکـرد بە گـونداو
بێئەوەی قسە لەگەڵ کەس بکـەن •• هەرکەس بەکڕی دەچـۆوە ماڵی
خۆی •• هەموو دەتوت کـوندەی خوێنو ژەهرنو پڕتکردوون لـــە

باررووت‌و بەنزین ، ئەوها پڕ هەڵمابوون ، لە قەهران‌و لە خەفەتان لەگەڵ سێبەری خۆیان بەشەڕ دەهاتن ، بەڵام چشیان نەدەوت •

دایکی سەردار ، هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە کەوا پیاوەکەی ویش بە دەست‌بەتاڵی دێتەوە ، دەیوت ئەوانەی هاتوونەتەوە هێشتان تام شیری خاویان لە زاری دێ بۆیە بەرگەی دەربەدەری‌و مشەختیان نەگرتووە •• بەڵام دڵیشی زۆر دەترسا •• لەگەڵ ئەوەش هەند بڕوای بە سەرداری خۆی هەبوو دەیوت هەرگیز ئەو قەڵایە رووخانی بۆ نیە •

شەو راشکا چرایەك لە گوندی نەدەبریسکایەوە ، ئاوایی کشومات بوو ، وا دەهاتە بەرچاو کەوا ئەم خەڵکە هەموو بەجارەکی مردوون یان نوستوون •• ، بەڵام کە لە هەر ماڵێك نزیك دەبوویەوە دەتدیت پێنج پێنج‌و شەش شەش ئەوە لەگەڵ یەك دانیشتوون‌و فسکەفسکیتیان‌و جگەرە دەکێشن ، هەر دەیانەوێ بزانن ئەم شتە چ‌بوو وەها کتوپڕ رووی‌دا • دایکی سەرداریش لەگەڵ مناڵەکانی‌دا هەر لە بەرسفکەکەدا دانیشتبوون‌و دڵیان شایەد بوو دەیانزانی ئەمشەو « مەجید میرزا » پەیدا دەبێ • ماوەیەکی پێ‌چوو هەروەك چەندجارە لەلای دیوارە نەویەکەی کۆزی بەرخان بووە خشپە خشپ • دایکی سەردار گەلەك دەنگی‌دا چوەڵام نەبوو ، کاتێك دەنگی خشپە خشپەکە زیاتر بوو بەڵام تەنها تەپەتەپی پێی یەك‌کەس دەهات ••• هەموویان هەر سەیری جێی تەپەتەپەکەیان دەکردو هەستی خۆیان راگرتبوو • کاتێك ئەوکەسەی چاوەڕێ‌یان دەکرد لەناو تاریکیەکە هاتەدەرەوەو بەرەو روویان هات ، لەدووررا هەموو لەبەری هەڵسانەوە •• مناڵە وردەکانی هەموو شاد بوون بە بینینی باوکیان ، بەڵام زەلامی تایەن دووقەد ببۆوە ، ئەمجارە لوولەی تفەنگەکەی سەرەوژێر کردبۆوە • دایکی سەردار رووی‌تێ‌کردو وتی :

ـ مەجید کووە بەتەنهای ؟ •• ئەدی هەڤاڵەکانی چەند جارەت بۆچ لەگەڵت نین ••؟

« مەجید » خۆی سڵنەکردو باگۆی نەدایەوە •• بەڵام هەر لێیان نزیكدەبۆوە ، مناڵە وردەکانی خۆیان بە باوەشیدا دا ئەویش بێئەوەی سەری بەرزکاتەوە یەكیەك دەستی بەسەریدا دەهێنان ، ئینجا رووی لە مناڵەکان کردو وتی :

ـــ یارەبی خوا تۆڵەی ئێـوە بستێنی •• کە ئـەوەندە بە بێبـاوکی گەورەبوون • « دوایی سـەری بەرزکردەوەو چـەند هـەڤاڵێکی خـۆی کەوتنەوە بیر »و وتی :

ـ مناڵی واهەیە لە سکی دایکی بووە کە باوکی نەماوە ، ئێستا دەبێ ئەوان چیبکەنو بیشیان بە چی خۆش کەنەوە •؟ دایکی سەرداریش هەر لەپێوان راوەستابوو دەیویست جێی بۆ رایەخێ بەڵام گوێی بۆ قسەکانی شل کردبو ، کە ئەو قسەی لێ بیست ، ئەویش هەڵیدایێو وتی :

ـ خودا ئاغـە کۆرەو زەلیـل بکـا بـۆ خـاتری غەوسی بەغـدایە

مەجیدیش رووی تێکردو وتی :

ـ ناوەڵڵا یارەبی خوا یەکەمجار خـۆمان بگرێ •••! • لەپاشـان دایکی سەردار بەپەلە چوو گێسکی لە ژوورەکە داو مافورە لاکێشەکەی هێنا لەسەر لبادەکەی راخست ، ئینجا وتی :

ـــ دە وەرە جارێ دانیشە با تۆزێك ماندووت بحەسێتەوە •• !

ئەویش بێئەوەی لەگەڵیان بئاخڤێ یاخود یاری لەگەڵ منالـە وردەکانی بکا ، تفەنگو خەریتەکانی لە خۆی کردەوەو لەتەك خۆی دانان ، هـەر دۆشدادەماو سەری خۆی بۆ عـاردی شۆڕدەکردەوە • خێزانەکەشي

هەر بەدەوریا دەهاتو دەچوو • مەجمەی خـواردنی هێنا لەپێشـی دانا بەڵام ئەو دەستی بۆ درێژ نەکرد ، چـای بۆ هێنا چاشی نەخـواردەوە ، ئاوی بۆ هێنا ئەویشی نەخواردەوە • « سـەردار »و « دایکی سـەردار » هەر دەیاندواند ئەویـش هەر لەکـورتی دەیبڕیەوە • پاشـان « دایـکی سەردار » دەستیکرد بە هەڵبژاردنی ژوورەکەو دەیویست گوڕاحییەکی بخاتە دڵی ، هیچ کەڵـکی نەبوو ، ئینجا ژنە وتی :

ـ چیتر هەندە هـووردو باریك لێمـەکە •• دەوجـە با بەس بێ خۆت کوشـت ، هەی ماڵداری کـەرێ رەنج بەخەسارێ • « مەجیـد » نەختێك بەتووڕەیی تێیڕوانی پاشان سەری داخستەوە • «سەردار»یش کە تازە هەڵدەهات یەکەکی مووڕەشی چاوگەش بوو تازە خەتی سـمێڵی دادەنان ، لەخوار باوکی دانیشتبوو و هەر لێی ورددەبۆوە •

ئەویش لەجێی خۆی پاڵیدایەوە ، تفەنگو خەریتەکـەشی لـە باوەشی خۆی گرت • خێزانەکەی وا تێگەیشت کەوا دەنوێ خێرا چوو جاجمێکی یەکلای پێدادا ، بەڵام ئەو دەتوت کێچی کەوتۆتە کەوڵی ، هەر ئەملاو ئـەولای دەکـردو دەمنادەم دەکـۆخیو ئاخـێکی لـەگەڵ هەڵدەکێشا ، ناوەناوەش جگەرەیەکی پێدەکرد • خێزانەکەی گەلێـك هەوڵیدا نەختێك ئازاری کەمکاتەوە سوودی نەبوو ، ئینجا پێیوت :

ـ مەجید تۆش سایلی ئەو هەموو خەڵکە ، خۆ لەوان زیاتر نی •• ؟ •• لەگەڵ عامێ دەچمە شامێ •

« مەجید » یش بە دەنگـێکی نزم باگۆی دایەوەو وتی :

ـ بۆچی « ئەسمەر » ، رەنگە ئەو خەڵکە وەکو من نەبنو هەمـوو شاییو زەماوەندیان لەپێش دەرگا بگەڕێو دڵیان گەلـەك خۆشـ بێ •• ؟ ••• ها ؟ •

— تازە لەدوو چوان مەچوو ••• « دوایە دەستی درێژکردو وتی » :
دەبینە تفەنگەکەت بینە بەدارێی وەبکەم •• ئەو بەرچیغە چیـیە
هینایتەوە مالێ •• تازە بەکەلکی چ دێ •• ؟
ئەویش بە قورگـێکی پڕ لە گریان وتی :

— هەر ئەوشۆی لەلام مایە •• توخوا با تێر لە باوەشی بگرم •• داخوا
سبەی « حەمەدەمین سەرکار » بە شانی چ تۆرپەکی وەدەکا •• ! •

لەپاشان بەزۆری خێزانەکەی تفەنگ‌و خەریتەکانی هەلگرت‌و بـە
سنگی وەکردن • ئەمشەوە هەرکەس بە دڵێکی پڕ لە خەم‌و خـەفەتەوە
چووە سەر جێ‌و بالینگانی خۆی • کەلەبابی ژن زیز بوونان بانگی دا •••
کەلەبابی نیوەشەویش بانگی‌دا •• « سەردار » سەیری باوکی کرد هێشتان
هەر نەنووستبوو ، خون خون فرمیسکیش لە چاوەکانی‌را دەڕژانەسـەر
بالیفەکەی • بەلام کە کازیبەی بەیانی‌دا ئینجا نەختێك بۆرژا •

-٥-

هێشتان خۆر گزنگی نەدابوو ، قەدپاڵ‌و ملە زوورگەکان هەر بۆر
دەچوونەوە • کاتێك « ئەسمەر » بە دەنگـێکی بـەرز هـاواری کـرد :
« کوا سەردار ، کوڕە مەجید سەردار بزرە » • باوکی سەرداریش یەك‌رم
خۆی لە عاردی بلند کردو وتی :

— کچێ ئافرەت چقەوماوە •

ئەویش بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە وتی :

— سەردار لەجێی خۆی نەماوە ••• سەردار ••
باوکیشی وتی : — ئێ بەو ناوەختە کـێوە دەچی •• ؟

دوایه هەردوکیان بەناومالاّ دەگەڕان ، زەینیان دا تفەنگ‌و خەریتەکە لەشوێن خۆیان نەماون •• دایکی بەپەلەچوو سەیری کرد ئـەو جووتـە کلاّشەی بۆ « مەجید » ی مێردی چنیبو ئەویش بە خۆو بە جووتە گوریەو بەلەکپێچەکانەوە لەویٚ نەماون •• هەردوك واقیـان‌وڕما •• لەدوایـیـدا « ئەسمەر » چووە دەرەوە ، لەقـەد زوورگی دیتی ئەوا « سـەردار » بەگردی‌دا هەڵدەگەڕیٚ ، بەلاّم چ « سەردار » ەك ، دەڵیٚی خەنجەری دەبانە ، هەتا چۆکی خۆی هاویشتۆتە ناوگۆریە ، ڕەخت‌و فیشـەکەکانی باوکی هەموو لەخۆ ئالاّندوەو تفەنگەکەشی لەسەر شانی داناوە ، ئەوا وەك گورگی فەرخەخورای لەخۆی هەڵدەداو دەڕوا •• ! • دایکی بەسەربانی کەوت‌و گەلەك بانگی کرد : « کوڕە هۆ •• هۆ •• سەرداره کوڕم هۆی•• بگەڕێوە •• چیتر جەرگم بەشیش وەمەکەن •• » دادی‌نەدا •• لەبەرچاو ون‌بوو • لەدوایـیدا لە سەربانی هاتەخوارەوە ، ویستی بە پیٚیان بکەوێتـە دووی ، بەلاّم « مەجید » لیٚ‌نەگەڕا ••• ! و بەزۆر گەڕاندیەوە ژووریٚ •

فەرهەنگۆك

ئاو خۆرەوە : ئەو پاڵەیە کـە لە دیٚدا دادەنیشـێ هیـچ زەوی‌و زارو مەڕومالاّتی نیە •

باگۆ : وەلاّم •

بەرسـفك : هەیـوان •

بەرچیـغ : ئەو دارەیە دەدرێتە بەرچیغی رەشماڵ •

بەرەڤانیەتی : حـوکم •

پەکـو : وشەیـەکە لەکاتی خـەم‌و خەفـەت دەردەبڕدریٚ لەجیـاتی « بەداخەوە » •

خـەریتـە : ڕەخت •

خۆی سرنەکرد : خۆی تێکنەدا ، بەسەر خۆی نەهێنا •

داناش : ئەو دانەوێڵەیە کە بۆ ساوارو بڕووش ••• هتد دەبرێت بـۆ ئاشـ •

سـەردار : سەرەڕای ئەوەی ناوی مرۆیـە ، بە واناى « مێـرد » یـا « خاوەن ماڵ » یش دێ •

سـایل : وەك •

فسکەفسك : قسەکردن بە دەنگـێکی نزم •

قەرەبینا : جۆرە دەمانچەیەکی کۆنە •

قەوغایی : قەڵەبالغی •

قیرپاچ : شیشەیەکی بۆ لەدەستگرتن بەکاردێ‌و تێل یان وایەری لێ دەئاڵێنرێ‌و وەك حەیزەران شلکە •

گوڕاحی : خۆشـی ، شادی •

لێك هەراوێردن : لێك جیاکردنەوە •

مەسلەتی کردن : پێكهاتنەوە •

مەجمە : سینی ، خوان •

مێخزنجیر : سـنگ •

هامار : پەلامار •

بۆ دووسەد ساڵەی شاری نازداری سلیمانی

ساڵی ١٩٨٤ تەمەنی ئەو شارە نازدارەی کوردستان دەبێت ، بە دووسەد ساڵ • زۆر لەجێدایە ، کە هەموو یا زوربەی بەرهەممان لەوساڵەدا بۆ ئەو یادی دووسەد ساڵەیە تەرخان بکەین •

دوسەد ساڵی بەنرخی مێژووە،دووسەد ساڵی بەخششە ، دووسەد ساڵی خەباتو هەڵمەتو قوربانی‌یە •

شاری تێکۆشان ، شاری شیعرو پەخشان، شاری پیاو گەورەو مەزنان ، شاری بابان‌و شێخی قارەمان ، شاری ئاوازو قسەخۆشان ، شاری ڕقدەربڕین‌و پڕبەدل جنێودان ، شاری مەردان •

ئەگەر تەمەن ماو نووسەری کورد•• ما ، وا لە ژمارەی داهاتووەوە بەرنامەیەکی کاری ساڵانە بۆ بایەخی بەرزی ئەو شارەو ئەو یادگارە بڵاودەکەینەوەو خۆشمان دەست دەکەین بە بەشداری‌و بڵاوکردنەوە • ئەگەر ژمارەی گۆڤاریشمان لێرەدا وەستا ، ئەوا ئەم چەند ووشەیەو ئەم چەند یادگارە

بڵاوکراوەیە ، سەرەتاو وەسیەتنامەی « نووسەری کورد » ی ئاوابووە ، بۆ گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی‌یەکان کە لەجێی ئێمە ئەو دووسەد مۆمە لەوساڵەدا هەڵکەن ، هەروەك وەسیەتنامەی یەکێتی‌ی نووسەرانی کوردە بۆ هەموو شاعیرو نووسەران کە ناوی خۆیان لەتەنیشت ئەو مۆمە گڕو ڕووناکی‌دارانەوە تۆمارکەن‌و دەرفەت بۆ بەرهەمی خۆیان بدۆزنەوە تا بڵاوبکرێتەوەو بگاتەوە خەڵکی بەوەفای شاری سلیمانی •

ئەمە ئەرکی ئێمەیە •• هەرچی هاونیشتمانانی‌ترە ، ئەوە ئەوانیش هەریەکە ئەرکێکیان بەرامبەر ئەو شارەو ئەو یادگارە هەیە ، هیوامان وایە بەجێی‌بێنن •

لە زمان هەڵۆیەکی بریندارەوە

مەحوی ئەڵێت :

(بێستوونی عەشقی شیرینێك ئەوا هاتۆتە پێش)
(گەر لە حەق بێم ، یا نەیەم ، تەقلیدی فەرهادێ ئەکەم)

« کاکەی فەللاح »

حەمەکانم هەڵگرتووە
بە هەورازی ژانەکانما سەرئەکەوم
بە شەبەقی زامەکانما مل‌ئەنێم‌و
ئەنێمەوە

لەبەر کڵپەی خوێنە گەشە ڕژاوەکەم
سروودی داستانەکەی خۆم ئەڵێمو
ئەڵێمەوە :

وا بۆ سەدوپەنجا ساڵـــە
ئەرخەوانو داری ژاڵـــە
یان گوڵاڵـــە
لەم شاری ڕەشەبایەدا
تێراوی کانیاوێـــکن
لە جێگەی ئاو ، خوێنی ئاڵـــە

سلێمانـــی !
قۆچەکەی ڕۆژی قوربانـــی
شاری وەیشوومەو ڕەشەبا
لەوڕۆژەوە
هەوری چاوی هەردوو چامەی
نالیو سالـــم
لەم وڵاتی شارەزوورە
بارانێکی ڕەهێڵەیەو
لە خۆشکردنەوەوە دوورە
لەوساتەوە
هەڵۆیەکم بریندارم
لەم چیاوە بۆ ئەو چیا
خۆم ئەگێڕم

لەدەوری سەری ئەم شارە
بێقەرارم

نەخشەکەی من
بە دەستی ڕاوکەرانەوە
ئەڵێم بۆ دێوجامە لـوا
لە گیرفانی سیاسەتی ئەمو ئەوا
حەشار درا
سنوورەکەم لە تاریکیی نیوەشەوا
پێشێل کرا
مرۆڤو خاکو ئاوەکەم
لە قەسابخانەی پیلانی دەوڵەتانا
لە سیقەرا ، لە لۆزانا
چەشنی گۆشتی قوربانی
بەئاشکرا
لەتلەت کـرا
لەگەڵ هەموو ئەمانەشا
ئەگەرچی زەدەو پێکراوم
من ئەو هەڵۆیەم هەر ماوم
بۆ هەناسەی خاکو ئاوم
بۆ نەخشەو هێلانەو ناوم

گەر باوەڕ بە بوونم ناکەی
برۆ لە ڕەشەبا پرسە
ئەو ئەزانێ

منی هەڵۆ ، سەرسەختێکم
درەختێکم
چی گەڵای لێ هەڵوەرانم
چەن لق‌وپەلی شکانم
هەرچی ناشێ‌و ناکرێ‌یە
شیاو کردی
ئنجاکەمێ لەلای وایە
مردن ملم پێ کەچ‌ناکاو
رەگەکانم
بە دەروونی خاك‌و ئاوێکا
ڕۆچوون‌و
بوونە ناخی ئەو رۆژگارو مێژووەی
لەبن‌نایە
باوەڕبە ئازارم ناکەی
بڕۆ لە ئەستێرە پرسە
ئەو ئەزانێ
ئاخۆ چاوی شەوگاری
کارەساتی من
تاقە وەنەوزێکی دیوە

کێ نایزانێ ، کێ نەی‌دیوە
نەی‌بیستووە
لە رۆژگارێکی ڕەشا
لە ئەشکەوتێکی تۆڵەدا

سەدان چاوو دڵی منیان
بە ئاشکرا
وەکوو پەڵو پووشی پایز
لەبەر زەقەی چاوی مافا
کە ئاگردا
ئێستەش لە چاوی مێژووا
دووکەڵی ئەو بۆچڕووکە
لەودەمەوە
هەر ماوە خۆی ئەخواتەوە
نەء منو تۆ ئەخواتەوە

کێ نایزانێ ، کێ نەیدیوە
نەیبیستووە
لە پارچە جەرگێکی ترا
ئەستێرە گەشەیەك هەڵهات
بۆ نەورۆزو بۆ بەهاری
بارانێکی رەحمەت باری
بەدەم وەشتی بەیانەوە
هەزاران گوڵ گەشانەوە
کوێرەکانی سەدان خولیاو
هیوای بەرز ژیانەوە
تا پەڵەهەورێکی چڵکن
وەك ژەهری مارێکی ڕقن
لە ئاسمانی ڕۆژئاواوە
پەلەپەل گەیە ئەم ناوە

کردی بە گرمەو لافاوێ
بە بروسکەو بە گێژاوێ
هەرچی هەبوو
ئەستێرە ، گوڵ
کانی ، نەورۆز
شنەی شەماڵ
خولیا ، خەیاڵ
هەمووی کردن بە کۆی زوخاڵ
شیرینی لێ کردم بە تاڵ

تا لە ئاسۆی مەهاباتا
وەختەبوو برینەکانم
سارێژ ببن بە کۆمارێ
جا ببمەوە بەو هەڵۆیەی
پڕ بە گەروی ئەم دنیایە
هاوار بکەم
بچریکێنم
بزریکێنم :
منیش وەکوو ئێوە هەمو
خۆشەویستی زۆرم پێیە
هیوای جۆربەجۆرم پێیە
دڵێکی وەك خۆرم پێیە
کەچی دڵۆپێ دەنگ نییە
لە بارانی دەنگەکانا
بلێ وایە

لێرەش بەرازی بەلەسە
ڕەوە گورگی پەروەردەی قین
دڕندە مرۆڤخۆرەکان
شفرەو کەڵبەی خڵتانی خوێن
کۆماری کرد بێسەرو شوین

لەوساشەوە منی هەڵۆ
منی گۆشکراوی چیای
گەردن بەرزو لوتکەدارم
بە ئاسمانی فڕینەوە
لێرەو لەوێ
هەر کاروانی کۆچ ئەبینم
قۆچو پرسەی قۆچ ئەبینم
کانیو کاریزو سەرچاوە
ئەبینم بێنازی ئاوە
ئەستێرەی دێ ئەکوژێتەوە
میوەی ساوای سەرسنگی دار
تینووەو بەرئەبێتەوە
بـــاخ
بەگڕی دۆزەخی تاڵ
سەرانسەر بۆتە ئاخوداخ
نە کەس ئەڵێ ناوت هەیە
نە خاکو نە ئاوت هەیە
نە مێژووەو نە نیشتمان

نه بەردەکێلی ناونیشان
بۆ ڕەتان‌و ستەم نەبێ
کەس بیری ناکەوینەوە
لەسەر دڵی بێ‌دڵەکان
خەمێکین ناڕەوینەوە

منی هەڵـۆ
لە پارچەکانی جگەرما
ئەم ژانانە دێن‌و ئەچن
هەر پێچ ئەخۆن‌و لوول ئەبن
چاوێکن لە گل ناکەون
ئازارێکن هیچ ناخەون
بەڵام تیمەی توخم هەڵۆ
تیمەی چیا سەربەرزەکان
گۆشی ئازارو ژانەکان
هیچ بە کڕنووشی نامرین
بە مەرگی خوایی نامرین

منی هەڵۆ
لەم ئاسمانە بەرزەمەوە
بۆ خۆم‌و بۆ هێلانەکەم
بۆ کوردو کوردستانەکەم
چاوم بڕیوەتە ئاسـۆ
چاوم بڕیوەتە ئاسـۆ

شەوانی سلێمانی

محمد امین پێنجوێنی

کـە دوور بم لێت ئەزانم نرخی زێڕت
کولوورو گەنجی دنیایە
نزیك بم لێت‌و لات بم ،خۆشەویستیت
بەهرەیەکە قەت لـە بەها نایـە ...
وتم : بـا دڵ بترسێنم بە دووریت
کەچی وا هەر (ڕوو) لە تۆیەو لەل (۱) من نایە
لەبەینی (تۆ) و (دڵ) ا سەرگەردانە هۆشم
بەڵام وا مەیلەکەی هەرگیز (بەرەودوا)یە !
(گوزار) ی (۲) چی ؟ چاوەکەم ، من شەڕەفرۆشم ...
کە سوژدەی (بەندە) هەر بۆگەورەییی (خوا) یە ...

بودابست
٦ - ٩ ١٩٨٢

---

(۱) لەل : لەگەڵ .
(۲) گوزار : گەشت .

چاوی بەردە قارەمان ...

محمد نوری توفیق

زۆر جار کــە باوکم باس و بەسەرهاتێکی بۆ ئەگێڕاینەوە ناوی لێ ئەنا هەقایەت ، وابزانم ئەمەش هەر لەبەرئەوە بوو کەئێمەی منــدال حــەزمان بەوە ئــەکرد کە هەمــوو ڕووداوو کارەســاتێك لــە قالبــی چیرۆکدا بێ خۆشترو ڕەوانترە ، یان هــەر خۆی ـ وەك ئەیــدا بەگوێمانا ـ حەزی ئەکرد پەندو عیبرەت لــەو چیرۆکانە وەرگرین کە ئەو ناوی هەقایەتی بەسەردا ئەبڕین ؟ ..

لــەو هەقایەتانەی کــە تائیستا ڕۆژگار لە دووتوێی شــانەکانی مێشکما نەیسڕیونەتەوە ئەم چیرۆکەیە کەئــەو بە هــەقایەتی کاکیلێی ناوئەبردو بەم مانایەی لای خوارەوە بوو ..

تازە سوپای داگیرکەر (مەبەستی لە ئینگلیزەکان بوو) بەرەنگاری داواکانی کورد ببۆوەو هیرشێکی بەربلاوی هێنابووە سەر ولاتەکەمان ، سوپاو ژەندرمەکانیان ، تۆپ و فڕۆکەکانی لە هەمووڵایەکەوە کەوتبووە شەڕ بێ فرۆشتن و لێــــدان و دابێژانی شارو دیهاتەکانمـــــان .. شێخ (مەبەستی شێخ مەحمود بوو) لەگەڵ جەنگاوەرو دەستەو دایەرەکــەیا لەبەر پاراستنی گیانی خەڵکی بێ دەسەڵاتی ناوشارەکان ، پەنایان بردبووە بەر چیاو ناوچە سەختەکان، لەوێوە خۆیان کۆکردبووەوە بۆ بەربەکانێی

دوژمن‌و شه‌ڕ له‌گه‌ڵ کردنی، پۆل پۆل خه‌ڵکه‌که‌ی سه‌ر به‌ شێخ به‌سه‌ر ناوچه‌ هه‌مه‌جۆره‌کاندا دابه‌ش‌بوون بۆ پاراستنی نیشتمان ، به‌ڵێنیان نوێ ئه‌کرده‌وه‌ که‌ له‌پێناوی رزگاری‌و سه‌ربه‌خوییدا بجه‌نگن‌و به‌فرت‌و فێڵ‌و سویند و به‌ڵێنی ئینگلیز فریو نه‌خۆن ... له‌ زۆر لاوه‌ ، سه‌ره‌ڕای که‌می چه‌ك‌و تفاقی شه‌ڕو توانای به‌رده‌وامی به‌ره‌نگاری له‌گه‌ڵ ئه‌و دوژمنه‌ به‌ده‌سه‌ڵاته‌دا ده‌ستی گه‌وره‌و گرانیان له‌ داگیرکه‌ر ئه‌وه‌شاندو له‌زۆرلاوه‌ شکاندیانن‌و سه‌ریان پێ دانه‌واندن ، شه‌ڕ تا ئه‌هات په‌ل‌و پۆی ئه‌هاویشت‌و پان‌وبه‌رین ئه‌بووه‌وه‌ ، دوژمن هه‌موو کوردێکی به‌ جه‌نگاوه‌ر و سه‌ر به‌ شێخ ئه‌زانی‌و له‌گه‌ڵ ئه‌واندا ریزی ئه‌کردن .. له‌ناو کوڕانی شار و لادێدا که‌سانی ئه‌وتۆ سه‌ودای ئازادی له‌که‌لله‌ی ئه‌دان ، ئازایی‌و چالاکی‌و نه‌به‌ردی له‌ ناوچه‌وانیان ئه‌باری .. تا ئه‌هات خه‌ڵکه‌که‌ پڕ چه‌ك‌و باوه‌ڕ ئه‌بوون بۆ ده‌ربه‌ڕاندنی داگیرکه‌ر ، هه‌ر رۆژه‌ له‌لایه‌که‌وه‌ ، گه‌رمیان‌و کویستانیان له‌ دوژمن کردبووه‌ دۆزه‌خ ، هه‌رده‌مه‌ له‌ شوێنێکه‌وه‌ ، هه‌ر کاته‌ی له‌ ناوچه‌یه‌که‌وه‌ به‌ده‌میا ئه‌ته‌قینه‌وه‌و داخیان ئه‌نا به‌ دڵی‌یه‌وه‌ .. له‌و تاقم‌و کۆمه‌ڵانه‌ له‌م ده‌شتو بنارانه‌ی خۆماندا ته‌نیا پێنج که‌س کارێکی ئه‌وتۆیان به‌ داگیرکه‌ران کرد که‌ هه‌تاهه‌تایه‌ ئه‌بێ مێژوو به‌رێزو نه‌وازشه‌وه‌ پیایانا هه‌ڵبداو باسیان بکات .. ئه‌و پێنجه‌ به‌ چه‌کو که‌رسه‌یه‌کی که‌مه‌وه‌ توانی‌یان سه‌ر به‌ ژماره‌یه‌کی یه‌کجار زۆر له‌ سه‌ربازو تۆپ‌و فڕۆکه‌ی دوژمن شۆڕبکه‌ن له‌شه‌ڕێکدا مه‌گه‌ر هه‌ر له‌ده‌ست ئه‌وان هاتبێ . یه‌که‌میان :

ـ کوڕینه‌ به‌قوربانتان‌بم ، هه‌ر ڕۆژێکه‌ و ئه‌مڕۆ ، بتانبینم چی‌یان به‌سه‌ر دێنن .

دووەم :

ــ بەسەری تۆ کارێکیان پێ ئەکەین هەتاهەتایە لەبیریان نەچێتەوە •

سێیەمیان:

ــ چەپکە گوڵی دەستمان بۆ شێخ و هاوڕێکانیو هەمووجەنگاوەرانی چەپکێکی ئەوتۆ بێ لەوناوەدا دەنگ بداتەوە •

چوارەمیان :

ــ میللەت چاوی لێمان ئەبێ کەچۆن کەللەسەری دوژمن شەق ئەکەینو جەرگو دڵی داگیرکەران ئاوئەدەین •

پێنجەمیان کە کوڕێکی کورتە باڵای تیکسمراو بوو ، هەتا حەزبکەیت چستو چالاكو لێهاتوو بوو ، ناوی (کاکل) بوو خەڵکی ئەو ناوچەیە لەخۆشەویستیدا پێیان‌ئەوت (کاکیلێ) بەجۆرێك خۆی پڕچەك کردبوو پیاو لێی تێر نەئەبو ، سەرسنگیو راستو چەپی باڵەکانی لە فیشەکدا زەرد ئەچووەوە ، خەنجەرێکی دەبانی کردبوو بەقەد پشتێنەکەیدا ، کە تفەنگەکەی ئەکردە شانی پیاو سامی لێ ئەنیشت • کاکیلێ وەڵامی برادەرەکانی دایەوە :

ــ براینە لە منتان نەکەوێ ، هەلەو بۆمان هەڵکەوتووە ، هەلیوا هەموو رۆژێ هەڵناکەوێ ، ئا بزانم چۆن چۆکیان پێ دائەدەنو ئەیانکەن بە پەندو عیبرەتی زەمانە •

شەڕ دەمەدەمی کازیوەی بەیان دەستیپێکرد ، هەتا ئەهات گەرم ئەبوو ، تۆپو فڕۆکەو مەترەلوزی ئینگلیز ئاگرو ئاسنی بەسەر ئەو کوڕە ئازایانەدا ئەباراندکە لایدوژمن ژمارەیان ئەوەنە زۆر بوو سەری لێ دەرنەئەکرا، دارو بەردی ئەو شاخە سوور هەڵگەڕابوو، پەیتا

پەیتا لە سەربازگەکانیەوە بەیارمەتی‌یانەوە ئەهاتن بۆئەوەی دەنگی تەقەیان کپ بکەن ، تاقمەکەی کاکیلێ لە دەمەو خۆرئاوادا تەنگیان بە دژمن هەڵچنی ، ئەمەندە لاشەیان لێ ڕیزکردبوون و چەکو جبەخانەیان لێ پەك خستبوون لە ژمارە نەئەهات ... دەمەدەمی ئیوارێ ، کاتی خۆر ماڵئاوایی لە بناری گوپاڵە ئەکردو بەناچاری ئەیویست چاوەکانی لەو جەنگاوەرانە بکشێنێتەوە ، ئا لەوکاتەدا هێزەکەی دوژمن بە سەرشۆڕیو تێکشکاوی کەوتە پاشەکشێو گەڕانەوە ، بە پەلەپرووزێ لە هۆڵی ئەوەدا بوو پێش ئەوەی تاریکایی شەو باڵی ڕەشی بەو ناوەدا بکێشێ بگاتە سەربازگەکەی خۆی .. لەکاتێکدا کە فەرماندەی هێزەکە خەریکی گەڕانەوەی سوپا شکاوەکەی بوو خێرا خێرا لە دوربینەکەی ئەنەوی و بە سەرسامی‌یەوە سەرنجی لەو سێ کەسە ئەدا کە بێ‌پەروا نیشتبوونە سەر سوپاکەیەوەو چنگ لەسەرشان بەرەو سەربازگەکەی راویان ئەنان‌و لێ‌یان نەئەبونەوە .. زوو زوو دوربینەکەی لائەداو دەستی بە چاوەکانیا ئەهێنا نەك بەدرۆیان بەرن‌و ئەوانەی دوای سوپاکەی کەوتوون تەنیا ئەو سیانە نەبن لە دوربینەکەیدا بە ناخی چاو و دڵ و مێشکیا ئەچەقین ، هەرچەندی ئەکرد لەو ژمارەیە تێ‌نەئەپەڕین .. ئەفسەری فەرماندە لە ترسی تێکشاندنی یەکجارەکی فەرمانی دایە هێزی پاراستنی دوای سوپا هێرش‌بەرەکەی ئاگرەکەیان توندترکەن تا باڵی ئەو هەڵۆیانە بشکێنن کە دوویان کەوتوون .. تاریکایی شەو تا ئەهات توندتر چنگی لە بینی ئەوناوە توند ئەکرد . لە دواتەقەی هێزەکانی دوژمندا پریشکی گوللەیەك چاوی راستی کاکیلێی پێکاو رەشینەو سپێنەی بەیەکا تۆپەڵ کرد، کاکیلێ بەدەما ئەکەوێ و دوو برادەرەکەی لێ‌ی‌ئەنەون بەرەو دواوەی ئەبەن بۆ لای دوو لاشەی برادەرەکانیان .. بەمە سوپای داگیرکەر لە چنگی‌یان

ڕزگاری ئەبێ، بەڵام دەنگوباسی ئەم پاڵەوانیتی‌یەی کاکیلی بەهەموولایەکدا پەل‌ئەهاوێژێ‌و ئەشکەوتەکەی جاسەنە دەنگ ئەداتەوە ، ئەمەش گەورەترین دیاری‌یە لەو ڕۆژەدا پیشکەش بە شێخ‌و جەنگاوەرەکانی ئەکرێ .. پاش چەندروژێك لەسەر داوای شێخ کاکیلێ و دوو برادەرەکەی بەرەو جاسەنە ئەکەونەڕێ .. شێخ بەپیریانەوە ئەچێ و لەپێشوازی‌یانا دەم‌ئەخاتە ناودەمیان و تێر ماچیان ئەکات‌و بۆ خەڵات‌و ڕێز لێ‌گرتنیان ڕووئەکاتە کاکیلێ :

ـ تا پێمان بکرێ‌و بە هەر نرخێك بێ نایەڵین ئەو چاوە جوانەت ئاوها بمێنێتەوە ، لە هەر وڵاتێك بێ هەوڵی ئەوە ئەدەین پزیشکانی شارەزاو لێ‌هاتوو ئەگەر چاوێکی ساغیشت بۆ دروست‌نەکەن بەلای کەمەوە کارێکی‌وا بکەن کە پێتەوە دیارنەبێ ..

کاکیلی هەروەك وەڵامی بۆ ئەم ڕێزلێنانەی شێخ ئامادەکردبێ :

ـ یاشێخ ، وڵاتێك بەو هەموو خۆشەویستی‌یەوە چاوێکی کاکلی پێ نەبڕێ‌و یان کاکل بەوە ناشرین بێ کە چاوێکی بە دەستی دوژمن کوێربووبێ ، ئەبێ چۆن ئەو خۆشەویستی‌یە لەڕووی بێ لەناو هەموو خۆشەویستیەکانی ئەم دنیایەدا سەرهەڵبڕێ ؟؟ .

هەر لەوێدا پەلاماری خەنجەرەکەی قەدی ئەداو لەچاوە دەرپۆقیوەکەی ئەنوێ لەرەگوو ریشەدا ئەیبڕی و تا دەستی ئەتوانی تووڕی هەڵئەدا ...

شـــێخی گــەورە

ع. ح. ب.

ســـەری هێناو برد
ئەکولاّ بۆ کورد
ئەیویست ئەگەر دایناوە سەر
شتێ بێنێتە بـــەر
ئەیزانی درەنگ وەختـــە
ڕێـــگاش هێجگار سەختە
تـــەرزە
کەژەکانی هێناوەتە لـــەرزە
دوژمن وەك ســـەگی هـــار
ئەدا پەلامار
بەلاّم ئـــەم
گوێ ناداتـــە ستەم
لـــە ترسەوە دوور بوو
لەســـەر ڕای خۆی سوور بوو

ئەیوت ئەگـــەر دێبەدێ
ئەگەر بێتو شتێ نەکەین بە شتێ
ئیتر تا مـــاوین
بێ‌شێلو بەش‌خوراوین
ئەیزانی درەنگ وەختـــە
ڕێگاش هەورازو سەختە
بەڵام ئـــەم لـــەپەناوە
وردو لەســـەرخۆ
بەوپەڕی بڕواوە
ئەیڕوانی‌یە ئاســۆ
بـــە بێ‌دەنگی
پێی خستە ئاوزەنـــگی
لـــەبەرەبەیانێکی درەنگدا
هاوەڵەکانی دەنگ دا
ســـوور ئەیزانی
ستەمـــــە مـــانی
هەزاران توولەمار لـــەناودا
ئەسپی تاودا
لـــە گشت‌لاوە وەزەنی
تەنگی بێ‌هەڵچنی
باشترین هاوڕێی
جوێ‌بووەوە لێی
ئەسپ کەفی ئەچەند
شێخ ئەڕۆیی بەرەو دەربەند

ئەوان ئەوەندەی گەڵای دار
زۆرو بێشومار
ئـەم
خۆی‌و چەند هاوڕێیەکی کەم
ئەسپ گلا
شـێخ کەوت
لەژێر بەردێکی زلا
بۆ ماوەیەك سرەوت
ئەوا زامارە
دوژمن نایە لە ژمارە
سەری نەنەوان
بە زمانێکی ڕەوان
بە دەنگـێکی زوڵاڵ
قارەمانی قاڵ
لە گەورەکەیان کردی ڕوو
ناوچاوی پڕکرد لە تفوو
وتی : زامەکەم هەوێنە
بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە ..

خۆشترین رۆژی ژیانم

هۆگر گۆران

لە ئینگلیزی‌یەوە وەری گێڕاوە

لەپێش هەموو شتێکدا باسی ئەوەتان بۆ ئەکەم چۆن دایکو باوکم بەینیان تێکچوو دوای ئەوەی لە ئاهەنگی هاوڕێیەك لە درەنگە شەوێکا هاتنەوە •• بۆ سبەینێ قسەیان نەئەکرد پێکەوەوە هەریەکەیان بەشێوەیەکی جیاجیا قسەی لەگەڵ من ئەکرد •• بەبێ‌ئەوەی بهێڵن من هەست‌بکەم بە ڕووداتی هیچ شتێك لەبەینیانا•• بەڵام من هەستم ئەکرد کە شتێك هەیە• من ئەمەم زۆر پێ ناخۆش بوو لەبەر دڵتەنگی خۆم نەم‌ئەویست بچم بۆ ئاهەنگی قوتابیان • باوکم‌و دایکم هەروەکو لەگەڵ یەکدا تێك چووبوون ، لەگەڵ منا بەشێوەیەکی جیاواز رەفتاریان ئەکرد بۆئەوەی ئەم مەسەلەیە کارنەکاتە سەر من. کە من نەچوم بۆ ئاهەنگەکە باوکم ویستی لەگەڵ خۆی بمبا بۆ باغچەی حەیوانات• دایکیشم ئەیویست بمبا بۆ(سیرك)، بەڵام داواکانیان هیچ شتێکی لە دڵی مندا نەگۆڕی‌و هەتا ئەهات زیاتر دڵتەنگ ئەبوم ، بەتایبەتی لە کاتی نانخواردنی بەیانی‌دا باوکم دای بەگوێما کە هیوای وایە بیرم نەچووبێ چۆن پیروزبایی لە دایکم بکەم بەبۆنەی جەژنەوە •• دایکم بێ‌ئەوەی سەیری باوکم بکات وتی « رۆژنامەکەی بۆ بێنە » ئەوەش نیشانەیەکی باش نەبوو کە نەی‌وت «بۆ باوکت » ••• ئاشکرابو کە دایکم‌و باوکم نایانەوێ من بە

ماکوکیەکەیان بزانم • لە دڵی خۆما ئەموت لەوانەیە ئەگەر لە ماڵەوە بن و نەچن بۆ دەرەوە ئەو ئێوارەیە تا بەیانی هەمووشتێك بچێتەوە دۆخی جارانی لەگەڵ ئەوەدا ئەنجامی نەبوو و هەر قسەیان لەگەڵ یەکتری نەکرد•• بۆ سبەینێ و ڕۆژی دوایی کەوتمە بشکنین و چاودێری کردن• لەکاتێکا لە فرمان هاتبوەوە نەخشەیەکم دانا هەندێك پرسیارم ئامادە کرد کە کە لێیانی بکەم بەڵکو بیانهێنمە قسەکردن و دوان لەگەڵ یەك ، بەڵام هیچ سوودی نەبوو • من هەر دامابووم • پێنج ڕۆژ بەوجۆرە تێپەڕی ، بەڵام هەر قسەیان لەگەڵ یەك نەکرد • وەها دیاربو ئەم قسەنەکردنەیان کردبێت بە عادەت •• ئەوحاڵەش وای لە من کرد بیربکەمەوە شتێك بکەم بەڵام چی ؟ بیرم کردەوە کە هەندێك جار خۆشی یەکی زۆر یان ناخۆشی و ناهەمواری خەڵك لەیەك نزیك ئەکاتەوە •• دروست کردنی خۆشی کارێکی گران بوو ، بەڵام ناخۆشی و ناهەمواری کارێکی ئاسانە • من کارە گرانەکەم هەڵبژارد ـ بەبیرما هات کە تەقەلا بدەم نمرەیەکی باش وەربگرم لە دەرسی ماتماتیك دا ••ئەوەش خۆشی یەك ئەخاتە ناومان، بەڵام لەبەرئەوەی قوتابخانەم نەبوو بەهۆی پشووی نیوەی ساڵەوە هیچم بۆ نەکرا •

بڕیارمدا دەست بکەم بە پاك کردنەوەی ماڵ •• چەند سەعاتێك خۆم لەناوماڵا خەریك کرد بە پاك کردنەوەو ڕێك خستنی ماڵەوە ، بەڵام کە ئێوارە دایکم و باوکم هاتنەوە سەرنجیان نەدا لەو کارەی من ، چونکە دایکم لەپێش جەژنا ماڵەوەی پاك کردبوەوە• بەپێچەوانەوە سەرنجیان دا لە خۆم کە سەرو گوێلاکم و جلەکانم تۆزاوی و پیس بوون • کە باوکم لێی پرسیم وتی کارێکی باشە کە یارمەتی دایکت داوە بەبێ ئەوەی سەیری دایکم بکات دایکیشم ماچی کردم و دەستی کرد بە پاك کردنەوەم •• بۆ ڕۆژی دوایی سەعات حەوت هەستام و سویچی ڕادیوکەم کردەوە •• بە

بێ‌سەیرکردن دایکم وتی (ئەوە بۆ باوکت باشە یارمەتیم بداتو چاو لە تۆ بکات) ••

ئیتر بڕیارمدا کە کارێکی‌وا بکەم دڵتەنگیان بکاتو خەمیان بدەمێ نەك خۆشی ، بەڵام چی خەمێكو چی ناخۆشیەك ؟

باشترین شت ئەوەبو خۆم بەدرۆ نەخۆش‌بخەمو لەناو جێگادابکەوم، بەڵام کە بیرم لە دکتۆرو دەرمان کردەوە وازم لەو کارە هینا • لەدواییدا بیرم‌کردەوە کە باشترین شت ئەوەیە بچم بۆلای (گڵکۆ) ی هاوڕێم •• ئەوناوەش نازناوی ئەو هاوڕێیەم بوو چونکە عادەتی وابو کە هەر قسەیەکی بکردایە بۆ کەسێك داوای لێ ئەکرد کە لەلای کەس باسی ئەو قسەیە نەکاتو بێ‌دەنگ بێت وەکوو گڵکۆ (گۆڕ) • سەر لە ئێوارە ئاگاداری دایکمو باوکم کرد کە بۆ ماوەی نیوسەعاتێك ئەچم بۆ دەرەوە بۆلای (گڵکۆ) ی هاوڕێم •• دایکم ماچ‌کردو ماڵئاوایم لێ‌کردن هەروەکو بچم بۆ قوتبی شیمالی •• بەبێ‌ئەوەی باوکم هیچ دەنگ‌بکاتو گوێم‌بداتێ لە ماڵ چوومە دەرەوە •

دوای ئەوەی گیروگرفتەکەی خۆمم بۆ (گڵکۆ) گێرایەوە ، گڵکۆ وتی « تۆ ئەبوایە زووتر ئەم کارەت بکردایەو بە منت بووتایە من لای‌کەس دەنگم نەئەکردو هەروەکو « گڵکۆ ـ گۆڕ » بێ‌دەنگ ئەبووم» داوایشی لێ‌کردم کە هیچ زویرو دڵتەنگ نەبم • منیش داوام لێ‌کرد کە هەمو ٥ ـ ٦ دەقیقە جارێك تەلەفۆن بکات بۆ ماڵی ئیمە داوای من بکاتو بڵی ئەو هەر چاوەڕانەو هیشتا من نەگەیشتوومەتە ماڵی ئەوان •• دوای چەند جارێك تەلەفۆن باوکمو دایکم‌شپرزە بوونو دایکم تەلەفۆنی کرد کە هیچ ڕێی تێ‌ناچێ تا ئیستا من نەگەیشتبمە ماڵی گڵکۆ ئەبێت کارەساتێك ڕووی دابێ بۆیە نەگەیشتوە •• دایکم بە دەنگێکی

لەرزۆکەوە ئەم قسانەی بەتەلەفۆن ئەوت بە گلـکۆ ••• ئیتر منیش سەرم کردبوە سەر گلکۆ بە پرسیارکردن لێم ئەپرسی ئاخۆ دایکم چۆن قسەکانی ئەکرد بە ناوی تەنها خۆیەوە یان ئەیوت ئێمە (دایکم و باوکم)• لێم ئەپرسی ئاخۆ باوکم وەزعی چۆن بیت ، پێی ئەوتم بەڵێ ئەویش خەمبارەو شپرزەیە وەکو دایکم •• لێم ئەپرسی ئاخۆ دایکم ئەلەرزی و زمانی تیکەڵو پیکەڵ ئەبوو لە تەلەفۆنەکەدا ؟ ؟ گلـکۆ بە منی وت هیچ خەمت نەبێ نەخشەکەمان سەری گرتوە •• سەرکەوتووین• گلکۆ ئەیوت مەچۆرەوە هەتا نیو سەعاتی تر با بگەڕێن بەدواتاو ئاگاداری پۆلیس بکەن ••• خەمت نەبێ و هەمووشتێك بەئاسانی وەرگرە ! بەمجۆرە هەتا ماوەیەکی تریش لای گلکۆ مامەوە • ئیتر هەستام هاتمەوە •

که خۆم کرد بەماڵا کلیلی تایبەتی ژوورەکەی خۆمم پێ بوو ••• بەرەو ژورەکەی خۆم چووم کە لەگەڵ دایکم و باوکم چاویان پێم کەوت هەستانە سەرپێ و باوەشیان پیاکردم و ئەملاو لایان ماچ کردم•• ئەولاولای یەکتریشیان ماچ کرد !

لە ئەدەبیاتی سۆڤیەتی یەوە
وەرگێڕراوە

چـــرا ••

« سێ نامەی شیعری‌یە »

شیعری : جەمال غەمبار

نامەی یەکەم

کەگڕ لە گیانت بەر ئەدەن،
تۆ ناسووتێی••
بەڵام لێرەوە دڵی من،
یەك پارچە ئەبێتە قەرەبرووت••
● ئەی جەرگە نەسرەوتەکە
ئەوە دووکەڵی لاشەکەی منو هاوڕێیانە
بۆتە چەترو
لە پشکۆبارانی کینەی ئەوان ،
ئەتپارێزێ••

★ ★ ★

ئەیانەوێ سەرتبڕن،
هەرچەند ئەکەن ،

ناتوانن کاسەی ئەو سەرە چیاییەت
لە لەشت جیابکەنەوە ...
ئەو هەڵۆیانەی لە دڵتا
بارو بارگەیان خستووە
شەوان کە خەو پێڵووەکانی شار قورس ئەکا
سنووری ئاوایییە دوورەکان
بە پێ ئەبڕن
ئەبنە ژیلەمۆی دڵی شەو...
لە دارستانێ تاریکا،
چرای تۆڵە
بۆ چەند ملیۆن درەختی سەوز پێ ئەکەن (۱) ...

* * *

ئەم شەوە پڕ تۆف و رەهێڵەی بارانەت
لەسەر شانت هەڵگرتووە
دەرگای دڵت بۆ هەموو کەس مەکەرەوە
نەبا چەتەکان ئەمجارەش
خوێنە گەشەکەت بفرۆشن..

* * *

رێ تاریکە ، ئەبێ چاوت داگیرسێنی...
رێگە دوورە ، ئەبێ شەدەی برسێتی و
مەرگ ڕاونێی

کرێوەیە ، ئەبێ گیانی چەندان درەختی کەڵەگەت
بســـووتێنی•••

لە میانەی « تاریکیی‌و دووریی‌و کرێوە »دا••
چەند مــەزنە
زەردەخەنە بۆ لێوی هەڵقرچاوی منـاڵان
لــە ئاسمانەوە دابگری••

* * *

بۆ « کەمال » ی براو هاوڕێم •••

نامەی دووەم

ئەو هەوارەی ئێستا دروێنەی تەمەنتی تێدا ئەکەی ،
کەشتی‌یەکی سەرئاوکەوتووی خۆرئاوایە •••
ئاخۆ، تۆ لە تەمی سپی ئاسمانەکەی ئەوا غەرقیت،
یان ئەو لە هەناسەی
غەریبییەکەی تۆدا ئەتوێتەوە ؟!
تۆ لێرەش ، لەم جەنگەڵستانە پڕخوێنە
هەردەم کراسی غەریبیت لەبەردابوو ••

* * *

تۆو ســەدان کەسی وەکو تۆش،
ڕۆیشـتن‌و،
لێشاوی ئاه و ناڵینی چەندان ڕەش‌و ڕووتتان جێ‌هێشت ••
جانازانم ، خەمی کانیی کوێرکراوەو ،
ژانی باڵندەی کۆچەرو،

ئازاری شەوانی گوندەکانتان هەر لەیادە؟!
ئەوانەی لەژێر ڕەشماڵی دڵیانا،
هەڵگری ئەو خەمو ژانو ئازارە بن
سبەی کاتێ کۆچو باریان
بۆ پێدەشتی ئەم وولاتە پێچایەوە
دیاریی دەستیان،
بۆ دەیجووری ئەم ڕێگایە،
ئەستێرەو مومو
چرایە..!

* * *

نامەی سێیەم

ئەو چاوانە،
دۆزەخێکیان بۆ ناخی ماندووم داگیرساند..
شەو نییە تیایاندا ،
زەماوەندێك
بۆ سووتانو توانەوەی خۆم،
گەرم نەکەم...

* * *

دۆینی سیارەی ئەو هەستەی،
کە لەلای من (عەشق)ی ناو بوو
لەلای ئەویش
چلێ داری وشکەڵاتوو

بووه چنگێ خۆڵەمێش‌و،
چووه گەرووی بیرەوەری‌و یاداشتمەوە•••
ـ ئەو ـ ژانێکی بێ‌پایان بوو
بۆ دوواجار ، ماڵئاوایم لێ کرد

★ ★ ★

ئێستاکه «تۆ»، لێوت ناوه
به گۆی مەمکی کانیی هۆنراوەو سۆزمەوە••••
ئەو چاوانەی ،
دۆزەخێکیان بۆ ناخی ماندووم داگیرساند
جووتێ ئەستێرەی ئاسمانی
داستانی عەشقێکی تازەن••
جەزم‌ئەکرد ، ئاسمان هەمووی سەوز بووایه
تاکو هێندە شەیدای ئەو جووته ئەستێرەیه نەبم••

★ ★ ★

« سەیره، دڵێ بەو بچووکییەی خۆیەوه
جێی ئەو هەموو خۆشەویستییەی
تیا ببێتەوە•••
یاخود بەرگەی تووانەوەو گریان‌و
ئازار بگرێت •• (٢) »

★ ★ ★

« هەرگیز ئەم دڵەم (٣) »
جێگای دووکەسی تیا نابێتەوه »
ئەو کۆترێ بوو، دای له شەقەی باڵ

حەزی نەئەکـرد
لەژێر سـابات‌و سـایەی دڵێکا••
بحـەوێتەوەو
خۆی لە تەنیایی‌و غوربەت رزگار کـا••
حەزی‌نەئەکرد ، هاوخەمی کەس بێ‌و
کەس هاوخەمی بێ•••

بە بادەی عەشق،
دەماخی سـاردی تۆزێ گەرم بێ•••
ڕۆیی کۆچی‌کرد ••
ئێستا ئەو دڵەی بۆتە وێرانەی
دەستی ڕەشەباو لافاوێکی توند
ڕۆیی کۆچی‌کـرد••

★ ★ ★

تۆ، ئەی چراخانە دوورەکەم•••
ناونیشانی ئەم چیرۆکە تازەیەمی ،
هەناسەی دوورو درێژی
ئەم خەمەمی ••
ئەو لێوانە ،
بۆ بێدەنگیی سڕی کـردوون؟
چی وشـەو رازت لا هەیە، بیدرکێنە•••
بیدرکێنـەو
با ـبێ‌تۆیی‌ـ بە ڕوخسارمەوە دیار نەبێ••

با مانگەشەوی بێنازی ئەم شیعرەشم
بەرگێکی وەك
ڕەنگی چاوانت بپۆشێ...
تا پێلووەکانت هەڵبڕی،
لەبەر نیگاتا وشەکان،

سەوز بچنەوە....

ئەی چراخانە دوورەکەم...
ئەی هەناسەی
دوورو درێژی ئەم خەمەم...

بەغدا ۱۹۸۳

(۱) پێئەگەن: دائەگیرسێنن.
(۲) ئیحای عیبارەتێکی ناو شیعرێکی دیکەی خۆمە.
(۳) ناوونیشانی چیرۆکێکی (عبدالله طاهر) ە بەعەرەبی ...
(قلبی لایتسع لاثنین)، بەدەستکارییەوە وەرمگرتووە.

چیرۆك :

دوو هاوڕێ

گی• دی• مۆپاسان
ئەنوەر قەرەداغی
لە ئینگلیزی‌یەوە وەری گێڕاوە

پاریس تووشی داوی خۆی بووبوو • برسێتی‌و گرانی بەتەواوی دایگرتبوو • ژمارەی چۆلەکەی گوێسەبانەکان هەردەم لە کەم‌کردنـدا بوو • تـەنانەت زێرابـەکانیشـ خاڵـی‌بووبوونـەوە •• دانیشـتووان هەرچی‌یەکیان دەسگیر بووایە ئەیانخوارد •

لە ڕۆژێکی خۆشی مانگی یەکدا مسیۆ مۆغیسۆ کە کاری سـەعات چاککردنەوە بوو و پیاوێکی وابوو حەزی ئەکرد شت بەئاسانی لەژیاندا وەربگرێ ، بە مەلوولی‌یەکەوە لەسەر یـەکێ لە شـەقامەکانی بـەرەو دەرەوەی شار پیاسەی ئەکرد ، هـەردوو دەسـتی لە گیرفانی پانتـۆڵە سوپایی‌یەکەیدا بوون‌و ورگیشی هیچی تێدا نەبوو ، تووشی پیاوێك هـات یەکسەر ناسی‌یەوە مسیۆ سووڤەج بوو کە ناسیاوێکی سـەر ڕووبـاری بوو • پێش شەڕەکە مسیۆ مۆغیسۆ کردبووی بەخوو هەموو بەیانی‌یەکی یەکشەممە زوو هەڵئەساو دارێکی حـەیزەرانی بەدەسـتیەوە ئـەگرت‌و سندووقێکی تەنەکەشی لە پشتی ئەبەست‌و بە شەمەندەفەری (ئەرژەنتویل) ئەڕۆیی‌و لە (کۆلۆمبس) دائەبەزی ، ئەنجا بەپێ ئەڕۆیشت تا ئەگەیشتە دەرپاچە بچکۆلەکەی ناوی (مارەنتی) بوو • هەر کە ئەگەیشتە شوێنە لا شیرینەکەی ، دائەنیشت‌و دەستی بە ماسی گرتن ئەکرد تا شەو دائەهات•

شوێنەکە هەمیشە پێش گەیشتنی ئەم پیاوێکی ڕووخۆشی قەڵەوی کورتە باڵای لێبوو کاری کۆنەفرۆشی بوو لە شەقامی (نۆتردام لـووریت) و هەر وەکوو ئەم شێتی ڕاوەماسی کردن بوو • زۆرجار نیوەی ڕۆژەکەیان وا ئەبردەسەر قولابی ئاسن بەدەستەوەو قاچ لەناو ئاوەکەدا لای یەکەوە دائەنیشتن • زۆر زوو بـوون بـە هـاوڕێی یـەکتر • جارجارێکیشـس وشەیەکیان لە دەم نەئەهاتەدەر• هەندێ کەڕەتیش شتێکیان لەبەرخۆیانەوە ئەوت • ئەوەندە هەستو حەزو ناحـەزیان لەیـەك ئەچـوو و لە یـەك گەیشتبوون پێویستیان بە دووان نەبوو لەگەڵ یەکدا •

هەندێجار لە بەیانیانی بەهارا نزیك سەعات دە کە تیشکی خـۆر ئەیدا لەسەر ڕووی ڕووبارەکەو شەوقەکەی لەگەڵ شەپۆلێکدا بەهێمنی بە بەردەمیانا ئەڕۆیشت مسیۆ مۆغیسۆ بە دراوسێکەی ئەوت « جوانـە ، وانی‌یە ؟ » و مسیۆ سووڤەجیش وەڵامی ئەدایەوە : « نازانم شوێن هەبێت جوانتر » • ئەو گفتوگۆ کورتە بەس‌بوو بۆ لەیەك تێگەیشـتن‌و زیاتـر یەکتری خۆشویستنیان ••

پاش نیوەڕوانی پایز کە ڕۆژ بەرەو ئاوابوون ئەڕۆیشتو ئاسمان سوور ئەینواندو هەورە تۆخەکە لە ئاوەکـەدا دەرنەئـەکەوتو لەشـی هەردوو هاوڕێ وەکو پشکۆ ئەدرەوشانەوەو درەختە سوورچووەکانیش لە ترسی سەرمای داهاتوو ئەلەرزین‌و ئەجووڵانەوە ، مسیۆ سووڤەج بـە زەردەخەنەیەکەوە بەمسیۆ مۆغیسۆی ئەوت : « وێنـەیەکی جوانـە لـە بەرچاو » و مسیۆ موغیسۆیش کە سەری لەو هەموو جوانی‌یە سووڕئەما بێ‌ئەوەی چاوی لە قولابەکەی هەڵبڕێ ، وەڵامی ئـەدایەوەو ئەیـوت : « لە سەرشەقامەکان جوانترە • وانی‌یە ؟ » •

هەر کە جووتە هاوڕێ یەکتریان ناسی‌یەوە دەستیان خسـتە نـاو

دەستی یەکترەوەو کەوتنە تەوقەکردن • دڵیشیان بۆ ئەو یەکتری بینینەوەیان لەم بارە جیاوازەی ژیانیانا پڕ بووبوو • مسیۆ سووڤەج هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی : « کەوتووینە چڕۆژێکەوە ! » • مسیۆ موغیسۆیش بە دڵپڕی‌یەکەوە وتی : « ئیمڕۆ چەند ڕۆژێکی خۆشە ! یەکەم ڕۆژی ئەمساڵە » • ئەوە ڕاست‌بوو چونکە پەڵەهەورێك چی‌یە بەئاسمانەوە نەبوو • بەتەنیشت یەکەوە ڕۆیشتن بە پڕ خەمو بیرکردنەوەیی •

ماسی‌گرتنەکانمانت لەبیرە ؟ » مسیۆ موغیسۆ وتی • « ئای بۆ ئەو ڕۆژانە تۆ بڵێی جارێکی تریان ببینینەوە ؟ تۆ بڵێی ؟ » مسیۆ سووڤەج وەڵامی دایەوە • ئەنجا چوونە بارێکی بچووکەوە شتێکیان خواردەوە هەرزان‌بەها • جا کەوتنەوە پیاسە لەسەر شۆستەکە • لەپڕ مسیۆ مۆغیسۆ وەستاو وتی : « ئەڵێی چی جارێکی‌تر بچینەوە ؟ » • « لەگەڵتم » مسیۆ سووڤەج وتی‌و چوونە بارێکی‌ترەوە • کە هاتنە دەرەوە پێیانەوە دیاربوو • هەروەکوو کەسێك بەسەر سکی بەتاڵا مەیی خواردبێتەوە • ڕۆژێکی هێمن بوو • هەرچەندە شنەیەکی هەواش باوەشێنی دەموچاوی ئەکردن‌و مسیۆ سووڤەج بە فێنکی‌یەکە سەرخۆشتر ئەبوو ، لەپڕ وەستاو پرسی :

— بۆچی سەرێك‌نەدەین ؟

— لە چی ؟

— ڕاوەماسی •

— دیارە لە دەریاچەکەی خۆمان • سەنگەرە فەرەنسەیی‌یەکانی دەرەوەی شار لە (کولۆمبس) ەوە نزیکن‌و من ئەفسەرە فەرمانبەرەکە ئەناسم ناوی (دۆمۆلین) ە • بڕواش ناکەم ڕێگامان

نەدات، • مۆغیسۆش بە دڵ پێدانەوە وتی : « باشە وائەکەین» •
ئەنجا هەردوو هاوڕێ لێك جۆی بوونەوە تا بڕۆن کەل وپەلەکانیان بهێنن و پاش سەعاتێك بەیەکەوە بەرەوخوار بوونەوەو ڕێگایان گرتەبەرو زۆری نەخایاند گەیشتنە ئەو ڤێللایەی بارەگای ئەفسەرە فەرمانبەرەکەی تیابوو •
پاش ئەوەی ئەفسەرەکە تۆزێك بە داوا سادەو ساکارەکەیان پێکەنی و ڕێگای دان ، کەوتنەوەڕێ • ئەوەندەی نەبرد سنووری سەنگەرەکانی دەرەوەیان جێهێشت و بە (کۆلۆمبس) ی چۆڵ کراوا ڕۆیشتن و خۆیان لەسەر لووتکەی گردێکی پڕ لە ڕەز بینییەوە کە بەسەر ڕووباری (سەین) یدا ئەڕوانی • سەعات نزیکی یازدە بوو •

بەرامبەریان دێی (ئەرژەنتویل) لە مردوو ئەچوو • لووتکەکانی (ئۆرگیمۆنت) و (سەنوو) یش لە هەموولایەکەوە دیاربوون و دۆڵەکەی کە تا (نانتینگ) ئەڕوا چۆڵ بوو هیچی پێوە دیار نەبوو • بە درەختە گێلاسەکانیەوە زەوی خۆڵەمێشاوی ئەهاتە بەرچاو •

مسیۆ سووڤەج بە پەنجە ئیشارەتی بۆ لووتکەیەکی بەرز کردو وتی: « پرووسیاییەکان لەوێن » • کە تەماشای دۆڵەکەی بەردەمیان کرد ، موچوڕکێکی سارد بە لەشی هەردوو هاوڕێدا هات ، ئەمانە هیچ پرووسییەکیان نەدیبوو ، بەڵام چەند مانگێك بوو ئاگاداری هاتنیان بوون کە لە هەموولایەکەوە خەریکی وێران کردن و ڕووت کردنەوەو کوشتن و بڕین بوون و بووبوون بەهۆی بڵاوبوونەوەی برسییەتی و کەس نەبوو بەرهەڵستییان بکا • هەستێکی پڕ ڕق و ترس بەرامبەر بەو نەتەوە نەبینراوە سەرکەوتووە بەدڵیانا هات •

مۆغیسۆ بە ترس‌و دوودڵی‌یەکەوە وتی « ئەی ئەگەر تووشی چەند کەسێکیان هاتین ؟ » وەڵامی هاوڕێیەکەی ، سەرەڕای هەمـوو شـتێ ، پڕبوو لە گاڵتەو گەپی ناو شەقامەکانی پاریـس ، ئـەوەبوو وتی : « قاپێ ماسیی سوورەوەکراویان پێشکەش ئەکەین » •

هێشتا هەر حەپەساوی ئەو کپی‌و ماتی‌یە بوون کە لە هەموولایەکەوە هەستیان پێ‌ئەکرد ، کە مسیۆ سووڤەج کەوتە قسەو وتی : « واباشـترە بەرەوخوار بینەوە ، بەڵام چاوت با بۆ هەموولایەك کراوە بێت » ، بەرەو ڕووبار داپەڕین • بە چیچکان‌و بە دانیشتن‌و خۆخلیسکاندن‌و بێدەنگ بەناو گژو گیاکانا ڕۆیشتن • تەنانەت چەند جارێکیش دڕك چـوو بـە گوێیاندا • تۆزێکیان مابوو ڕێگاکە ببڕن کەوتنە هەڕاکردن ، تا کەوتنە ناو کۆمەڵە قامیشێـکی وشکەوە • مۆغیسۆ گوێی نا بە زەوی‌یـەکەوە بزانێ گوێی لە ترپەی پێی کەس ئـەبێ ، بـەڵام هیچی بەرگوێ نـەکەوت • وادیاربوو تەنها هەر خۆیان لەوناوەدا هەبوون • قیروسـیایان لێ کـردو دەستیان کرد بە ڕاوەماسی •

بەری ئـەوبەری ڕووبارەکەیان بـە دەریاچـە چۆڵکراوەکـەی (مارەنتی) لێ گـیرابـوو • چێشـتخانە بچکۆلەکەش داخرابـوو • دیاریش‌بوو ساڵەهایە بەجێ‌هێڵراوە •

مسیۆ سووڤەج یـەکەم ماسـیی وردیلـەی گرت‌و مۆغیسۆیشـ دووهـەم ئیتر بێ‌ڕاوەسـتان قـولاپەکانیـان هەڵـئـەبڕی لەپەسـتا بـەو گیانلەبەرە وردیلانەوە • لەو هەموو ماسی‌یە سەرسام بوون کـەوا یـەك لـەدوای یـەك ئـەگیران • ئـەیانخسـتنە نـاو داوێـکی ئـاوریشـمی هەلواسراوەوە تا بتوانن تیایاندا بجووڵێنەوە لەناو ئاوەکەدا لە بەردەمیانا •

هەستیان بە بەختیاری‌یەکی زۆر ئەکرد ، لەوچەشنە بەختیاری‌یەی ڕابواردنێکی خۆش پاش مانگەها لێ‌بڕانی دەست کەوتبێتەوە •

خۆرە بەپیتەکە شنەیەکی گەرمی هێنا بۆلای شانەکانیان • هیچ دەنگێك لە هیچ لایەکەوە نەئەبیستراو هیچ بیرێکیشیان لەسەردا نەبوو• جیهانیان هەموو لەبیرچووبووەوە ماسی‌گرتنەکەی خۆیان نەبێ • لەپڕ دەنگێکی ناسازی وەك هیی ژێرزەوی دۆڵەکەی هێنایە لەرزین • تۆپەکان بوون کەوتبوونەوە کار •

مۆغیسۆ ڕووی بۆ سەرەوە وەرچەرخاند،بینی لووتکەی شاخەکەی (ڤالیرین) دووکەڵێکی سپیی لێ هەڵئەساو یەکسەر کۆمەڵە دووکەڵێکی تریش بەرز بووەوەو گرمەی تەقاندنێکی تریش پاش چەند چرکەیەکی‌کە هات‌و هەروەها هیی‌کەو لەمۆڵەتی نێوان تەقەکانا دووکەڵەکە ئەبوو بە هەورێکی وەك شیرو بەرزئەبووەوە بۆ ئاسمان • « دەستیان پێ کردەوە » مسیۆ سووڤەج وتی‌و ، مسیۆ مۆغیسۆیش کە بە هەموو توانایەکیەوە ئەیڕوانی‌یە قولاپەکەی لەپڕ ڕق‌گرتی‌و ••• ★ لە هەموو ئەم‌کاتەشدا شاخی ڤالێرین لە گرمەگرم نەکەوتبوو ، وێرانیی بۆ ماڵانی فەرەنسایی ئەبردو ، ئێسقان‌و خوێن‌و لەشی وردئەکردو ، بۆ دڵی ژن‌و کچ‌و دایکانی شوێنانی‌کەش ئازارێکی زۆری ئەهێنا •

« ئاوەهایە ژیان » مسیۆ سووڤەج وتی •

« بەڵێ ئاوەهایە مردن » مسیۆ مۆغیسۆ بەپێکەنینەوە وەڵامی‌دایەوە •

هەردوکیان لەپڕ داچڵەکین‌و هەستیان‌کرد کەوا یەکێ لەدوایانەوە

(★) لێرەدا دە پازدە دێڕی چیرۆکەکە کە دەمەتەقێ‌یەکی پۆلیتیکیی نێوان هەردوو ماسی‌گرەکەیە ، بەڕێنراوە •

ئەجووڵێتەوە • کە ئاوڕیان دایەوە بینی‌یان چوار ملۆزمی ڕیشداری زەلامی پڕچەك ڕووی تفەنگەکانیان تێ‌کردوون • قولاپەکانیان لەدەس بەربووەوەو ئاوەکە بە ڕووبارەکەدا بردنی •

لە ماوەی چەند چرکەیەکدا گرتیانن‌و فڕێ‌یان‌دانە کەشتی‌یەکەوەو پەڕاندیانیانە ئەوبەر • لەپشت ئەو خانووەوە کە بە چۆڵیان ئەزانی ، بینی‌یان بیست سەربازی ئەڵمانیی لێ‌بوو و کابرایەکی زەلامی قژدرێژ لەسەر کورسی‌یەك دانیشتبوو سەبیلێکی درێژی بەدەستەوە بوو ئەیکێشا • ڕووی تێ‌کردن‌و بە زمانێکی فەرەنسەییی زۆر ڕێکوپێك لێی‌پرسین :

« ڕاوەکەتان خۆش‌بوو بەڕێزەکان ؟ » • یەکێ لە سەربازەکان داوە پرماسی‌یەکەی خستە بەردەمی • ئەفسەرە پرووسی‌یەکەش بە زەردەخەنەیەکەوە وتی : « چاوم لێ‌یەتی ، بەڵام ئێمە شتی‌ترمان هەیە بیری لێ بکەینەوە • ئێوە هەر گوێ لە من بگرن‌و گوێ‌مەدەنە هیچی‌تر » •

« وەکوو من ئەبینم ئێوە دوو خەفیەن نێرراون چاوێکتان لە من بێت وا من ئێوەم گرت‌و ئەتاندەمە بەر گوللە• ئێوە خۆتان وا پیشان‌داوە کە خەریکی ماسی‌گرتنن بۆئەوەی مەبەستە ڕاستەقینەکەتان بشارنەوە ، بەڵام لە سیاچارەییتان وا کەوتنە ناو چنگی من • شەڕیش شەڕە • لەبەرئەوەش کە بە ڕێگای خۆتانا هاتوون بێ‌گومانم وشەی پەنهانی‌یان داونەتێ تاکو پێی بگەڕێنەوە بۆ ناو هێزەکانی خۆتان • کەواتە ئێوە ئەو وشە پەنهانی‌یەم بدەنێ‌و منیش ژیانتان ئەپارێزم » •

هەردوو هاوڕێ بە دەم‌وچاوێکی خۆڵەمێشی‌یەوە بەتەنیشت یەکەوە وەستابوون • بێ‌ئەوەی هیچ دەسەڵاتیان بەسەر خۆیانا هەبێ هەردوودەستیان ئەلەرزی • ئەفسەرەکە کەوتەوە قسەو وتی : « کەس

پێ‌نازانێ‌و ئێوەش بێ‌خەم ئەگەڕێنەوە • نهێنی‌یەکەش لەگەڵتان ئەڕوات• ئەگەر بە قسەشم نەکەن هەر ئێستا ئەمرن • ئەڵێن چی ؟ » •

جووتە هاوڕێ بێ‌جووڵە وەستابوون • وتەیەکیان لە دەم دەرنەهات• ئەفسەرە ڕووسی‌یەکە زۆر بەهێمنی‌یەوە پەنجەی بۆ ڕووبارەکە درێژکردو وتی : « لە ماوەی پێنج دەقیقەدا ئەکەونە بنی • تەنها پێنج دەقیقە لام‌وابێ کەس‌وکاردارن » •

شاخی (ڤالێرین) یش هەر گرمەی لێوە دەهات • دوو ماسی‌گرەکە بێ‌دەنگ هەر وەستابوون • ئەڵمانی‌یەکە بە زمانی خۆی فەرمانێکی‌دا ، ئەنجا کورسی‌یەکەی خۆی گوێزایەوە تا زۆر نزیکی دیلەکان نەبێت • دوازدە پیاو بە مەشق‌کردنەوە هاتن‌و لەدووری بیست هەنگاوێك وەستان‌و تفەنگەکانیشان ئامادەکرد •

« تەنها مۆڵەتی دەقیقەیەکی‌ترتان ئەدەمێ ، زیاتر نا » • ئەفسەرەکە ئەمەی‌وت‌و ئەنجا بەخێرایی هەڵسایە سەرپێ‌و بەرەو دوو ماسی‌گرە فەرەنسایی‌یەکە هات ، دەستی‌دایە باڵی مۆغیسۆو بردیە ئەولاوەو بەئەسپایی پێی‌گوت : « وشە پەنهانی‌یەکەم بدەرێ • وا ئەکەم هاوڕێیەکەشت پێ‌نەزانێ ، ئەڵێم خۆم وازم‌لێ‌هێناون » • مۆغیسۆ هیچی نەوت • ئەنجا چوو بەلای مسیۆ سووڤەجەوەو هەمان‌کاری لەگەڵ ئەویش کرد • ئەویش هەر هیچی نەوت • هەردوو هاوڕێ هاتنەوە شوێنەکەی خۆیان بەتەنیشت یەکەوە وەستان •

ئەفسەرەکە فەرمانێکی دەرکرد • سەربازەکانیش تفەنگەکانیان بەرزکردەوە • مۆغیسۆ بەڕێکەوت داوە پڕ وردە ماسی‌یەکەی کەوتەوە

بەرچاو ، لەسەر گیاکەی نزیکی فڕێدرابوو تیشکی خۆرەکە لێی ئەدان و ئەیدرەوشاندنەوە • هەستی بە گوناهباری کرد بەرامبەریان ، لە چرکەیەکا دوو دڵۆپ فرمێسك هاتە سەر چاوانی •

ـ بەدوعا مسیۆ سووڤەج ! بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وتی •

ـــ بەدوعا مسیۆ مۆغیسۆ ! مسیۆ سووڤەجیش وەڵامی دایەوە • ئەنجا پێکەوە تەوقەیان کرد • هەموو لەشیان لەسەرەوە تا خوار ئەلەرزی ، بێ ئەوەی دەسەڵاتیان بەسەر خۆیانا هەبێ •

« بتەقێنن ! » ئەفسەرەکە هاواری کردە سەربازەکان • هەر دوانزە گوللەکە وەك یەك گوللە لەلوولەی تفەنگەکانەوە هاتنە دەرەوە • مسیۆ سووڤەج وەك پارچە دارێ بەلادا کەوت • مۆغیسۆیش کە لەو درێژتر بوو تۆزێ لەرزی و خولایەوە ؛ ئەنجا ئەویش بەلای هاوڕێکەیدا کەوت • ڕووی کەوتبووە سەرەوە بەرەو ئاسمان • چەند دڵۆپێك خوێن لە چەند کونێکی چاکەتەکەیەوە ئەهاتەدەر •

ئەڵمانییەکە چەند فەرمانێکی دەرکرد • پیاوەکانی تۆزێ بڵاوبوونەوە • پاش کەمێك هاتنەوە بە پەتێك و چەند بەردێکەوە ، بە قاچەکانی پیاوە کوژراوەکانیانەوە بەستن ، جا هەڵیان گرتن و بۆ قەراغی ڕووبارەکەیان بردن •

لەو کاتەشدا شاخی (ڤالێرین) هەر گرمەی لێوە ئەهات و دووکەڵێکی زۆر بەسەریەوە کەپری کردبوو •

دوو سەرباز مۆغیسۆیان لای سەرو قاچیەوە هەڵبڕی • دوانی کەش

وایان لە مسیۆ سووفەج کرد ، پاش تۆزێ جۆلانێ‌کردن بە لەشـەکان هەڵیاودانە ناو ئاوەکـەوە • لەبـەر قورسیی بـەردەکان بەقاچا کەوتنـە ئاوەکەوە • ئاوەکە بڵقەبڵقێکی کردو تۆزێ جوولاّیەوەو هێمن بووەوە • جارێکی‌کەش چەند بڵقەیەك گەیشتە قەراغی ئاوەکەو یـەك تۆز خـوێن کەوتە سەر ئاوەکە •

ئەفسەرەکە بێ‌ئەوەی هیچ خۆی تێك‌بدات وتی : « ئەنجا نۆرەی ماسی‌یەکانە » و تەماشایەکی وردە ماسی‌یەکانی کرد کە لەناو داوەکـەی سەر گیاکەدا بوون • بانگی‌کرد : « وێلهێلم ! » سەربازێکی بەرگ سپی بەخێرایی هات : ئەمیش داوەکەی بۆ هەڵداو وتی : « ئەم باڵندە بچووکانە روو سوورکەرەوە ، پێش‌ئەوەی بەتەواوی بمرن ، زۆر بەتام ئەبن » •

ئەوجا گەڕایەوە سەر سەبیل‌کـێشانەکەی خۆی •

سەر کە جۆشێکی نەبێ ، من زرکەکاڵم بۆچی‌یە !
دڵ کە هۆشێکی نەبێ ، شیشەی بەتاڵم بۆچی‌یە !

مەحوی

سەیرکە ؛ من وا لێرەم ! !

شیعری ژنە شاعیری سۆڤیەتی
بێللا ئەخمەدۆلینا
وەرگێڕ : عەزیز ڕەشید حەریری

سەیرکە ، من وا لێرەم ؛
لە سەعات دووەوە ، خەڵاتەکە لەنێو دەستی مامانەکەدا شوێنی خۆی دەگرێت •••

* * *

دارەکانی سەر سەرم ئاوازێکی ناسکم بۆ دەڵێن ••
جنۆکەکانیش بە دارە سیحراوییەکانیانەوە یاریم لەگەڵدا دەکەن ؛
منیش لە ڕووناکاییەکی زێڕباودا ، سەرخەوێ دەشکێنم

* * *

فێری ئەوە بوو بووم لەگەڵ گۆرانیخەوتنو شیعرەکانی پووشکیندا بەئاشتی بژیم ؛
بەڵام کە جەنگ بەرپا بوو و هەمووشتێ بوو بە کەلاوە ••
ناردمیانە ئۆراڵ ؛ ئەو شوێنەی کە ڕەنگی نەخۆشخانەکانی لە سپیەتیدا هەر لە زستان دەکات ••
بەڵام لەگەڵ ئەوەش نەمردم ؛
ئەو شوێنەوارانەی کە بە هەوردکانیشەوە لکابوون ؛
دیارنەبوونو نەدەبینران ••
کەچی من دەرکم پێکردنو زانیم :
ئەمشوێنەوارانە هیی ئەوکەسانەن ؛
کە لەپێناوی مندا مردن ؛ کە لەپێناوی تۆدا مردن ••

فەلسەفەی ژیـان

شیعری : صەمەد وورگون (*)
حەمید کەشکۆل کوورەچی
لە ئازەربایجانی‌یەوە وەریگێڕاوە

کۆمــەڵ ـ کۆمەڵ ،
باڵندە لـــە پۆلەکانیان دەرئەچن ،
نەوە ، نەوە
مرۆڤیش لە کاروانی ژین لائەدا ،
مرۆڤایەتی ،
جـــارێ ژەهر ...
جارێ شەربەت ئەنۆشێ ...
نەخشی سروشتە وای ئەنجامداوە ،
ئاسمانیش نهێنی‌یەکی بەهێزی وای هەیە ...
دەستی گـــەردوون
کـــە ڕەوڕەوەی ژینی ئاکارداوە
هـــەندێ پڕ گریان ...
هەندێ پڕ خەندە ..
هیوا مەزنەکانی مرۆڤ ؟

هەندێکی شێرئاسا ..
ڕووەو سەختی هەڵمەت ئەبەن
هەندێـــکی ...
سەرلێ‌شێواوی ئامیزی ئەگرێ ..
هـــەردەم ،
ئاوەکان ڕێڕەو ئەگۆڕن ..
بیرو هۆش ئەگۆڕێن
ئەندێشەکان .. هەڵئەدەنەوە
گیانەوەر .. لە جێ‌یەکدا ناسرەوێ ،
سنگی لە بەرد ئەدا ..
ئەوســـا ..
جارێ لە زستان .. جارێ لە بەهار
دەرئەچێ ...

* * *

ئەی ئەو پەری‌یەی (خۆشی)ت ناوە !
وەرە !.. بە هاودەنگەکانت بڵێ :
بەداخەوە ..
تا ئێستا مرۆڤایەتی بە هیوا نەگەیشتووە ...
ئەی شۆخی جیهان !
مەتۆرێ لە مرۆڤ ،
ئـــەو ..
چاکەو بەدکاری جیائەکاتەوە ،..
وەرە !

نەکەی عەشقی ، بێ‌نرخ بگری ••
دڵدارە •• هەستیارە •• بەسۆزە ••
هەرگیز ئەستێرەی ناکوژێتەوە ••

* * *

مەرگ شەیتانێکە •• ژیان شاهێ !••
(ماڵو دارایی) سێبەرمانە •••
ئەشێ ••
ڕووناکی دەست لە ملی تاریکی بکا ••
ژین لە ژیانا ، ئێمەی ئەوێ ••
خۆریش سەر بۆ بازوومان ••
دادەنەوێنێ •

* * *

چاکــەو بەدکاری ،
ڕووبەڕوو وەستاون ••
ئەمە لە دێرزەمانەوە
میراتی ئێمەیە ••
لــە دڵمانا ، بەهار دیلە ••
کەچی لەپشتی‌یەوە
زستان کفنی لەبەرکردووە ••
نەخشی سروشتە وای ئەنجامداوە •

* * *

خۆشی جیهانێ
تاڵیش جیهانێ ••

بەلام ژیان
هەمیشە ئەسپی خۆی تاوئەدا ؟
دیمەنێکی دلفڕێن
لە جەرگەی ئاگرا نیشانئەدا ••
پەڕوباڵی نوێ
بە ئەندێشەکان ئەدا ••

* * *

شاباڵی هەستی مرۆڤ •••
دووبارە ••
لە ئاسمانا ئەسووڕێتەوە ••
لە دەریا شینەکانا مەلەئەکا
ئەی شەفەقی نیگا شیرین !
هیوای پاکی مرۆڤ لەئامێز کە ••
دەستی جوانیو هونەر
بەسەر خاکا درێژکە ••
فریایکەوە !
بێهوودەیە ، بیمارە ، هیوای بێهونەر
هونەر ، هێزو توانایە ••
با باڵ بدا بە زیندەوەر
ڕێگای کاروان ڕوونکاتەوە ••
با باڵ بدا بە دارو بەرد ••
سەرانسەر دەریاکان لەتبکا ••
لەشکری ئازادی بگاتە نزرگەی خۆی ؟
داستانی سەرکەوتن بکرێ بە یادگار

بمرێ مەرگ !

بژی ژیان !

بەناووبانگیمان لە جیهانا کردارێکە ••

کە شەوەزەنگمان کتووپڕ ڕووناك ئەکردەوە !•

با بمرێ شەیتان !

با چاکە لە ناخی دڵەوە

هـــاوار بـــکا

با کۆت‌و زنجیر بپسێنین !

بەسەرچوو ••

نەمـــا دەستی چەپەڵی ئازار

ئیسك‌و پرووسکی بە مستێ

ئەپووکێتەوە ••

چونکە خۆشی گەنجی‌یە

هەردەم ئەبووژێتەوە ••

عەشقی ژیان لە چاویا ئەدرەوشێتەوە ••

با بژی دواڕۆژمان !

با بژی بەهار !

(★) سەمەد ڤۆرگون (یا وورگون) ، کە بە (وەکیلۆف) یش ناسراوە ، لە نیـوەی یەکەمی ئـەم سەدەیەدا بە شـاعیری گـەورەی ئازەربایجانی سۆڤیەتی دانراوە • ئەم شاعیرە ، با کوردیشـی نەزانیبێ ، شانازیی بەوەوە کردووە کە کوردە • ئەم ڕاستی‌یە لە شیعرە کانیشـیا ڕەنگی‌داوەتەوە • دەیوت (کورد مووسا) ـ کـە قارەمانی داستانێکیە ـ وێنەی باوکمە • خۆزگە ئەم لایەنانەی شیعرەکانی ئەکران بە کوردی •

مامۆستا سەجادی
خەرمان بەرەکەت !

ممتاز حەیدەری

(١)

● گەورەم !

نازانم چۆن ڕێگا بە خۆم بدەم ، وەك خوێندەوارێكی كورد ، دوو ووشەی ئەمەكداری نەك دەربارەی هەموو بەرهەمەكانت بكەم كـــــە هەموویان شاكارنو بەهیچ جۆرێك ئەو ڕەوسە گـــەورەیە بەمـــن بر ناكرێ !! بەڵكو تەنیا ، بەڵێ «تەنیـــا» دەربارەی پێشەكی‌یەكەی بەرگی هەشتەمی ڕشتەی مرواری كەخۆی لە خۆی‌دا نیشانەی گەلێ مەسەلەی گـــەورەو بچووك ، ڕوناكوتاریك ، پاشكەوتنو پێشكەوتنی مێژووی ڕەوتی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی كوردی‌یە ، لەســـەرووی هەمـــووشـــیانەوە هەتیوی‌و بێ‌كەسی كەلەپووری نەتەوەییمان كە ئەم مەسەلانەش تێـــكڕا ڕەنگدانەوەی مێژووی نەتەوایەتی‌و كومەڵایەتی‌و ڕۆشـــنبیری كوردنو هەویرەكە ئاوێكی زێدە زۆر هەڵدەگرێ •

● گەورەم !

بێ‌گومان ئێوە ، لەئەنجامی دڵســـۆزی‌و شـــەونخونی‌و لێهاتووی خۆتانەوە ، كەلینێكی گەورەتان لە ڕەوتی ڕۆشنبیری‌و ئەدەبی نەتەوەی

کورد پڕکردۆتەوە •• ئەمەش قەرزێکی زۆر گەورەیە بەسەرمانەوەو هەرگیز پێمان نازمێردرێ‌و پێمان‌نادرێتەوە ! ئەم سەرمایە مەزنە پەیکەری نەمری سەدان ساڵی دواڕۆژ دروست دەکات •

● **گەورەم !**

لـــە ناخی ناخەوە ئاوات دەخوازین تەمەنت درێژ بێ‌و لـــەشت ساغ‌و ڕووباری بەرهەمەکانت ئەستوورترو ڕوونتر بێ ، بەتایبـــەتیش ڕێچکەی کاروانی شکۆداری « ڕشتەی مرواری » بەرینترو نەپساوتر بێ•

حەزرەتی سەجادی !

وەکو لـــە پێشەکی «ڕشتەی مرواری»دا دەفەرمووی :

« وەکو هاتنەکە پیاو بە ئارەزووی خۆی نەبووە ، چوونەکـــەشی هـــەر بە ئارەزووی خۆی نی‌یە » • منیش دەڵێم وادەبێ « حـــەزرەتی عزرائیل » لە ناوەندی شەقامدا پشتی‌ملی پیاو بگرێ‌و لە عەردی بکوتێ ، جا دەستم دامێنت‌و بە پیرۆزی‌و مەزنایەتی کەلەپووری نەتەوەیمان ، تـا پێت‌دەکرێ ڕۆژێك زووتر بەشەکانی دیـــکەی ڕشتە بڵاو بـکەوە تـا (پلارهاوێژەکان) زیاتر شەرمەرازی دایان‌گرێ‌و وەچەی نوێش زیاتر شانازی بە ڕابردووی دێرینی‌خۆی بکات‌و داهێنەرانە بیکا بـــە هەوێنی پێشکەوتنی ئەدەبیاتی ئەمڕۆو دواڕۆژمان •

(٢)

● **خۆێنەری خۆشەویست !**

ئاشکرایە تا ئێستا دەیان بەڵکو سەدان ووتارو لێکۆڵینەوە دەربارەی ژیان‌و هەڵوێست‌و بەرهـــەمی چەندان ئەدیب‌و نووسـەرو شـــاعیری

هاوچەرخ و کۆچکردوو نووسراوە ، بێگومان ئەو بەرهەم و لێکۆڵینەوانە بە پێی سەنگی خۆیان ، کەلێنی تایبەتی خۆیان لە کتێبخانەی کوردیدا پڕکردۆتەوە ، بەڵام ئەوەی مایەی داخ و سەرنجە ئەوەیە کە شوێنی مامۆستا سەجادی و بەرهەمەکانی ئەوەندەیان بەرنەکەوتوە کە شایەنی باس بێ و ببێ بە سەرچاوە ! بە تایبەتی زنجیرەی « ڕشتەی مرواری » کە گەیشتۆتە هەشت بەرگ . هەڵبەت ، بە هیچ جۆرێك ، ناوەڕۆك و ڕوخساری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و دەروونی و کۆمەلایەتی و زمان و زمانەوانی و مێژوویی ی «خەرمانی ڕشتەی مرواری» بە ووتارێك و دوان و سیان ... و ... بە چاکی باس ناکرێ و هەقی ڕەوای خۆی نادرێتێ بەڵکو پێویستی بە دەیان لێکۆڵینەوەی فراوان و قووڵ و زانستانە هەیە ، ئەویش بە بێ ڕاو تەگبیرو نەخشە ناکرێ ، بۆیە من وا پێشنیار دەکەم کە کاتێکی تایبەتی دیار بکرێ و «سیمینارێکی گەورە» ی چەند ڕۆژی سازبکرێ و لەو سیمینارەدا لە بەرهەمەکانی مامۆستا سەجادی بەگشتی و هەشت بەرگەکەی ڕشتەی مرواری بە تایبەتی ، بکۆڵرێتەوە . بە واتایەکی تر ، ئەم سیمینارە بکرێ بە میهرەجانێکی گەورەو قەشەنگ بۆ ڕێز گرتنی مامۆستا سەجادی کە زاناو ئەدیبێکی نەتەوەپەروەری کوردی ـ کەموێنە ـ یە .

ڕاستی ، ئەم ئەرکە قورسەش لە وزەی تاکە کەسێك نی‌یە بەڵکو لە توانای دەزگایەکی ڕۆشنبیری سەر بە دوەڵەتە وەك « ـ دەستەی کورد ـ لە کۆڕی زانیاری عێراق ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، ئەمێنداریتی ی گشتی ی ڕۆشنبیری و لاوان » . بەلای منەوە ئەگەر یەکێك لەم سێ دەزگایە ئەم ئەرکە پیرۆزە بگرێتە ئەستۆ ، دەتوانرێ کاتێکی لەباری بۆ هەڵبژێررێ و ئەوکاتە پێویستە دەستبەجێ

لیژنەیەك بە ناوی « سیمینارو میهرەجانی سەجادی » پێك بهێنرێ بۆئەوەی هەر زووبەزوو هەموو هەل‌و مەرجی سەرکەوتنی پرۆژەکـــە دەست نیشان بـــکات •

(٣)

● ئەی کوردینە !

تا ئەم پێشنیارە (ئاواتە) ، بە هیممەتی دڵسۆزان بەئەنجام دەگات ، وەرن با هەموو ئاوات بخوازین کەتەمەنی مامۆســتا ســەجادی درێژتر بێت‌و هەمیشە هەر لەشی ساغ‌و بەرهەمی فرەتر بێت •

(٤)

● گەورەم سەجادی !

تا ئەم میهرەجانە بە چاوی خۆت دەبینی‌و گیــــان‌و هـــــەستی کوردەواری‌ی بەرهەمە ڕەسەنەکانت دەبێ بە زاخاوو ڕێ‌نیشاندەری کاروانی کورد ، دەڵێم :

خەرمان بەرەکەت
لە ژیان‌و بەرهەمەکانت !

سێ بارانە ڕۆژ

« ئـەرخەوان »

– ١ –

بارانە رۆژێ بوو غەمگین
ئاسمان ماتو زەوی بێدەنگ
چاوەکانت لەجێی خۆرێك
دوو خۆر بوونو
منیش دڵم
تەواو تاریك •
ئەی چاوەکان !
وەختێ لـــە دڵما هەڵهاتن
بەفری خـــەمم
نەك توایەوە
بووش بە هەڵم •

★ ★ ★

خەندەی لێوت
کانیاوی کەللەتەزێنی کوێستان بوو

منیش ڕێبواری شەکەتی
ڕێگەی هـــاوین
عاشقت بووم بەڵام عەشقت
عەشق نەبوو
شۆڕشێ بوو
گیای سوورو ئاسمانی سپیو
گوڵی ڕەشی داوا ئەکرد

* * *

سەرانسەری باخچەی ماڵان
گوڵی ڕەشە
دەشتو چیـــا
وەك مافوورو وەك دیواری
سوورە گیایە
بەڵام ئاسمان نەگۆڕاوە
بۆیە عەشقت عەشق نیەو
سەودایەکە زۆر نەهێنی
بێ جێو ناوی
ئەم بارانە ڕۆژەی تیایە

– ٢ –

بارانە ڕۆژێـکە غەمگین
زەوی لە قوڕ پێواندایە
ئاسمان دایکـێکە پرچ سپی

بەسـەر ئەودا ئەگری‌و ئەگری
تا ئێستاکە چاوەکانت
وەك دوو مۆمی کوژاوەیە
خەندەی لێوت دەمێ وەریو
دەمێ مەییو
منیش دیلی چوار دیواری
هـەتاو نەدیو
ڕقم لێتە !
چونکە عەشقت عەشق نەبوو
شۆرشێ بوو
دۆڕاو ، بەزیو

- ٣ -

بارانە ڕۆژی بەهارە
ئاسمان تووڕەیەو دائەکات
مرواری تەرزە ڕۆئەکات
ئەوا ئێستەش چاوم لێیە
خۆری ، زولفـو پەرچەم زیوین
یێخەی تەموەژ دائەدڕێ
دڕ بە گەواڵە هەور ئەدات
بۆ شاری- یار پێ ئەکەنێ‌و
بەرەوپیری ئەو ڕائەکات
لەدوایشدا

چەتری زیڕین
لەسەر سەری عاشقانی شاخ
هەڵئەدات
زامی لەشی کوڕی عاشق
سورەو شینەو خوێن لێ تکاو
بۆیە کچان چەپکە هەتاو ،
دیاری دەستیان
ئەدەن لـــە سنگ و بەرۆکو
ئەدەن لـــە قژی دەزگیران •
زامی لەشیان
بە تاڵە پرچی هەڵکەنراو
ئەچننەوە •
وەختێ خوێنیش بوو بە سووراو
ئەوسا جووت جووت
دیسانەوە ڕێی ژوانی
بارانە ڕۆژ ئەگرنەوە •

١٠ - ٣ - ١٩٨٢

کاتێ ژوان ئەکرێ بەدیاری ...

د. هیوا عومەر ئەحمەد

هێدی هێدی بەتەنیا ، تولەڕێکەی گرتبووەبەر ، کە نمەی بارانەکە ئەیدا لە ڕووی ، تەزوویەکی بە لەشیدا ئەهێناو پێڵوەکانی پێ لێك ئەنا ، هێمنیو شادی دەموچاویان لیپ کردبوو .

« نازانم بۆ هێندە دڵم بە باران ئەکرێتەوە ؟ »

بە چمکی پریاسکە پێچراوەکەی بنهەنگڵی دەموچاوی سڕیو سەرێکی بڵند کردەوەو لە بەرزی ڕوانی .

« بارانو یادگارەکانم ئاڵودەی یەکن ، ڕۆژێکی باران بوو لاوەم ناسی ، ئای لاوە گیان وا نەمردم بە دیدارت شادئەبمەوە » .

هەناسەیەکی وەك هەنسکی پاش گریانی هەڵکێشا ، بارانەکە نەرمە ئاوڕشێنێکی زەوییەکەی کردبوو ، دڵۆپی بارانەکە خۆیان بە زەوییەکەدا ئەماڵیو کەمێ تۆزیان ئەکردو لە ئامێزی واڵای خاکەکەدا ژیرئەبوونەوە .

« لە ڕۆژێکی باراندا بوو لە لانەیان تەراندی » .

کرزییەك دەموچاوی داگیرکرد ، چرچێ کەوتە نێوان

برۆکانی‌یەوە • دامێنی کراسە شۆڕەکەی هەڵکرد ، بەپارێزەوە پێی بەسەر جۆگەلەکەدا هەڵهێنا • کانکێشکەرەی دیمەنی [دارە گەورە] سەرنجی ڕاکێشا • نیگاکانی بە چەندان داوی نەبینراوەوە بەو گوزەرەوە بەسترابوون • چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە لای ـ دارە گەورە ـ ؛ لاوێکی جل‌وبەرگ خاکی لەپاڵ دارەکەوە ئاشکرابوو • بەپیری‌یەوە هات ، بێ‌ورتە دەستیان خستە ناو دەستی یەك • چاوە بەلەکەکانی بڕی‌یە چاوەڕەشەکانی ـ لاوە ـ ، پاڵی‌دا بە دارەکەوە ، دایە پڕمەی گریانێکی بەکوڵ ، لاوە شانی گرت‌و بەخۆیەوە نوسان ؛

« سێوە گیان »

بە هەنسکی گریانەوە ، بە دەنگێکی بەسۆزەوە وەڵامی‌دایەوە ـ « پەڕەی دڵەکەم لاوە » •

شانۆکە تاریك‌و دیمەنەکان تەماوی بوون ، گەردەلول بە کفەکف مێردەزمەکانی گەیاندەجێ ، دێوەزمەکان پیادە بوون ، بەو دەوروبەرەدا بڵاوبوونەوە ، خۆیان مەڵاس‌دا ، کەڵبەیان بۆ دیمەنەکە تیژئەکردەوە • شانۆکە بووە ڕاوگەی کەوان ، مۆتەکە زەردەوالاوی‌یەکە بەپارێزەوە لە دارە گەورە نزیك‌بووەوە ، چەند مێردەزمەی دواکەوتن ، چڕنوکیان لێ ڕووت‌کرد ، هەور گرماندی •

« کەوی یاخی دەستەمۆ بە ، کەوی نەبی ، هەورە بروسکەت ئەکەینە دیاری » •

هوشیار بووەوە • هەرچەند ئەیزانی کار لە کار ترازاوە ، کەڵبەی مێردەزمان چەپەرە لە گشت لاوە • بەڵام وەك ئاسکی سڵکەر ، دەستی‌دایە باڵی (سێوە) • پشت لە ئاوایی‌و ڕوو لە هەردەو چۆڵ دایان لە

شەقەی باڵ • دێوەزمەی زەردەواڵە بەشان تورە بوو ، خۆی نەخواردەوە جامی قینی بەسەریاندا ڕژان ، هەور گرماندی •

« نەیەڵن بێدیاری قووتار بن ، بروسکەیان بکەنە دیاری » •

شریخەی هەورە بروسکە ، چزەی لە گیانیان هەڵساند •

گەرمی یەکەی لاشەی ساردکردنەوە ، نمەنمی بارانەکە ڕەنگی جێبروسکەکەی ئەشتەوە ، خوناوەکەی تینوێتی خاکەکەی کزرئەکردەوە ، ئەو گریانە سەبوری بە دڵی توێتوێی - دارە گەورە - ئەدا ، لەوساتەوە دەنگی خرمەی باران ئەو سەرگروشتەیە ئەگێڕێتەوە ، بەڵام تەنیا کەویاران گوێی شانازی بۆ شل ئەکەن •

ڕەببی مووی لێ بێ زمانی ، پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بە چەشنی کوڵخەنی دۆزەخ بەرێ

- حەمدی -

کاتێ سروشت تووڕە دەبێ !

مەدحەت بێخەو

(١) بانگی ڕووبار

کاتێ ڕووبار هەڵئەچێتو
بانگو هاوار ئەپەخشێنێ
والآیە چی ئەدرکێنێ
بەڵام کزی ورەو هانا
وەڵامی بانگ ئەخنکێنێ
بۆیە هەمووساڵی ڕووبار
لــــە نەوبەهار
لــــە سەیرانکار ..
تووڕە دەبێو دەقیژێنێ !

(٢) دارستان

کــــە دارستان خۆی سووتاندو
شوێن بوو بە خۆڵ
پرسیاریان کرد لە ڕەگەکان
چی بوو هۆی ئەم کارەساتە ؟
گوتیان لەدژی دێوجامەو(١)
(کــەو)انی زۆڵ .!

(٣) دەسکی تەور

لـــە دێیەك دەسکەتەورەکان
گوتیان سوێند بێ ••
چیتر نەچین بۆ دارستان
نەبین بە قەڵەمو تیرۆك
بە داری پێمەڕەو کەمان ••
بەم هەواڵە گورگو رێوی
مردن تۆقان •!

(٤) ڕێژنـە

لە کویستانان کاتی زستان
وەرزەکەی زۆر دەخایێنێو
بەستەڵەکی نابڕێتەوە
ڕێژنەی بەهار تووڕە دەبێ
تا گوڵاڵە بڕوێتەوە
بەگوڕ دەباریو دەباری
تاکو سەهۆڵی هەردو کێو
بەجاری ئەتوێنیتەوە •!

---

(١) دێوجامە = ئەو پەردەیەیە کـــــە وێنەی کەوو بالندانی تێدایەو راوچی بۆ ڕاوی کەو بەکاریدەهێنی •

سـەفـەر

سـەلاح عومـەر

دە ساڵ پێش ئێمشەو ئێرەم جێهێشـت • ئەوا جارێـکیدی پـێ دەنێمەوە هەمان کۆڵان • هەر ئێسـتا خۆڵو خاکەکـەی بۆندەکـەم ، ئەوانیش ماچمدەکەن • دیوارە لە قوڕ دروستکراوەکان ، خانووەکان ، فرمێسکی بێئـارامیو ژانی دووریو سووتانم دەسـڕنەوە • دەرگـاو ماڵەکان ، هەمووشتێ وەکو خۆیـەتی نەگۆڕاون ، ئـەوەتانێ جـۆگەلە باریكو خـوارو خێچـەکەم لێ دیـارە • کۆنە پـەڕۆو ووردە بـەرد پڕیکردۆتەوە • لێرەو لەوێش پەنگاوەتەوە • جاران دەبوایە هەمـوو ڕۆژێ ئافرەتێك یا پیاوێك خۆی لێ هەڵبکاو بە خاکەناز پاکی بکاتەوە • بەڵام ئاخۆ بۆ ئێمشەو پاكنەکراوەتەوە ؟ دەبێ چێ ڕێی لێ گرتبن ؟ لەوانەیە خەڵکەکەی تاقەتی جارانیان نەمابێ • یا کۆمەڵە خێزانێکی دی شـوێنی گرتبنەوە• هەمووشتێ دەبێ• کەس لە جێی خۆی نامێنێ• ئیمڕۆ لێرەی ، سـبەی لە شوێنێـکیتر ••• لەخـوار شـوێنی بەنگانەوەی یەکەمی جۆگەلەکەش • چاڵێ هەبوو • ئەوەتە دیارە • قووڵتر دەبینرێ ، پانو بەرین کراوە • وادیـارە ئێستا بۆ شـتیتر بەکاردێ • ئەوەتا چەندەها قوتووی بەتاڵ •• پاشماوەی خواردەمەنی •• کیسەی نایلۆن •• وردە شووشە •• خۆیان تێیدا متکردوە • بۆتـە گوفەك ، بۆگـەنی لێ دێو

خەریکە مێشکم هوڕدەبێ ـ کە لەوێش دەسوڕێیتەوە، ڕیزە دووکانەکان دێنە بەرچاو ، سێیەمین دووکان هی سەوزەفرۆشێ‌و چوارەمین هی کووتاڵفرۆشێ بوو • نازانم لەجێی خۆیانن یا نە؟ ئاخۆ پیرەمێردە بەساڵاچووەکە ماوە ؟ یا ئەویش مەرگ پەلەکێشی کردوە • کابرایەکی شەست حەفتا ساڵان دەبوو • گەلێ‌شتم دەربارەی بیستووە ، گوایە لە گوندەکەیان لەگەڵ ژنێ دەست تێکەڵ دەکا ، پاش ئاشکرابوونی کارەکە ژنەکە دەکوژن‌و ئەم بەرناکەوێ • لەترسا سەر هەڵدەگرێ‌و لێرە دەگیرسێتەوە • هەر لێرەش ژنی هێناوە • چوار منداڵیشی هەبوو ، سێ کوڕو کچێك • کوڕەکانی گەلێ بێ‌بەزەیی‌یانە لەگەڵی دەجوڵانەوە ، ماندووبوون‌و شەونخونی هەر بۆ ئەو بوو ، نەمدیت ڕۆژێ بەسەر دووکانەکەی باوکیان ئارام‌بگرن •••

سەرتاشێکیش لەتەنیشت پیرەمێردەکە بوو • ناوەکەیم لەبیرنەماوە، کوڕێکی قۆزی ڕووخۆش دیاربوو • هەمووجارێ کە بەوێدا تێ‌پەڕیبام ، بەگەرمی بانگی دەکردم :

ـــ « دانیشە ، چایەك •• ساردەك ، لەخزمەتین » •

لەوبەریش قەسابێکی ورگ‌زلی سمێڵ‌فش ، بە قسە قۆڕو بێ‌ماناکانی ڕووبەڕووت دەبۆوە ، کابرایەکی ڕووگرژو چاوزەق بوو ، هەمووساتێ مۆنی‌و خەواڵوویی‌و چاوسووری لەڕوخساری ڕەنگی‌دەدایەوە ، ڕقم لێی دەبۆوە • خۆشم نازانم لەبەرچی نەمدەویست ببینم ؟ کە دەمدیت تووڕەو پەست دەبووم • گۆشتم لەو نەدەکڕی • دەچوومە بازاڕ • باکم بە ڕۆیشتن‌و دووریی بازاڕ نەبوو ، تەنیا دەمویست نەیبینم جا هەرچی بێ‌و کوێ بێ گرنگ نەبوو لام •

دووسەد مەترێ لەوێش هەنگاوت دەناو بەناو خۆڵ‌و بەردو چەودا

دەڕۆیشتی ، وەردەسووڕایەوە ، یەکسەر دەرگای قوتابخانەکەمان سەرەنجی ڕادەکێشای . لە ڕۆژئاوای دیواری پشتەوە ، سووچێکی تەنیاو چۆڵو باریکە ڕێیەك دەیبردیە سەر شەقامەکە . منو میدیای کچی مامئەحمەد لەو سووچەدا ، بە دەیان جار تووشی ترسو لەرزو چاوەدێریی خەڵك دەبووین .

بەیانیان زوو بەوێدا دەڕۆیشتین ، ئەو بڕۆ من بەدوایەوە بیست مەترێ لەپێش منەوە هەنگاوی دەنا ، بەشێوەیەکی سەیریش نامەکانمان دەگۆڕییەوە ، چەند ئاوڕێکی خێرا بۆ ئەملاو ئەولا ، کاغەزێکی نووشتاوە ، فڕێدەدرایە خوارێ . ئەوسا تیژ تێیدەتەقاند ... تا ئەوساتەی لە سەربان دەمدیتەوە ، ئاگام لێی دەبڕا . ئێستاش بەبیرمدێ چۆن نامەکانم هەڵدەگرتەوە . سەربانەکانیشمان دەیڕوانییە یەك ، ئێواران بە ئیشارەتو دەستهەڵبڕین یەکترمان تێدەگەیاندو بەڵێنەکانمان تازە دەکردەوە .

— « بەیانی سەعات حەفت لە هەمان شوێن » .

نەماندەوێرا لە بەردەرگا سەیری یەکتر بکەین ، چونکە کۆڵان بە ڕۆژ دەپنگایەوە . پێش هەر دەرگایەك کۆمەڵە ئافرەتێ بە خۆیانو تۆپەڵە بنێشتی دەمیان وەکو حەسحەس تێتڕادەمان ، گرێکوێرەی نهێنیو باسو خواسی ناسیاوو نەناسیاو بەوان دەکرایەوە .

جا چۆن یەکتر ببینین . خۆ کە بەتەنیاش بەوێدا تێپەڕیبام ... لەشەرمان ئارەقەی ڕەشو شینم دەکرد .

جاران کۆڵانەکەمان بە شەو تاریکی باڵی بەسەردا دەکێشا . تەنیا دوو گڵوپ ، یەکیان لەژێر تارمەی بەردەرگای ماڵی حاجی ئەحمەد ،

ئەوی دیش لەوسەر ، ئێستا ڕووناك بۆتەوە • ئـەوەتانێ ڕیزە دارتەلێك چەقێنراوەو گـڵۆپەكانیشی داگـیرساون • هەمووشـتێ لەبـەر تیشـكی گـڵۆپەكاندا بـەجوانی دەبینرێ ، دەرگاكەی خۆمان هەمان ڕەنگی پێوە ماوە ، نەگۆڕاوە • ڕەنگێكی كەسكی تۆخ ، چەندەها جار بە باوكم گوت ئەم ڕەنگە بە ڕەنگی شین یا پەنبە بگۆڕێ • گوێی نەدامێ • حـەزم لـە ڕەنگی تۆخ نەدەكرد ، پێی توورەو خەماوی دەبووم ، شەیدای ڕەنگی كراوە بووم ! لە درزی دەرگاكەوە بڕوانیتە ژووری هەمووشتێ دەبینی • پاش كەمێكی تر لێی نزیك دەبمەوە ، ئەوسـا لە درزەكانـەوە سـەیری حەوشەكە دەكەم ، بەڵام كێ دەڵێ ماڵمان لێرە ماوە ؟ خانووی خۆمـان نەبوو ، هی كابرایەكی ڕەزیلی قرچۆك بـوو لەوانەیە فرۆشتبێتی ، یـا كرێكەی زیاد كردبێ‌و باوكم توانای پارەدانی پتری نەمابووبێ ، ئەوسا جێی هێشتبێ ! !

ڕەوشتێكی سەیرم هەیە ، نازانم بـۆ كە بیر لە باوكم دەكەمـەوە قاچەكانم دەلەرزن • هەستی برینـداری‌و دڵتەنـگی‌و هەناسەسـواری دەموروژێنێ • كە بیریشـی لە نازداری خوشـكم‌و سـەرداری بـرام دەكەمەوە هەستی خۆشی‌و كامەرانی ختۆكەی گیانم دەدا • چەند خۆشە ! خۆشكەكانم ، سەرداری برام لە ئامێز دەگرمەوە • ئاخۆ چـۆن بن ؟ ! گەورە بووینە ، ئا بەڵێ گەورە بووینە ؟ ئاساییە ، دە سـاڵ تەمەنێـكی كورت نییە • بەژن‌و باڵا ، ڕوخسار ، دەنگ هەمووی دەگۆڕێ• نازانم لە قوتابخانەش چییان كردوە ، گەیشـتوونەتە كوێ ؟ بەپێی سـاڵ بـێ دەبێ سەردار دووی ناوەنـدی‌و نازداریش چـواری دواناوەنـدی بێ ؟ خۆزگە بەردەوام ئەم هەستە گیانم بگرێتەوەو جارێكی‌دی تێكەڵی جیهانی لێك‌دابڕان‌و ڕوخساری خەماوییان نەبمـەوە !! ڕووگرژیی باوكیشـم هەر مەپرسە • ئاخۆ چۆن تابلۆیەك ئەمجارە لە بەرچاوم قیت‌دەبێتـەوە ؟

دنیایەکی سەیرو ژیانێکی تاڵمان هەبوو ، هەتا کەلوپەلی ژوورەکانیش گلەییان لێ دەکردین . هەر کە بەیانی دەبۆوە ، شەڕ ، قیژەقیژ ، هاوار هاوار گوێی دراوسێکانی کاس‌دەکرد . لەوانەیە ئێستا ئەم هەرایە برابێتەوە ! لەوانەشە نەء ! ؟ باوکم پیر بووەو تاقەتی ئەم بەزمەی نەماوە ، بەڵێ پیری خووڕەوشت دەگۆڕێ ، پیاو هێمن‌دەکاتەوە . توندو تیژی ناهێڵێ . بەبیرمە چەند جار هەوڵی خۆدزینەوەو سەری خۆ هەڵگرتنم دا ، خۆکوشتن ببووە ویردی سەر زمانم . مێشکم بە دەیەها پیلان‌و نەخشەی سەیر قاڵ‌ببوو . تا ئەوشەوەی بۆ هەمیشە سەری خۆم هەڵگرت، ئاخر چۆن سەرهەڵنەگرم ؟ پاش چی ؟ دەرکرام ، تێ‌هەڵدرام ، ئێستاش نەدەهاتمەوە ئەگەر خەونە ناخۆشەکەم نەدیتبایە ، خەونێکی گەلێ ناخوشم بە باوکمەوە دیت : باوکم لە گیانەڵادا بوو ، بۆیە تا زووتر بگەمە لای هەر درەنگە . هیچیشم نەماوە ، چەند مەترێك ، ڕووبەڕووی ڕاستی دەبمەوە. خەونەکە ڕاست بێ یا درۆ بێ ، ئەوا هاتمەوە . خەون ڕاست نی‌یە ئا ، کۆمەڵە ئارەزووەکی جێ‌بەجێ‌نەکراوە . با چیتریش لە سەری کۆڵان نەوەستم . ناشیرینە ! یەکێ بمبینێ چیم پێ دەڵێ ؟ دزە ... پیاوخراپە . نامناسنەوە .. هەر لەبیریشیان نەماوم ، دە ساڵ کەم نی‌یە . بەم سەرقژنی‌و ڕیش‌درێژی‌و سمێڵەوە ، چۆن بمناسنەوە ؟ کە ڕۆیشتم هێشتا ڕیش‌و سمێڵم نەهاتبوو . تەمەنم پازدە ساڵ بوو ، دەش‌دەکاتە بیست‌وپێنج ساڵ . شەویشە ، مرۆڤ بە شەو سیمای دەگۆڕێ ، ناناسرێتەوە . قسەشم لەگەڵ بکەن ، بیاندوێنم ، دەنگم ناناسنەوە ، دەنگم گڕ بووە . زیادە گۆشتەکەی ناو لووتیشم بڕی هەر چاك نەبوومەوە . با هەنگاو بنێم یا بگەڕێمەوەو ئێرە جێ‌بهێڵم . نا ، ناگەڕێمەوە . ئەدی بۆ هاتوومەتەوە . هەندێ تین ، ورەم بەرزدەبێتەوە ، لە چی بترسم ؟ مەسەلەکە کۆنە ، تەنیا بیرەوەری‌یەو تۆزی لەسەر نیشتووە ، یادێکی

تاڵەو دووبارە نابێتەوە • خۆ جارێکیدی لەشم ناغارێ ؟ لەناو خوێن ناگەوزێنرێم • ساردیش بۆتەوە ، کێ ناڵێ پاش تێهەڵدانەکە پەشیمان نەبۆتەوە ؟ پەشیمانیو نائومێدی گەرای لە ناخ دانەناوە ؟ وەزانم تووشی نەخۆشی یەکەش هاتۆتەوە ، ئا تەنگەنەفەسی • کە تووڕە دەبوو ، بۆ نەخۆشخانە کاروانسەرا بووین • تەنیا بە دەرزی یە نووک تیژەکەو حەبە سپی یەکان هێمن دەبۆوە • هەموو ساتێکیش پەلی شووشە نایلۆنەکە لە باخەڵی بوو • لەوەتی بەبیرم دێ هەر وامدیوە • تووڕەو توندو تیژ ، تەنگەنەفەسی ، شەونخونی نەخۆشخانە ، تەنیا دواجار کە پێم هەڵشاخا ئاگام لێ بڕا جێم هێشت •

بۆ لێیدام ؟ بۆ بە پاڵەپەستۆ فڕێیدامە دەری ؟ ئەوەی من کردم هێندەی نەدەهێنا تەنیا مەسەلەی دایکم بەبیرهێنایەوە ، خۆ ئەگەر خۆم نەگرتبایەوە ملم دەشکا • ددانم شوێنەواری لە دەمم نەدەما • دەموچاوم هەمووی داماڵا بوو • هیچم پێ نەکرا ، باوکم بوو ، کە گوتت باوك هەمووشتێ دەبڕێتەوە • کاشکا باوکێکی دڵنەرمو بەبەزەییم هەبوایە ؟! لەبیرم ناچێتەوە ئێوارەیەك چۆنی کوتامەوە ؟ پاشانیش لە ژوورێکی تاریكو چۆڵ بەندی کردم • چوار سەعات ، نەء بڵێ چوار هەزار سەعات • چ ئێوارەیەکی پڕمەترسی بوو ، لەیادم ناچێتەوە • گریانو بوورانەوەو پاڕانەوە دادی نەدام • هەر خوا دەزانێ چۆنم بەسەربرد • چم دیتو چیم بیست ؟ ! ! پاڕانەوەی دایکیشم پارەی نەکرد • ئەوسا هێشتا دایکم لامان بوو • ئامینەی باوەژنیشم تازە بۆ باوکم گوێزرابۆوە • بەڵام هێندەی پێ نەچوو بووە هەرا ، دایکم دەربەدەر کرا • لەوساوەش دایکم • [illegible] چەند ساڵێ لەمەوبەر گوێم لێ بوو گوایە لە شارێکی لای سنوور ، شووی بە کابرایەکی ئەوێ کردووەو چەند مناڵێکیشی لێی

هەیە • یانێ برای تریشم هەن ، نەمدیون ، نایانناسم ، ئاخۆ تەمەنیان چەند بێ ؟ چۆنن ، ڕۆحسووکن ؟ خۆزگەم دەتانمدیت ئێوەو دایکم پێکەوە ؟ ! مخابن بۆت دایە !! ئافرەتێکی نموونەیی بووی ، خزمو بێگانەش سوێندیان بە سەرت دەخوارد !!! وەنەبێ نەهاتبمە سۆراغ کردنتو بەدوات نەگەڕابم ، هاتم • بە پرسیاریش ماڵەکەتانم دۆزی یەوە • بەڵام لەوێ نەبوون ، گوتیان چوونەتە سەفەر • چەند ڕۆژیش چاوەڕێی گەڕانەوەتان بووم نەگەڕانەوە • ئێ چی بکەم ؟ نامەیەکم بۆت جێهێشت • ئەوە وەڵامەکەت لە گیرفانمە • ئەگەر ئێستا لە ژوورێك بووامە دەرمدەهێنا• دەمخوێندەوە• وەك چۆن لەوکاتەوە کە پێم گەیشتووە هەزار کەڕەت خوێندوومەتەوە • ئای ئەگەر دەتزانی چەند شەیدای لەباوەش گرتنێکی ترتم !! کوانێ لای لایەو گۆرانیو دەست بەسەردا هێنانەکانت ! ؟ کوانێ دڵدانەوەو هەزارەها شتی ترت • بیست ساڵە لە یەك دابڕاوین • بیست ساڵیشە بۆمان دەسووتێیو بۆت دەسووتێم • دەردەسەرییو کوێرەوەریشت لەولا • ئاخۆ چۆن شێوەیەکت لە دڵتا بۆمان هەڵکەندووە ؟ ! بشێ یەکتر ببینین یەکتر بناسینەوە ؟ لەوانەیە من نەتناسمەوە ، بەڵام تۆ ئا •

دایك منداڵی خۆی دەناسێتەوە • ئەگەر تەنیا جارێك لە باوەشی گرتبێ • تەنیا یەكجار ماچی کردبێ • لە باوەشیشی نەگرتبێو ماچیشی نەکردبێ هەر دەیناسێتەوە • تۆش دەمانناسیتەوە • ئەی چۆن نامانناسیتەوە ؟ بەڵام نازانم خوشكو براکانم دەتناسنەوە یا نەء ؟ چونکە کە لێمان دابڕای ئەوان تەمەنیان دوو ساڵ بە دوو و نیو بوو • لە دەرگا دەدەم •• دەچمە ژوورێ • بۆ نەچمە ژوورێ ؟ خۆ من شارەزای هەموو کەلێنو قوژبنی ژوورو حەوشەکەم • لەوێ گەورە بوویم ، ترشیو تاڵیو

گریان‌و پێکه‌نینم تێکه‌ڵ به گیان‌و دڵ‌و ده‌روون بووه • ئه‌گه‌رچی که‌میش پێکه‌نیوم • به‌ڵام له‌وانه‌یه خه‌وتبن ، بۆ هه‌ڵیان‌بستێنم ؟ خه‌و خۆشه ، له‌خه‌وهه‌ستن ده‌ترسن • نا نا هه‌ڵیان‌ناسێنم ، با بخه‌ون • حه‌وشه‌که‌ش تاریکه • وا باشتره به‌هێواشی به‌سه‌ر دیواره‌که‌وه ئاوای ئه‌ودیو بم • به قه‌ڵه‌مبازێ خۆم له‌کن به‌لووعه‌که ده‌بینمه‌وه • دیواره‌که نزمه • به هێواشی ، ناکه‌مه ته‌په‌ته‌پ ، به‌ڵام چی‌بکه‌م گه‌ر هه‌ستان • ناشمناسنه‌وه، چوزانن منم ؟ زراویان ده‌ڕژێ • به دزم تێ‌ده‌گه‌ن• ده‌که‌نه هاوار هاوار• حه‌قی خۆشیانه ، به هه‌موویان شاڵاوم بۆ بێنن ، بمکوژن • ئه‌وسا جارێکی‌دیش ده‌کوترێمه‌وه تا ده‌مناسنه‌وه • هه‌ر خوا بزانێ چه‌ندم تێ‌هه‌ڵده‌ده‌ن • له ده‌رگا بده‌م باشتره خۆ ده‌رم‌ناکه‌ن گه‌ر نه‌مناسنه‌وه • ده‌ڵێم میوانم ، هه‌وه‌ڵ‌جار خۆمیان لێ ئاشکرا ناکه‌م • تا باش سه‌ره‌نجم ده‌ده‌ن • ئه‌وسا ده‌مناسنه‌وه ، له باوه‌شم ده‌گرن • من ئه‌وان ده‌ناسمه‌وه • منیش له باوه‌شیان ده‌گرم • ماچیان ده‌که‌م • ماچم‌ده‌که‌ن • ئه‌وه‌ی ڕابورد ڕابورد • خه‌تای منیشی تێدابوو • برینی باوکم کولانده‌وه • نه‌ده‌بوایه باسی دایکم بۆ باوکم بکه‌م • کوره ئاخر نه‌شمده‌توانی •

ئه‌وه‌تانێ گلۆپی ژووره‌کان ده‌سوتێن • نه‌خه‌وتوون ، هه‌موویان باش ده‌بینم ، لێم دیارن ، که‌ل‌وپه‌لی ژووریش به جوانی ده‌بینم • ته‌نیا مێزه کۆنه‌که‌ش هی ئه‌وسایه ، به‌ڵام ده‌فته‌رو کتێبه‌کانی منی له‌سه‌ر نه‌ماوه • په‌رداخ‌و پیاڵه‌و شووشه‌و حه‌بی له‌سه‌ر ڕیزکراوه‌و وا له‌به‌ر تیشکی په‌رده‌ی ته‌له‌فزیۆنه‌که ده‌بریقێته‌وه • باوکم به چاکی لێ دیاره• به هه‌مان شێوه‌ی جاران هه‌نیشکی داوه‌ته بالیفێك • ته‌بیعه‌تێکی سه‌یری هه‌یه ، ئه‌گه‌ر ئه‌وها ڕانه‌کشێ ناحه‌وێته‌وه • ئه‌وه‌تان شووشه‌ی ده‌رمان‌و حه‌به‌کانیشی له‌سه‌ر سه‌ریه‌وه‌ن له‌سه‌ر مێزه‌که • شووشه‌یه‌کی بچووك

به چاکی دەبینم ، لە بەردەمیەتی • دیارە تازە حەبێکی قووتداوە • نازداری خوشکم وا لەلای دەستەچەپی باوکم خەریکی نووسینە ، کتێبێکی لەبەردەمە ، جارناجارێ قەلەمەکەی دەخاتە دەمیوبیردەکاتەوە • خووەکەی جارانی هەر ماوە • قەلەمو دەمو بیرکردنەوە • بەوە نەبا نەمدەناسی‌یەوە • ماشەڵا گەورە بووە • بە بەژنو باڵا هەستاوە • لە نازداریش سەرەوەتر سەرداری برام هەڵترووشکاوە • پشتی لە تەلەفزیۆنە • تەنیا دەستی بەرزو نوێ دەکاتەوە • ملی شۆڕکردۆتەوە • ئەوە ئاوڕی لە باوکم دایەوە • شتێکی پێ گوت • نیومەتر لە سەردار هەورازتر عەلاگەکەی جلوبەرەگەکانە • کۆمەڵە شەڵوارێك سەرەنج ڕادەکێشن • لچکی چاکەتێك لەژێریانەوە شۆڕبۆتەوە ، لە چاکەتە شڕە کۆنەکەی من دەکا ، بەڵام ئەو نی‌یە • هەی‌هوو ، پاش دەساڵ چۆن چاکەت دەمێنێ • خۆزگەم ئەوشەوەی ئاوارەبووم لەبەرم بوایە ؟ چۆن سەرمایەك بوو ، تەنیا کراسێك پێڕانەگەیشتم لەبەری کەم • نیوەشەوێکی تاریكو سەرمایەکی بێ‌ئامان بوو ، خوێنی دەمەیاند • لەبەر ژانی قەبرغەشم نەمدەتوانی هەنگاو بنێم ••• دەنگی هاوار هاواریشم دەگەیشتە هەندەران • ئێستاش لە بەرچاومە چۆن خۆم لەناو قوڕو چڵپاوی بەر دەرگاکەمان گەوزاند • ماوەی شەش سەعاتی ڕەبەقیش لەژێر تیشکی گلۆپی بەردەمی ماڵی حاجی ئەحمەد لەسەرما هەڵلەرزیم • دنیایەکی کش‌ومات ، شەقامەکەی بەرانبەریش ئاوت تێوەرکردبا • خۆزگەم بۆ کونجێك ، ئاگرو ڕایەخو نوێنم نەدەویست ، تەنیا چوار دیوارم بەس‌بوو • خۆم وێكدەهێنایەوە ، تابەیانی هاتوچۆم دەکرد • چەند جار ویستم لە دەرگای ماڵی حاجی ئەحمەد بدەم ، بەڵام پەشیمان بوومەوە کە دیتم لەوێ نین • لە کونی دەرگاکە ڕوانیمە ژوورێ ، ژوورێکی تاریكو چۆڵ •••

دیمان لە دەرگای ماڵی خۆمانم دا، توند... توندتر.. پاڕامەوە..
بێسوود بوو ، تا دەنگم گوێی بێدەنگی تاریکەشەوو خامۆشیی
کۆڵانەکەی هەڵدڕی • ئەوجا بە دڵێکی نائومێد ڕێگایەکی نادیارم
گرتەبەرو بەرەو جیهانی سووتانو دووریو لەیەکدابڕانێکی دە ساڵی
کەوتمەڕێ •

هەولێر

١٨ - ٤ - ١٩٨٣

دیوانی مستەفا بەگی کوردی

ساڵەهایە بە کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی شیعرەکانی
مستەفا بەگی کوردی‌یەوە خەریکمو ، لەم کارەدا کەڵکم، جگە لە چاپەکانی
دیوانەکەی ، لە پتر لە سەد دەسنووسیش وەرگرتووەو ، لەبارەی ژیانی
خۆیو بۆنەی دانانی شیعرەکانیشیەوە زانیاری‌یەکی زۆرم دەستخستووە•
لیژنەی ئەدەبو کەلەپووری سەر بە دەستەی کوردی کۆڕی زانیاری
عێراقیش ، کە خۆیشم تیایدا ئەندامم بەدرێژاییی دوو ساڵ بەمکارەمدا
چووەتەوە • ئەم کتێبە بەمنزیکانە لەلایەن دەستەی ناوبراوەوە لە چاپخانەی
کۆڕدا ئەخرێتە ژێر چاپو هیوام وایە زۆری پێنەچی چاوو دڵی
خوێندەوارانی کوردی پێ ڕوون بێتەوە •

محەمەد مستەفا (حەمە بۆر)

پەنجەرك

عبدالرحمن مزوری

ئـــەز ڤەدكـــەم
ڤێ پەنجەركا پاشەرۆژێ ،
ڤەدكـــەم
چ دبینم ••؟!
عـــەورا ئەسمانێ وەلاتی ••
رەش‌چادرێد خو وەرپێچان ،
چون و قەشیان
ل شوینـــا وان
گەشەستێرا خـــو كێشایێ
قول قول دادایێ‌و ••
ڤەوەشیان
من گولێیە وێ دسترن :
هوین قەت نەشێن
ئەڤی ئەسمانێ هوی زەلال ،
شێل و بێل كـــەن
ئو یێد بەری هـــەوە نەشیان

ئــەز دبینم
بەفرێ قەیدێد رێـکا شکاندن
بەژنێد بەتەنوکا بەردان
خو ڤەددزی ،
مینــا ریڤی
دبن شاپەرێد وێڤە دبینم
چاڤێــــد بشکوژ و سولینا ..
چـــەوا دزیقن
تژی هیڤی
ئەز دبینم
ئەڤ هشکەرۆیێ هوی زوها
هنــــدە سالا ،
مایە زەرباڤ(١) و بێبها
ئاڤێ ڤینا خو هاڤێتێ
هەمی کولێد وی ساخکرن
کەلشت و تیکێد ژینا وی ،
تەڤ گرتن و ..
پڕ ئاخکرن
ئاڤا وی هاتو .. هەر رابو
داســەر لێڤا و کنـــارا
لتەنشتا خو رەز و هیڤی ،
گەش کرنەڤە
کرنەف وارگەهێد بهارا
ئــەز دبینم

کاروانی‌ێد رێکا روناهیێ و تاڤێ
زویێ رێـکا بسەهم و درێژ
پەیت ڤەگەڕیان‌و ••
ئەڤـــەنە
بارێد خو هاڤێتن ، دانان
چتوڤ بارن ••؟!
هەمی جوهاڵێد خوماڵی‌و
تازەنە
وینشتنە خواریێ ،
وەك مێران
بو گۆندی‌یا
چیروکێد چون و هاتنا خو ،
ڤەدگێڕان
پاشی جوهاڵ وان ڤەکرن
خویادکـــەم
تژی مزگینی و مژدەنە
ئـــەز دبینم
مێواتری
تو دابێژی ،
سەرێ سەد ساڵانە مری
ئەڤرو شاکێد خو هاڤێتن
رەهێد خو شوڕکرن ،
رێتن
کـەتە بێسیرەی و فری

هلدا ژ دل ،
ئەو بەرپەڕێ تاریو تەحل
بەسکر گری
ئــەز دبینم
ئەڤ چیاکێ هەڕۆ جلکێد وی دسۆتن
دکرنە رەژی •• دکرنە تەنی
وێهــە تێتن
چاکێ شویشتیو ڤەشویشتییە
خــەملا خو وی ،
جارەکــا دی
ژبنێ پیــا حەتا سەری
کەسك کرییە
وێهەتێتن
تو باش بنێڕێ ئەزبەنی
چ سەربلندە دکەت کــەنی
ئـەز دبینم
لهنداڤ سەرێ من چار پەری
چەرخا ددەن و دزڤڕن
جار ئێکودو هەمبێزدکەن ،(٢)
جــار دفڕن
کارێ وان لەیزو دیللانەو
ماچیکرن
هو دبینم

هەرچار پەری راست بونە ئێک
هـــەر بلندبو •• بلند فڕی
وێ شاپەڕێد خو ڤەکرن
گول ژێ بارین
تەڤ گولێد خو ،
بهەرچار قولاچا وەرکرن
تەڤ گولێد خو ،
بهەرچـــار
قولاچـــا
وەرکرن

---

(۱) زەرباڤ = باڤزەر ، رەنگ زەر
(۲) هەمبێزدەکەن = یەکتر لە باوەش ئەگرن •

خـەیاڵو هەڵوێسـتە

جمـال محمـد اسـماعیل

ئێوارەیە ••
خۆم بە خەیاڵ سپاردووە ••
کەوتوومەتە ناو جۆلانەی ئەفسانەوە
بە ئارەزووی هەنگاوی تۆ ••
دەمبات و دەمهێنێتەوە ••
چەند خۆشـە لام
کاتێ شەرابی چاوەکەت دەخۆمەوە
ئەگریجە تاڵ تاڵەکانت
وەك پاسەوانی کۆشکی شا
بەرەوڕووم دێن
هەناسەی دەروونم دەگرن
ڕێگای هاتوچوونم دەبڕن
جواناوی ئەشقی خودایم
دەشۆنەوە !!

★ ★ ★

ئێوارەیە چیا زەردەی کردۆتە کۆڵ
دەیبا بۆ شاری غەریبان !!

وا من چاوی ڕەشی جوانت
دەکەم بە تازە وولاتێ
خەمی زینی ئەم دنیایەی تیا دەنێژم
نەخشەی زیندە بەچاڵ پوونی
ئەفسانەی تێدا دەڕێژم
ئەی شایەری ...؟
من چاوی تۆ
بۆیە بە وولات دەناسم
چونکە لەناو باوەشیا تۆی ڕازاندووە
لەناو جۆلانەی چیادا
سەرخەوی شیرین‌و نەرمت تەراندووە
هەچەند نامەوێ لای خەڵکی
نهێنیی خۆشەویستیی تۆ
بدرکێنم
بەڵام چی‌بکەم نە تۆ ئەوەی
گەورەیی نهێنی بزانی
نە تۆ ئەوەی یاری ئەو خەمە بتوانی
نە من لەناو ئەو گێژە پڕجەنجاڵەدا
ئەوەم بڵێم هەندێ ووشەی
وەك کچی جوان ئەتۆرێنم

* * *

ئێوارەیە ...
شـــەو خەریکە
فلیمی گێژەنی چاوت دەخاتەکار
ئێوارەیە مێگەلی خەیاڵ‌و تاسەم

بەرەو سەرکانیی ئازارم
شۆڕدەبنەوە
دەم گیردەکەن لە دەمارم
وەك تینوو و هار ..!!
بۆ شمشاڵی شوانی هەوار سووتاو دەگرین
بۆ ڕەشماڵی هەڵپێچراوی
بیری دوورە بەهار دەگرین
وەك من چۆن بۆ ماچێکی تۆ
هەرچی ڕۆژنامەو گۆڤارە ئەیخەمەڕێ
چی بارانی دوا نەورۆزی نۆبەهارە
لە دەریاچەی چاوەکانت
دەیبارێنم تا بەربگرێ

* * *

ئەی ڕوو لە تریفە ناسکتر
ئەی ڕوو لە شەوی ژوانێ
بەئاکامتر ..!!
تۆ بۆ من بووی بە ئاسمان
بووی بە خۆر
من بووم بە زەوی
نە دەستم دەگاتە تۆ
کەچی بە چرپەیەك
کەزیەت تێمدەئاڵێ
دەمسووتێنێ ... دەمگرێنێ
دەمکا بە سۆ

بۆیە بووم بە شمشاڵی شوان
نیوە شـــەوێ
دوای چەند کاروانی خەیاڵی
دەم سەرخەوێ ..
دەست پێدەکەم
ئەوەی دەیڵێم نایڵێمەوە
دەست پێدەکەم
وەك مۆمی سەر گۆڕی شەهید
دەتوێمـــەوە
دەست پێدەکەم
وەك ئازاری دڵی دیلێ
بە نەشتەرێ دەکولێمەوە
چۆن ئاشقێ شیعر دەکا بە نوێژی خۆر
ئاوا منیش بۆ تۆ دەژیم
شەو چۆن بێتریفەی ئەستێرە
خـــەم دادەگرێ
منیش بۆ تۆ ئاوا دەگریم
دەریا باڵی ناجووڵێنێ
تا کەشتییەك لەنگەر نەگرێ
زەوی بێ شەونمی باران ناژێتەوە
گوڵێ لەرێی ئەشقا وەری
ئەژی ... ئەژی تا دنیا بێ
تاکو خۆر هەڵێو ئاوا بێ
زیندووە هەرگیز نامرێ

★ ★ ★

خۆشم دەوێی
بۆیە بە هەر ئامرازێکی مۆزیقایە
پێت هەڵدەڵێم
بە زمانی چی باڵندەی ئەم دنیایە
بۆ تۆ دەدوێم
لـــە مـــن ڕوونە
تۆش لەناو خۆتا بەشێکی گیانی منی
لـــە من ڕوونە
تۆش لـــە چرپەو هاتوچۆتا
ماسی‌یەکی کەنار دەریای بیری ونی
بۆت دەگەڕێم
گەر سەرم داناوە لەڕێت
ئەتدۆزمەوە
سەرچاوەی دەریاکان دەگرم
وەك ڕاوچی نێچیر ئەنگاوتە
دەتقۆزمەوە
یاخی دەبم
تا چاوت دەکەم بە بەرماڵ
دەستنوێژی زیندەخەوی
بەربەیانمی لەسەر دەگرم
بۆ چاوبڕکێ‌یەکی ژوان
سەنگەر دەگرم
یا پێی شاد دەبم یا ڕێگای
هومێدێکی مەزنتری بۆ دەگرم

١٩٨١

بەرەو کوێستانەکەی گەردین

عەلی مەحموود جووکل

لەوبەری مزگەوتەکە لەژێر داربی یەکانی دەمجۆگەکەی شەقامەکە ترومبێلەکەی ڕاگرت • کڵاوو جــەمەدانی یەکەم بەدەستەوە گــرت • بەدەستەکەی دیم دەرگای ترومبێلەکەم کردەوەو دابەزیم • چاوێــکم بــە بازاڕو دووکانەکاندا گێڕا ، زۆربەیان داخرابوون • شەقامەکە لــە هاتووچۆکەران چۆڵ بوو ، تەنها چەند کەسێك نەبێت کە دوور لــەم یەکتری ڕاوەستابوون ، لەوبەری پردە ئاسنینەکە ، لەنزیك چیلــەو پاردەکە کۆمەڵێك کە تێك قڕقڕابوون دیاربوون •

ئەم ناوە بەسام بوو ، برووسکەی ترسێك لە مێشکم چەخماخەی دا ، بۆیە داهاتمەوەو پاژنەی کڵاشەکانم هەڵکێشا ، بێ ئەوەی کــڵاوو جەمەدانی یەکەم لەسەر بنێمەوە ، بەهەشتاوی خۆم بە کۆڵانە تەنگەکــەی تەنیشت مزگەوتەکەدا کرد • لــە سیلەکە پێچێکم بۆ کردەوەو بەسەر هەورازەکە کەوتم • گۆڕستانەکەی ســەر پاسکەکەی دێم بەدی کرد ، خەڵکێکی زۆر لەلای دامێنی کۆبووبوونەوە ، دیاربوو خەریــکی ناشــتنی تەرمێك بوون •

ناسیاوێك لــەناو چۆمەکــەڕا بەرەو ڕووم دەهاتو بەســەر هەورازەکە دەکەوت • کاتێ بەیەك گەیشتین ، چاكوچۆنی یەکی گەرمان لیك کردو لێم پرسی :ـ

— ئەوە تەرمی کێیە دەینێژن ؟

— تەرمی مێرێیە • ئەی دراوسێ نەبوون ؟

— کەی ئەمری خوای بەجێ گەیاند ؟

— پاش نوێژی شێوان ، خۆی و چێڵەکەی بوون بــە قۆچی قوربانی تخووب بەزاندن !

لێک‌دابڕاین • بەڕاستی خەبەرێــکی جەرگ‌بڕ بوو • فرمیسك لەچاومدا قەتیس‌ما • لەتووڕەیی‌یان مووەکانی لەشم وەك نەشتەر لــە لەشم ڕادەچوونەوە •

شۆڕبوومەوە • ســەرەو هــەوراز بوومەوە • ڕێگاکە بەلای سەرەوەی گۆڕستانەکەدا دەڕۆیشت • سەیرێکی گۆڕەکانم کرد کــە تەنیا کێلەکانیان بەپێوە مابوون • گڵی‌سەرگۆڕەکان سووابوونەوە • گەر بە کێلەکاندا نەبایە لە زەویی چواردەوریان جیــاواز نەدەکرانەوە • گۆڕەکانم یەك یەك دەناسی‌یەوە • دەمزانی خەڵکی کام شــارو کــام گوندن •

لە دڵی خۆمدا گوتم :—

— ئەوە تەرمی پلکە مێرێشیان بەخۆوە گرت •

ســەری ڕێزم بۆ دانەواندن • ویستم بــگریم ، بەڵام گریان لە قوڕگمدا خنکا •

لەبەرخۆمەوە گوتم :

— پێویست بە گریان ناکات ، چونکە ژیلەمۆی ئاواتەکانیان ســەری هەڵدایتەوە • چراوگی مەشخەل لەگڕدایە •

چەند هەنگاوێکی‌دیم نا ، دیتم یەك دووانێك لەسەر چینچکان دانیشتوونو پشتیان بە دارتووەکە داوەو بەدەم قسەکردنەوە چیلکە لە خۆڵەپۆك وەردەدەن • سڵاوێکم لێ کردنو بەرێی خۆمدا ڕۆیشتم • ئاوابووم ، ڕێگەکەی پشت خانووەکەی شێخم گرتەبەر ، لەوسەری سیلەکەوە سووڕامەوەو بە کۆڵانە بەرینەکەدا ڕۆیشتم •

بەقووڵایی یادەکانی ناخمدا چوومەوە ، بەرەبەرە ئادگاری پلکە مێرێم هاتەوە پێش چاو ، کە پیرەژنێکی سپیلکە بوو ، سوورایی لە ڕوومەتیدا نەمابوو ، لەبەر ئەشکەنجەو ناسۆری ژیان دەموچاوی چرچولۆچی کەوتبوونێ • خۆ داوە موویەکی ڕەشت لە بسکەکانیدا نەدەدیتەوە ، دەتگوت کلۆی بەفرەو زریان زەردباوی کردووە •

بەدیمەن پیر بوو ، بەڵام هێشتا بەکارە بوو ، لەسەر شینگو تاقەتی خۆی مابوو ، چەند بڵێی چاپوكو ئازا بوو لە ئیش‌کردن نەدەترسا • شەوو ڕۆژ نەدەحەسایەوە ، لە چلەی زستاندا دەچووە ناو لیرو پاوەنەکەی بەر گوندی کۆلکەداری دەهێنان ، یاخود لە بەهاردا خەریکی بن‌کۆڵ‌کردنی شەتڵو بژارکردن دەبوو • بۆ هەر ئیشێك بچووبا چاپووکانە دەست‌بەکاری دەبوو ، چی‌لە باوەڕین هەڵگرتنەوەو ، گوێزخڕکردنەوەو ، سێوو کرۆسك هەڵگرتنەوە ، نان‌کردنو چێڵ‌دۆشینو ئیش‌وکاری ناوماڵ هەر مەنێ • هەر کارێك مایەی خۆشیو گوزەرانیان با ، بەچاکی ڕای‌دەپەڕاند • بەڕاستی ژنێکی بەکارە بوو ، بووکەکەی بەتەواوی پێوە حەسابووەوە •

کاتی لە گوند بووین ، ژوورەکەمان لەگەڵ ماڵەکەیان دیوارێکیان بەین‌بوو • پێش‌بانێکمان هەبوو دەیڕوانییە دەردێیەکە ،

هاوینان دەکرایە شینایی‌و چواردەوریشی بە تانوك چنرابوو ، پشت دەرەدێیەکە هەتا چاو بڕی کردبا هەر ڕەزو باخ بوو •

دالانەکەیان دوو دەرگای هەبوو • دەرگایەکیان کەوتبووە سەر پێش‌بانەکەمان ، جا پلکە مێریێ زووزوو سەری لێ‌دەداین‌و هەر پێویستی‌یەکمان هەبا ، خوا هەڵناگرێ زوو بۆی جێ‌بەجێ دەکردین • زۆرجاران لامان دادەنیشت‌و قسەی خۆشی بۆ دەکردین ، هەر باسێکیش هاتبایەگۆڕی ، دەستبەجێ پەندێك یان مەسەلەیەکی لەسەر دەهێناوە ، بەلام لە هەمووان زیاتر کە بەدڵم بووبێت ، ئەوەبوو جارێکیان چیرۆکێکی بۆ گێڕاینەوە کە چەندەها جار گێراومەتەوە •

ئەمیش ئەوەبوو ، جارێکیان باس هاتە سەرئەوە کە خێو هەیەو دەست دەوەشێنێ ، ئەویش هەڵی‌دایێ‌و گوتی :

— با چیرۆکێکتان لەسەر خێوان بۆ بگێڕمەوە •

منیش وەك منداڵە تامەزرۆیەکان گوتم :—

— دەی چاوەکەم دە بۆمان بگێڕەوە •

گوتی : وادەگێڕنەوە :—

«سەرەتای مانگی جۆزەردان بوو ، خێوەکان لە شەوانی تاریك‌و نووتەکدا ، شالاویان بۆ گوند دەهێنا ، گەرایان دەنایەوە • دیارە ئەمەش گەر پیاوی چاك‌و خێرخواز هەبێت ، بۆیان ناچێتەسەر ، بۆیە هەر لەو شەوانەدا دەستیان کرد بە دەست‌وەشاندن‌و فڕاندنی خێرخوازەکان‌و شوون بزریان دەکردن •

دەیانگوت لە شوێنە نەزانراوەکانیاندا ، چاوەکانیان هەڵدەکۆڵن‌و پەردەی گوێیەکانیان دەتەقێنن‌و زمانەکانیان داخ‌دەکەن ، دەیان‌دەنە بەر

ئاو بۆئەوەی ڕەنگە گەنمی یەکانیان ڕەش داهەڵگەڕێن ، وایان لێ دەکردن کە ئادگارەکانیان بە ئێمەمانان نەچێتەوە .

بەڵایەکی گەورە بوو بەسەر ئەم خەڵکەدا هاتبوو . خەڵکی کڵۆڵو بەستەزمان دەستیان بەسەریاندا نەدەشکا ، جا چی چاكو پیر نەما هانای بۆ نەبەن ، ڕۆژ نەبوو دەست بە دوعاو نزا نەبن ، وایان لێ هاتبوو کەحەزیان نەدەکرد قەت شەویان لێ دابێت ، چەندەها قوربانی یان بۆ چاکی تاوکێو چاکی مزگەوتێ کرد ، بەڵام هیچ دادی نەدا .

ڕۆژبەڕۆژ خێوەکان لە پەرەسەندندا بوون ، ئەم ناوەیان هەموو تەنیبوو . دارو دەستەشیان بۆ خۆ پەیدا کردبوو ، کەس نەیدەوێرا بڵێ «لەل» ، خۆ بە پیاوەکانیشەوە ڕانەدەوەستان ، بەڵکو پڕیاندەدایە ژنو منداڵیش ، خەڵکەکە بەجارێ هەراسان بووبوون .

تا ڕۆژێکیان مامڕەسوو ناوێك کە پیرێکی ڕیش‌سپیو کەنەفت بوو ، دەیانگوت ددانی خەرێفێی هاتبووەوە ، خەڵکەکەی لە ڕۆژێکی چوارشەممەدا کۆکردەوەو گوتی :-

« لە دێرزەمانەوە ، باوباپیرانمان گێڕاویانەتەوە ، ئەگەر هاتوو خێوەکان هاتنە سەروکارتانەوەو لە گیانتان بەربوونو بیانەوێ بتانکەن بە کۆیلەو بەندەی خۆیان ، زەوی یەکانیشتان لێ داگیر بکەنو گەرای تێدا بنێنەوە ، کوڕە نەکەن دەستەوەستان بن ، هەیپەی لێ‌بکەنو شاخەوانەکانتان دەنگ‌بدەن ، کام شاخ لە هەموان بەرزترەو لە هەموان سەختو دژوارترە ، ئەو شوێنەی کە بەیانیان پێش هەموو جێیەك تیشکی ڕۆژی لێ دەدات ، ئا - با بچن لەوێ بەردو گڵە تیشك بەرکەوتووەکە بهێننو بیدەنە دەست کچو دایکان ، تا بە دەستاڕ بیهاڕنو

بیکەن بە کل ، بەمەرجێ دەستاڕ هاڕین شەووڕۆژ نەپسێتەوەو لە گەڕ نەکەوێت •

جا کلەکە بدەنە دەست گەنجە بزێوو چاونەترسەکان ، لە تاریکی شەودا ژیرانە بیرژێننە دەموچاوی خێوەکان ، هەر خێوێك پرووشکێکی کل بە چاوی بکەوێت ، دەستبەجێ لە شوێنی خۆی دەتاوێتەوە ، هەتا لە دەوروبەری خۆتان قڕیان نەکەن ، نەکەن وازیان لێ بهێنن ، چونکە سەر هەڵدەدەنەوە •

براینە ! ئەوەی لەسەرم بوو پێم گوتن ، جا خۆو شیرتان ، ئەوەش چاك بزانن کە خێرو خۆشی هەر لەسەر دەستی ئەوانە » •

لەناو خەڵکەکە غەڵبەغەڵب پەیدابوو ، یەکێ هەڵیدایێو گوتی :

ــ ئەم کارەی تۆ ئەیڵێی ، کارێکی سەختو دژوارە ، پشوو درێژیی دەوێ •

یەکێکی پۆشتەش گوتی :ــ

ــ جا ئەمەی بۆچییە ! خۆ بۆخۆتان دەزانن ڕووهێنانەکەی بەهاری پار ، بەجارێ ماڵی کاولکردنو ئەوەی هەمانبوو و نەمانبوو لەکیس چوو ، تازە بەو بێدەرامەتییە ، تینی ئەم کارەمان لەکوێ بوو ؟

قابیلە چییان لێمان دەوێت ! هەرچییەکیان گوت وادەکەین • مامعەوڵڵا کابرایەکی کەڵەگەتی چوارشانە بوو ، سەرو ریشی سپی بووبوو ، بەساڵا چووبوو ، بەڵام هەر جارێ بچووبایە ڕاو ، دەتگوت تازە گەنجەو قەتیش بە دەستبەتاڵی نەدەگەڕایەوە ، هەڵیدایێ گوتی ــ:

ـــ نەخێر ••• نەخێر خۆ ئێمە کەرو گـا نین بەئارەزووی خۆیان بارەبەرمان کەن ، چۆن دەبێت هەرچی‌یەکیان گوت وابکەین ؟ یاخود ئەوەی بیانەوێ بۆیان بچێتە سەر دەنگ‌نەکەین ؟ هەی غیرەتتان سەخوا ، دەزانن لەوەتەی من هەمو چاوم کراوەتەوە ، هەرکەسێك تخووبی ئێمەی بەزاندبێت ، زەبری دلێرانی مەی پێ‌کەوتۆوەو وەك سەگ کلکی لەناو گەلانی خۆی ناوەو بە لوورەلوور ڕای‌کردووە •

وا پێتان‌دەڵێم چی لە ئێستا زووتر نی‌یە ، خۆمو خولەو حەمەی کوڕم ، ئەو حەمەیەی کە دایکی بە ناوی حەمەی گۆزێی کردووە ، پشت‌دەدەینە چیاکان‌و دەست بەکار دەبین ، یا سەرمان تێدا دەچێت‌و یان گڵ‌و بەردەکە دەهێنین ، ئەمەش چاك بزانن هەر بۆخۆشمان بەرەنگاری خێوەکان دەبینەوە •

مام‌عەوڵڵا قسەکانی تەواوکردو هەر لەم کۆڕەدا خۆی‌و هەردوو کوڕەکەی ڕێگای کێوە بەرزەکانیان گرتەبەر ، ئەوانە یەکەم‌کەس بوون ، ڕێگای شاخەکانیان بۆ ئەم مەبەستە دابووە بەرەخۆ •

دارو دەستە ناڕەسەن‌و قولغە نەگریسەکان ، هەر ئەو شەوە خەبەری خێوەکانیان داو مەسەلەکەیان تێ‌گەیاندن ، ئەمانیش درەنگی‌یان لێ نەکرد ، هەر بەوشەوە کەوتنە گیانی خەڵکەو ••• مام‌ڕەسووی پیرو کەنەفتەیان لەسەر زلاك ڕاکێشاو بە زیندوویی چاوان لە دەرەدێی گوندی‌دا ئاگریان تێ‌بەردا • خەجێی مام عەوڵڵاشیان بە خۆی‌و بووکەوە کرد بە کەنیزەکی خۆیان •

دەڵێن مام عەوڵڵاو کوڕەکانی بووینە کەودەری ، لە چواردەوری

شاخە بەرزەکەی هەڵگۆرد ، هەڵدەفڕن و دەنیشنەوە ، بەیانیان لەوشوێنە هەڵدەنیشنەوە کە پێش هەموو شوێنێک تیشکی ڕۆژی بەردەکەوێت » •

ئەم چیرۆکە لە مێشکمدا خولی دەخوارد ، وا لەگەڵی گونجابووم ، سەرتاپای هەستو هۆشی داگیر کردبووم ، کاتێ هەستم بە خۆ کرد ، گەیشتبوومە بەر کۆزە ئەسپیندارەکەی زارگەلی •

سەرم بەرزکردەوە ، دیتم ڕەوە قەلێك لەسەر بانی سوورە گەلی هەڵنیشتبوون • جا ئاوڕێکم لە شاخە سەرکەشەکەی هەلگورد دایەوە ، کەودەری یەکانم هاتەوە پێش چاو • بزەیەکم هاتێ و خۆم خزاندە ناو کۆزەکەو ڕێگای کوێستانەکەی گەردینم گرتەبەر •

نێرو مێ هەردوو بەجووتە بۆ وەتەن هەوڵێ نەدەن
دوورە دەرچوونی لە دیلی مەل بە باڵێ نافڕێ

بێکەس

تاڤگـەی مەنـــــد

نەژاد عەزیز سـورمێ

«نامەکانتم خوێندەوە ••
پەیام بوون ••
بەڵام شتێك کە لە هیچی ئەم دونیایەی نەدەکردم ،
لەناکاو گۆلە فرمێسکی پەنگ‌خواردووی دیدەمی سمی ••
لەوساوە بینابیم کوێربووە ••
لەوساوە نە دەتبینمو نە تێت‌دەگەم •••
ئەمە چڵێکی ئەو ترووسکاییەیە کە تا دوێنێ بەرپێی خۆمم پێ دەدی

(١)

دونیـــــا شەو بوو ••
کیژۆڵەیێ گۆنای گوڵی سپێدە بوو
کیژۆڵەیێ چاوی گەشی ،
هێشتا ئاشنای تۆزو گەردی غوربەت نەبوو ••
لـــە شەوستانەوە دەهات :
دڵی گەورەی
خەمی گەورەی ، دابووە کۆڵو
بۆ شاری چراخان دەچوو ••

★ ★ ★

دونیـــا شەو بوو
من بێئاودەنگ ، بێمەئوا
شەویش لەبەر گۆنای ئاڵی ئەم کچەدا بێپەنا بوو !
(ڕێگای سەختی غەریبی خۆی گرتووەتەبەر
نازانێ کە لەم دونیایە بێئەنوایە
بێدەنگی دەبێ بە پەنای بێپەنایان .
نازانێ کە ڕێگای سەختی
غەریبی خۆی گرتووەتەبەر ،
دوای سێبەری خۆی کەوتووە ..!)
چســـوود ؟!
چسوود کە شار دەبێ بە دەریای چراخان ؟
چسوود کە کەس ئاگاداری سووتانی دڵی کەس نی‌یە ؟!
چسوود کـــە تۆ ،
لـــە سپی‌یە ڕۆژێکی وادا ،
دوای سێبەری خۆت دەکەوی ؟
چسود ؟ چسوود ؟!

(٢)

من دەمدیتن ..
گوێم لێیان بوو
من دەمدیتن ، لە باڵەخانەی خەسرەودا هەڵدەتووتێن
من دەمدیتن پێکی خەمەکانی فەرهاد دەخۆنەوە ..
(هەزارە زیلەی مێروولەن
بە تەلاّنی شیعرەکانم هەڵدەگەڕێن ..)

من دەمدیتن کە دونیای ڕوونیان لێ کردین
بە شەوی ئەنگوستەچاوو
دەرگای سێبووری‌یان بەستین ••
من دەمدیتن •• گوێم لێ‌یان بوو
لەترسانا :
چـــاوی زەق‌و
دەستی قامچی‌و
زمـــانی جوێن‌و
زاری تف بوون ••
(بە چی چووەو ، بە چی دەچێ ؟
مێژوو لە ڕۆژگاری تاڵ‌و
شەوگاری خۆشەوە بەدەر
چی تیابوو ؟
بە چی چووەو ، بە چی دەچێ ؟)

★ ★ ★

کیژۆڵەیێ گۆنای گوڵی سپێدە بوو
هەوازدەی ، سەمای نێرگزی کوێستان بوو
بۆ شاری چراخان دەچوو ••
(بە چی دەچێ ؟
شاری چراخان لە گوڵ دەترسێ
شاری چراخان ، خامۆشە خامۆش
چووەتە ژێر باری خەوی دێوەوە ••
پامالی کەنیزەکانی حەرەمسەرای سوڵتانە ••
بە چی دەچێ ؟

کەسێ ڕێگای غەریبی خۆی بگرێتەبەر
دواى سێبەری خۆی بکەوێ ؟)

(٣)

مەزلم •• هەوارم ، سێبەری
پەڵــــە هەوری ،
بەهارێکی قات‌و قڕ بوو !!
تاکە پەنای غەریبی‌و غوربەتیم تۆ بووی ••
تۆ مێرگی سەوزی کوێستان بووی
مـــن بێزار بووم
تۆش پەنام بووی ••
ـــ : لەم بەهارەیش قات‌وقڕتر ؟
لەم ڕووخۆشی‌یەش تووڕەتر ؟
لەم هەرایەش کڕوکپ‌تر ؟

(ڕێگای سەختی غەریبی خۆت گرتووە
تۆ دوای سێبەری خۆت کەوتووی
بۆ ، چی ، دەگری ؟
ئەم شۆرەزارە بە فرمێسك ناڕوێتەوە ••
مێژوو لە ڕۆژگاری تاڵ‌و
شەوگاری خۆشەوە بەدەر ،
چی تیـــابوو ؟
تۆ کــە لەم سپی‌یە ڕۆژەدا
دوای سێبەری ڕەشەوەبووی خۆت کەوتووی

بۆ ،

چی ،

دەگری ؟)

(٤)

سەر هەڵئەگرم !
دەڕۆم بەدوای پەنجەرەیێکدا دەگەڕێم •
سەر هەڵئەگرم !
جارێکی‌تر ناچمەوە ژێر لێفەکەی خەوی مناڵیم
دەڕۆم بەدوای کوڵانکەیێکدا دەگەڕێم ••
دەڕۆم •• دەڕۆم •• سەر هەڵئەگرم
ئەم شۆرەزارە بە فرمێسك ناڕوێتەوە •

حوزیرانی ١٩٨٢

ئەگەر ئەم کتێبەت نەخوێندووەتەوە بیخوێنەرەوە :

ئاوڕدانەوەیەك لە بزووتنەوەی هەقـــە

نووسینی : **مستەفاعەسکەری**

بە هاوبەشی کردنی :

مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا

د• عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ

محمدی مەلاکریم

کوللــه

نووسینی : زەکەریا تامیر
یاسین بەرزنجەیی
بە دەسکاری‌یەوە وەریگێڕاوە

هەبوو ، نەبوو ••• کەس لە خوا گەورەتر نەبوو ••
زەمانی زووو •• شارێك هەبوو
لەم شارەدا ، هەمووشتێك یەکجار زۆر بوو
هەر لە ڕووبار ، تا ئەگاتە کێڵگەی بەردار
لە سنووری ژمارەکردنا نەبوو
خەڵــکی ناوشار ، نەیاندیبوو برسێتی‌و خەم‌و ئازار
هەموو لە ماڵی خۆیانا دانیشتبوون
خەریکی کاری خۆیان بوون
تا ڕێــکەوت ڕۆژێ لە ڕۆژان
یەك لە پیاوان
لەوانەی دانیشتووی چیان
ڕەوە کوللەی بەئاسمانەوە بینیبوو
هات ، پێی‌وتن :
ڕەوە کوللەیەکی بەدەر لە ژمارە
کەوتۆتەڕێ ، ئەیەوێ بێ بۆ ئەم شارە

که ئەمەیان بیست خەڵکی شار
سوپاسی زۆری پیاویان کرد
وتیان بەرگری پێویستە لەم بەڵایە
لەم ڕەوە کوللەیەی کەوا لە ژمارەکردن نایە
شاعیرەکان چەندین پارچە شیعریان دانا
باڵی کوللەیان شکاند تیا ••
گۆرانیبێژ •• یەکێ چەند ئاوازیان ڕێکخست
متمانەیان بە هێزی خۆ تیا دەرئەخست ••
کوللەیان پێ ڕسوا ئەکرد
سوپای بەڵای کوللەیان پێ بەربا ئەکرد ••
(پیران) بە کۆڵە کتێبی کۆنی پەڕە زەردباوەوە
لەو تیووری‌یە ئەگەڕان
کە ترسنۆکیی کوللەی پێ ئیسبات ئەکرێ
خەڵکی ناوشار بەرگی ئەوتۆیان ئەپۆشێ
گوایە ئەوەی لەبەری‌کا بەری کوللەی پێ ئەگیرێ ••
لەسەر دیوارەکانی شار ئەیاننووسی :
« بمرێ کوللە ! »
هەموو بەجارێ ئەیانوت :
کوللە ناشیرینە ، پیسە ••
بێدەسەڵاتو نەگریسە ••
پیاوێکی پیر کە بە دانایی ناسرابوو
زۆر بە قەدرو ویقارەوە کەوتە دوایان :
« براینە !
بمانەوێ بەسەر کوللەدا زاڵ بین

سەرەتا ئەبێ بزانین
کوللە بۆچی ئەدا بەسەر ئەم شارەدا ••• »
لە وەڵاما هەموو وتیان :
« چونکە خۆمان گوناهبارین
بۆیە ڕەوە کوللەش بۆ سەر ئێمە هاتوون ••
(بـا) یە بۆ هەرکوێ بیەوێ کوللە دێنێ •••
ئەم کوللانەش هەموو هەر (بـا) هەڵـیگرتوون
وتیان •• وتیان •• فرەیان وت ••
تا وای لێ هات ••
هێرشی کوللە گەیەجێ ••
لێشاوی قسەی پڕوپووچ دوایی نەهات ••
ئەو هێرشە هەتا ئێستاش وەك خۆی ماوە ••
گژوگیا ، میوە ، دەغڵودان ، گەڵای درەخت
گشـت خوراوە ••••
هەموو لە ڕیشە هێنراوە ••
کوللەش هێشتا لە هەرکوێ گیرسابێتەوە ، نەترازاوە ••
ئامادەی هێرشیترە ، بەسەر پشتی باڵی (بـا) وە ••

دەنگت دەگاتـــە گشــت لایێ

عەبدوڵلا کەریم ڕەباتی

دەیانزانی ..
دەست لە ناخی زەوی گیر دەکەی .!
بەری ڕەنجت دەکەی بە گوڵ
هەر خۆر هەڵدێ تا ئێوارە
ڕقە پیرۆزەکەت دەکەی بە دەرزی ناو قوتابخانە
منالانی شاری گڕی پێ فێر دەکەی ...

★ ★ ★

دەیانزانی ..
ئەگەر شەو بوو تەنیا مۆمێك
چراخانی سەر ڕێگاتە
لە کڕێوەو تۆفانیشدا
تەنها چاکەتە شڕەکەت ، دیوەخانی زستاناتە
گەر ساڵەکەشی نەهات بوو
لەناو بەفرا ملی بژێوی دەردێنیو
مل کەچ ناکەی ...

★ ★ ★

دەیانزانی ••
چونکە تۆ لەو هێمن‌تری
بزماری ڕق بە پەنجەکانتا داکوتن ،
هەرگیز لەو ڕێیە لانادەی
چونکە تۆ عەشقێك شك ئەبەی
لەناو خوێنتا تواوەتەوە •••
چونکە تۆ عەشقێك شك ئەبەی
ڕەگی لە گشت شوێنێك بڵاو بوەتەوە ••
دە تۆش مەبە بەو ئاسکەی
سەرکەش دەبێ‌و نایەتەوە
چونکە تۆ لەو هێمن‌تری
ڕووبارێکی لە چیاوە سەر هەڵئەدەی‌و
دەگەیتە گشت چۆڵ‌و کرك‌و بیابانێ ••
دنیا هەموو ئەگریتەوە •••

من ئەو دیلەم کە دیل‌کەری زۆردارم •
دڵی لەبەر گوڕی ناڵەم ئەلەرزێ ؟
تا شڕتر کا کەڵبەی لەشی زامارم ،
خۆی خراپتر لەناو خوێنا ئەگەوزێ !

گـۆران

ئەمڕۆو دوێنێی ڕۆژنامەنووسیی کوردی (١)

محمدی مەلا کریم

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوانەی خەریکی توێژ هەڵدانەوە لە مێژووی پەیدابوون‌و گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسین لە جیهاندا ، بەڵگەو نیشانەی ئەوەیان بە خەیاڵی خۆیان دۆزیوەتەوە کە ڕۆژنامە لە دێرزەمانەوە لە جیهاندا بووەو نموونەی‌وا ئەخەنە بەردەست کەوا چەند سەد

---

(١) ئەمە ئەو موحازەرەیەیە کە بەداوای لقی نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی عێراق لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەڕۆژی ١٦/٣/١٩٨٣ دا لە هۆڵی ڕۆشنبیریی جەماوەر لە هەولێر خوێندمەوە •

هەلی بڵاوکردنەوەی ئەم موحازەرەیە زۆر بۆ ئەوە بە لەبار ئەزانم کەداوای لێبووردن‌و چاوپۆشی لەو برادەرانە بکەم کە وەڵامی پرسیارەکانیانم نەدایەوەو ، ئەمەوێ متمانەیان بدەمێ کە تاقە هۆی ئەو وەڵامنەدانەوەیە ، بەش بەحاڵی من ، ئەوەبوو پرسیارەکانیان نەخرایە بەردەستم • پاشان کە پرسیارە وەڵام نەدراوەکانم خرایە بەردەست زۆر دڵگران بووم کە وەڵامیان دەسگیر نەبوو ، بەتایبەتی هەندێکیان کە بۆچوونیان لەگەڵ هیی من جیاوازبوو و زۆرم مەبەست بوو وەڵامی ئەوانە بدەمەوە ــ م• م• ك •

بەڵکو پتر لـــە هەزار ساڵ لەمەپێش لە چین یا لـــە دەوڵەتی ڕۆمـــان یا لە شوێنی‌تر جۆرە بڵاوکراوەی‌وا بووە دەنگوباسی دەوڵەت‌و فەرمـان‌و قانوونەکانی میری‌یان تێدا نووسراوەتەوەو هەڵواسراوە بۆئەوەی خەڵك بی‌یانخوێننەوەو لێ‌یان ئاگادار بن‌و بەگوێرەیان بجووڵێنەوەو ، ئـــەم جۆرە بڵاوکراوانە ناوئەنێن ڕۆژنامە ، ئەڵێم لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەمـــان هـــەر بۆ ئەمێنێتەوە کـــە بڵێین ڕۆژنامە بەوجۆرەی ئەمڕۆ خـــەڵك لـــە مانای وشەی (ڕۆژنامە) ئەگەن ، پێوەندی‌یەکی بەتینی بە داهاتنی چاپەوە هەیەو هەردووکیشیان پێوەندی‌یەکی پتەویان بـــە سەرهەڵدانی چەرخی ڕاپەڕین‌و پەیدابوونی بۆرژوای ئەورووپاوە هەیەو ، بۆیـــە ئەبێ داهاتنی ڕۆژنامە ، وەك داهاتنی چاپ ، بە دیمەنێك لە دیمەنەکانی چـــەرخی شۆڕشی پیشەسازی واتـــە چـــەرخی دەست پێ‌کردنی هەرەس‌هێنانی دەرەبەگی‌و هاتنە کایەی سـەرمایەداری دابنێین کـە لـە سەرەتادا لە ئەورووپاوە دەستی‌پێ‌کرد • بەڵێ ڕاستە چاپ لە سـەرەتادا بۆ لـــەچاپدانی کتێب‌و بەتایبەتی کتێبی ئایینی بەکـارئەهات ، بەڵام زۆریشی نەخایاند مەکینەی چاپی چاکترو بەروبوو فرەتر لـــــەوەی یەکەمجار ، دروست‌کراو بەهۆی ئەمەشەوە ڕێگا بۆ بیرکردنەوە لـــە دەرکردنی ڕۆژنامە کرایەوە کە بووبوو بە یەکێ لـــە پێویستی‌یەکانی چەرخی نوێ‌و ، بەم‌جۆرە ڕۆژنامە لەم‌لاو لەولا وردە ســـەری هـــەڵدا •

★ ★ ★

لـــە ڕیزی وڵاتانی جیهانی شۆڕشی پیشەسازیدا نـــە دەوڵەتی عوسمانی‌و نە ئێران کە کوردستانیان لەنێوان خۆیاندا کردبوو بـــە دوو کـــەرتی گەورەو بچووکەوە ، ناویان نەبوو • ڕژێمی حـوکمڕان لـە هەرکام لەم دوو وڵاتەدا ڕژێمێکی لەبارەی کۆمەڵایەتی‌یەوە دەرەبەگی‌و ، لەبارەی ئایدیایی‌یەوە ئایینی بوو • هەرکامیشیان بگری دەوڵەتێـــکی

پاشکەوتوو و فرەنەتەوەو ، لــە ڕوویەکی کەشەوە خاوەنی سامانێــکی لێشاوکردوو بوو کە سەرمایەداریی چەرخی ئیمپریالیزمی ئەورووپا لیکاوی بە لالغاوەدا بۆ ئەهاتە خوار •

لەئەنجامی وردە وردە کەوتنــە بــەر لێشاوی کومپــانی‌یە مۆنۆپۆلی‌یەکانی ئەورووپاو گەشەکردنی ناکۆکیی چینایەتی‌و هەست بــە ستەمی نەتەوەیی کردندا ، کەم‌کەم لــەم دوو وڵاتەشــدا بزووتنــەوەی نوێی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پەیدابوو • بیری نوێی چــەرخی شۆڕشی فەرەنسە وردە وردە لە هەزار ڕێوە خـــۆی گەیاندە مێشك‌و بیــری وەچەیەکی تازە پێگەیشتووی ئەو کۆڕە کۆمەڵایەتی‌یانەی نەتــەوە جیاجیاکانی ئەم دوو وڵاتە کــــە سوودو قازانجیان لەگــەڵ شێوەی حوکمڕانی‌و فەرمانداریی پشت بە داوو دەزگــای دەرەبەگی بەستوو ڕێك نەئەکەوت • ئەمانە بیریان لە پێکەوەنانی کۆڕو کۆمەڵی سیاسی‌و ڕاگەیاندنی بیرو ڕای خۆیان بە جەماوەری خەڵك کردەوە •

ئەگەر ئەم ڕێبازە نوێیە نەیتوانیبێ بەئاسـانی زووبـەزوو بگاتــە شاخەکانی کوردستان خۆی ، خۆ هیچ‌نەبێ لە قۆناغی یەکەمدا کۆمــەڵێ لەو کوردانەی بۆ خوێندن چووبوونە ئەستەموول یا بۆ هەر مەبەستێکی‌تری کۆمەڵایەتی پێوەندیان پێیەوە پتەو بووە، زووتر لە هاووڵاتەکانی ناوەوەیان توانی‌یان بیری نـوێ وەربگرن‌و ببن بــە مەشخەڵ هــەڵگری لەناو هاونیشتمانەکانیاندا •

لەم مەیدانەدا لەنێوان عەرەبی عێراق ، بەڵکو هەمـوو عەرەب‌و تێکڕای کوردی عوسمانیدا ماوەیەکی ئەوەندە نەبوو • بە هاتنی مەدحەت پاشا بە والی‌یەتی بۆ سەر عێراق لە ساڵی ١٨٦٩ دا یەکەمین ڕۆژنامــەی عێراقی بە عەرەبی‌و تورکی بە ناوی (زوراء) دەرچــوو • بە داهـاتنی

سالی ١٨٩٨ یش یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی بە زمانی کوردیو تورکی بە ناوی (کوردستان) لە ئەستەمووڵ دەرچوو • بۆیە ئەمڕۆ ڕۆژی ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێك لەناو ڕۆشنبیرانی گەلی کورددا بە ڕۆژی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دائەنرێ •

لەوڕۆژەوە تائێستا بەیناوبەینێکی کەم نەبێ کە لەبەر هەندێ بارو دۆخی تایبەتی ڕۆژنامەی تێدا دەرنەچوە ، لە تێکڕای کوردستاندا ، لەم بەشی یا لەو بەشی ، ڕۆژنامەو گۆڤار هەر بووەو شانبەشانی هەموو هۆکانی تری خزمەتی گەلو ڕۆشنکردنەوەی بیری جەماوەرو پیشاندانی ڕێگای ڕاست بۆ دابینکردنی ئازادیو بەختەوەری لە خەباتدا بووە •

★ ★ ★

مەبەستی دیاریکراوی ئەم باسەی ، ئەمڕۆ من لێرەدا پێشکەشتانی ئەکەم ، وەك نەقابەی ڕۆژنامەنووسانی عێراق ، لقی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەستنیشانی کردووە ، دەرخستنی باری لەمەوپێشو ئەمڕۆی ڕۆژنامەی کوردیو بەراوردکردنی ئەم بارەیە لەم دوو چەرخو قۆناغەدا •

لەبەرئەوە ئەبێ پێشەکی شتێ لەبارەی تێکڕای ڕۆژنامەوە وەك بابەتو فۆرم لە جیهانی ئەمڕۆدا باسبکەین ، ئەوجا بێینە سەر ڕۆژنامەی کوردیو بزانین بەمپێیە لەم دوو ڕووەوە لە چیدا بووەو ئێستا گەیشتووەتە کوێ ؟

ئەمڕۆ هەر ڕۆژنامەیەك ئەگرین ، بەپێی قەوارەی خۆی لە گەلێ جۆرو بابەتی تێدایە : دەنگوباسی جیهان ، دەنگوباسی ناوچە ، دەنگوباسی ناوخۆ ، لێکۆڵینەوەی باری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریی جیهانو ناوچەو ناوخۆ لەگەڵ قورسایی خستنێکی تایبەتیی هەر ڕۆژنامەیەك ئەسەر ئەوجۆرە هەواڵانەو هەواڵی ئەو شوێنانە کە سوودی دەزگای بەڕێوەبەری

ڕۆژنامەکەیان پتر پێوە بەستراوە ، گێڕانەوەی بیروباوەڕی کۆڕە سیاسی یەکانی جیهانو بەتایبەتی ڕۆژنامەکان لەبارەی بایەخدارترین بابەتەکانی ڕۆژەوە ، بابەتی کولتوورو ئەدەبو هونەرو زانست ، کاروباری منالآنو ئافرەتانو لاوانو قوتابی یان ، نەقابەکانی کرێکاران ، وەرزش ، دەنگوباسی ناسیاسی ، هەواڵی سەیرو سەمەرە ، بەرنامەی ڕادیۆو تەلەفزیۆن ، جاڕی کەلوپەلی فرۆتنەی و هەواڵی تری تایبەتی کە خاوەنەکانیان مەبەستیانە خوێندەواران پێیان بزانن ، بابەتی بێ تاقەتی وەك شەوچەرەی کولتووری •

لە مەیدانی جیاوازیی ڕۆژنامەدا لە یەکدی لەناو خۆیاندا ، ئەبێ پەنجە بۆ جیاوازیی تێکڕای ڕۆژنامەی ولآتانی سەرمایەداری و سۆشیالیستی لە یەکتر ڕاکێشین • لەناو ڕۆژنامەکانی ولآتانی سەرمایەداریشدا ئەبێ ئەوە بڵێین کە ڕۆژنامە کۆمۆنیستی یەکانی ئەم ولآتانە تێکڕا شێوەیەکی تایبەتی یان هەیە کە لەپاڵ ڕاگیر کردنی کاکڵە ئایدیایی یەکەیاندا فۆرمی گشتیی ڕۆژنامەی ولآتانی سەرمایەداری یان تێدا پارێزراوە • کە دێینە سەر جیاوازی یەکانی تێکڕای ڕۆژنامەی ولاتانی سەرمایەداری و سۆشیالیستی لە یەك ئەوەی بەئاسانی ئەتوانرێ دەستنیشان بکرێ ، یەكڕاییی هەموو ڕۆژنامەکانی هەر ولآتێکی سوشیالیستی یە بەتایبەتی لە بابەتە بەبایەخەکاندا ، خۆقورس گرتنە لەئاست هەندێ بابەتی وا کە لەڕووی پەروەردەکردنی گیانی مرۆوە لای باری سەرنجی سۆشیالیستی ، وەك شتێکی جوزئی ، ئەوەندەی بایەخ نی یە با ئەگەر بلآویش بکرێتەوە سەرنجی خەڵکێکی فراوان ڕاکێشێ ، پەلەنەکردن بۆ ڕادەربڕین بەرابەر بەو ڕووداوە گەورانەی ڕووئەدەنو حوکم لەسەردانیان پێویستی بە هەڵسەنگاندنی هەموو سەرێکیانە ، دەرنەبڕینی

هەواڵی تاوانو ڕووداوی کۆمەڵایەتیی سەیرو سەمەرە • بەرابەر بەمە ڕۆژنامەی وڵاتی سەرمایەداری ، یا وردتر بڵێین ڕۆژنامەی بۆرژوازی لە وڵاتێکدا کە لەژێر سیستێمیکی فەرمانڕەواییی دیموکراتی بۆرژوازیدا بێ ، بە مەیداندانی ئازادەیەکی زۆری پیشاندانی بیرو ڕای جیاواز ، بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە بابەتێ کە خوێندەوار زۆرتر ڕایکێشێ بۆ کڕینی ڕۆژنامەکە بێ گوێدانە ئەوە سوودی ئەو بابەتانە بۆ کۆمەڵو جەماوەر چەندە ـ شەقڵی ڕێبازی خۆی دیاری ئەکا •

لێرەدا ئەبێ ئەوە بڵێم ئەم جیاوازی‌یەی ڕۆژنامەی وڵاتانی سەرمایەداریو سۆشیالیستی ، ئەگەر وردبینەوە ، بە نیشانەی ئەوە دانانرێ کە ڕۆژنامەی بۆرژوازی بیری ئازادەو ڕۆژنامەی سۆشیالیستی بەپێچەوانەوە • لەوانەیە بووترێ لەولا ئازادەیەك بەر بەرەڵاییو لەم‌لا ئازادەیەك تەسك‌کردنەوەی مەیدانی دەربڕینی بیر بەرچاو ئەکەوێ ، بەڵام مەسەلەکە لەبنەڕەتا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە ڕۆژنامەی بۆرژوا هەرچەند ئازادانە ڕادەربڕێ ، ئازادی‌یەکەی بۆ ئەوەیە سوودی سیستێمی سەرمایەداریی چاکتر بێ پارێزێو لای‌وایە ئەو ڕایەی ئەو پەسەندی‌ئەکا سوودی چاکتری چینی بۆرژوای بێ دابین ئەکرێ • سەرەڕای ئەوە ئەم ئازادی‌یە هیی ئەوخۆی نی‌یە دابێتی ، کۆمەڵانی گەل بە خەباتی سەختی ساڵەهای لە شۆڕشی پیشەسازی‌یەوە تا ئەمڕۆیان دەستیان‌خستووەو ئەمڕۆ ٩٠٪ی بەری ئەو خەباتە بە حوکمی واقیعی چینایەتیی ناو کۆمەڵگای سەرمایەداری بۆ بۆرژواکان خۆیانو بۆ ئەوانەیە بیروباوەڕی ئەوان هەڵئەگرنو تەنها ١٠٪ی بۆ چینی کرێکارو گەلی ڕەنجکێشە کە بە حوکمی نەدارایی هۆیەکانی هێنانە بەرهەمو نەدارایی هۆیەکانی ڕاگەیاندن ئازادی‌یەکەیان تەنها وەك شتێکی دەمیو

خەیاڵی ئەمێنێتەوەو بە هیچ کلۆجێ لەگەڵ ئازادیی بۆرژوازی‌یەکان بەراورد ناکرێ • بەڵام لە وڵاتی سۆشیالیستیدا چینی کرێکارو گەل خاوەنی هەموو شتێکە ، هەرچەند لێرەو لەوێ ، لە مەیدانی پراکتیکا هەڵە یا دەستدرێژی ڕووبدا ، یا توێژاڵێکی بیرۆکرات بەسەر ڕووی حوکمڕانی‌یەوە پەیدا بێ‌و ناووبانگی دەسەڵاتی گەل ناشیرین بکا • لەمەش بەولاوە ڕۆژنامەی وڵاتی سۆشیالیستی بە حوکمی ئەوەی لەلایەن دەوڵەت‌و حیزب‌و ڕێکخراوەکانی جەماوەرەوە بەڕێوەئەبرێ ، لە سیاسەتی وڵات جوێ‌ناکرێتەوە ، بەڵام ڕۆژنامەی بۆرژوازی هەردەم ئەتوانێ ، وەك بەشێکی برگەی سەرمایەداری ، لەئاست لێپرسینەوەی سیاسی‌و ئەخلاقی شان هەڵتەکێنێ‌و سەنگ‌و قورسی‌یەك بۆ قسەی خۆی دانەنێ • بە واتەیەکی‌تر ڕۆژنامەی سۆشیالیستی لە یەك ڕێگاوە داکۆکی لە قازانجی چینی حوکمڕان ئەکا ، لەبەرئەوە یەك شاڕێی هەیە بۆ دەربڕینی بیر بەڵام ڕۆژنامەی بۆرژوازی بەحوکمی ئەوەی لەناو کۆمەڵدا دەیان کەڕەت لە بیرو دەسەڵاتی سۆشیالیزمی تازە هاتووە دنیا پیشە داکوتاوترەو ، ڕێگای زۆری هەیە پەلیان لێوە ئەهاوێ بۆ ناو کۆمەڵ ، ڕێگای دەربڕینی بیریشی زۆرەو ئەوەی لا مەبەستە کە لە دوا لێکدانەوەدا هەموو ڕێگاکان بۆ (بانە) بچن‌و زەرەرێ بە پەزەکانی سەرمایەداری نەگا •

جیاوازی‌یەکی‌تری ڕۆژنامەی وڵاتانی بۆرژواو وڵاتانی سۆشیالیستی لە سەرچاوەی دارایی ڕۆژنامەدایە کە دەورێکی زۆری لە دیاری‌کردنی ڕێبازی سیاسیی ڕۆژنامەدا هەیە • لە وڵاتانی سەرمایەداریدا ڕۆژنامە هیی کومپانی یا هیی تاکەکەسە • تەنانەت ڕۆژنامە کۆمۆنیستی‌یەکانیش لەم وڵاتانەدا ، بەحوکمی ڕژێمی ئابووریی

وڵات ، ئەو دەزگایانەی دەریان ئەکەن لەناو خۆیاندا کومپانی یەکی قانوونی یان بۆ موڵکیەتی ڕۆژنامەکە پێکەوەناوە • لە وڵاتە سەرمایەداری یەکاندا گەلێ کومپانیی گەورەی وا هەیە یەکی چەند ڕۆژنامەو گۆڤار بەملیۆنەها دانە بڵاوئەکەنەوەو بەمجۆرە دەستیان بەسەر دیاری کردنی ڕێبازی بیری ڕای گشتیدا گرتووەو بە ڕێگای سوودی سەرمایەداریدا ڕێ بەدێیی ئەکەن و ئەگەر ڕۆژنامەیەکی پێچەوانەشیان ڕاست بێتەوە ، لەبەر کەمدەسەڵاتی دەنگی ئەوەندە کزە لە چوارچێوەی بەشێکی کەمی کۆمەڵدا نەبێ کەس گوێی لێ نی یە • لە وڵاتی سۆشیالیستیدا ڕۆژنامە هەمووی هیی دەوڵەت و چینی حوکمڕان و حیزب و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی یەکانیەتی • دوو چینی چەوسێنەرەوەو چەوساوەش نی یە ، تا ئەو دەسەڵاتە ببێ بەهۆی دەمکوت کردنی چینی چەوساوە ، لەبەرئەوە پێکەوەنانی ڕای گشتی هەر بۆ سوودی ڕای گشتی خۆی و بۆ سوودی سۆشیالیزمە •

ڕۆژنامەکانی جیهانی ئەمڕۆ هەموو هەوڵی ئەوە ئەدەن هەریەکە بەگوێرەی دەستەڵاتی خۆی و شوێنی لە کۆمەڵداو شوێنی وڵاتەکەی لە مەیدانی جیهانیدا باشتر بتوانن لە ئەمڕۆو سبەینێی پێوەندی نێوان دەوڵەتان بکۆڵنەوەو پێشبینیی وردترو باشتر پێشکەش بکەن ، بۆ ئەوەی بتوانن هەریەکە بەپێی سوودی سیاسیی خۆیان باشتر جڵەوی کاری دواڕۆژ بەلای خۆیاندا وەرسووڕێنن • هەوڵ ئەدەن لە هەر مەیدانێکا کارامەترین کەس لە خۆیان کۆبکەنەوە • بەتایبەتی ڕۆژنامە بۆرژواکان کە ئەبینن لە هەموولایەك ئاگری خەبات لە دژی ئەمپریالیزم و خوێنمژین و لەپێناوی ئازادیی سیاسی و ئابووریی گەلانا زیاتر گڕ ئەسێنی ، ئەیانەوێ باشتر پەنجە بخەنە ناو کون و کەلەبەرەکانی

سیاسەتی دەوڵەتانەوە ، زۆریان بۆخۆیان بوون بە دەزگایەك لەو دەزگایانەی لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات یا ناوچەو بەڵکو جیهانیشدا جێ پەنجەیان دیارە •

ڕۆژنامەی حیزبە سیاسی یەکانیش لەو وڵاتانەدا کە کێشمەی حیزبی یان تیایەو کۆمەڵ لە چەند چینی جیاواز پێکهاتووەو ، هەر چینە حیزبێك یان زیاتری هەیە ، بەگوێرەی دەستەبەندیی سوودی کۆمەڵایەتی لەناو چینەکەدا ، هۆیەکی گەورەی گەیاندنی بیرو ڕای حیزبەکەن بە جەماوەر • ئەمڕۆ هیچ حیزبێك نی یە لە جیهاندا بتوانێ بێ لای کەمی ڕۆژنامەیەك بژی کە بیروڕای بە جەماوەر بگەیەنێو پڕۆپاگاندەی بۆ بکا لەناویاندا و شەڕی دوژمنی لێ دووربخاتەوە • بۆیە ئەبینین لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە ئازادی یە دیموکراتی یەکانیان تێدا پێشێل کراوە ، حیزبەکان هەوڵ ئەدەن بڵاوکراوەی نهێنی یان بێو ، تەنانەت هۆی ڕاگەیاندنی لە ڕۆژنامە بەدەستتو بردتریش وەك ئێسگەی ڕادیۆو شریتی کاسێتو شتی وا ناتوانێ جێگەی ڕۆژنامە بگرێتەوە ، چونکە ڕۆژنامە وەك دەکومێنتێکی هەڵگیراو لە فەوتان نایێو نکوولیشی لێ ناکرێو خاوەنەکەی ناتوانێ بڵێ فلانە قسەم نەکردووەو فلانە هەڵوێستم نەبوە مادەم خستبێتیە سەر لاپەڕەی قاقەز •

★ ★ ★

لە ڕووی تەکنیکیشەوە ئەوەی سی ساڵ لەمەپێش لەم عێراقی ئێمەدا ڕۆژنامەی خوێندبێتەوەو ئێستاش مابێ ، ئەزانێ چ جۆرە جیاوازی یەك لەنێوان ڕۆژنامەی ئەوساو ئێستادا پەیدابووە • جاران وتارەکانی ڕۆژنامە بە پیتی تاك ڕێك ئەخران • وێنە یا هەر نەبوو یان ئەبوو لە کارگەکانی زەنکۆگرافدا بکرایە بە کلیشە • مانشێت نەبوو ،

بۆ دەرخستنی هەواڵێکی بایەخدار یان دروشمێکی زۆر مەبەست هەر پیتی گەورە هەبوو بەفریادا بگا • پاشان وای لێهات خۆش‌نووسێك هەواڵەکە یان دروشمەکەی ئەنووسی‌و یەکێکی‌تر لەسەر ماددەیەکی وەك پلاستیك دای‌ئەناو بە کاربۆن ئەینووسی‌یەوەو ئەوجا دەورو بەرەکەی ئەتاشی تا وێنەی خەتی خۆش‌نووسەکە وەك پیتی درشتی قورقوشمی لێ دەرئەچوو و ئەیانخستە ناو مەکینەی چاپەوە • هەنگاوێکی‌تر بەرەوپێش چووین خەتی خۆش‌نووسەکەمان ئەبردە زەنکۆگرافەو ئەمانکرد بە کلیشە • لەبەرئەوە لەو سەردەمەدا ڕۆژنامە لە ٤ لاپەڕەو زۆر خۆی بکوشتایە لە ٨ لایەڕە تێنەئەپەڕی • لەبارەی ژمارەوە ئەگەر زۆری لێ دەربچوایە بەحاڵ ئەیگەیاندە ١٠ هەزار ژمارە • تەنها پاش شۆڕشی ١٤ی تەمووزو هەر بەش‌بەحاڵی یەکێ لە ڕۆژنامە هەرە بەبرەوەکانی ئەو سەردەمە توانی بیگەیەنێتە ٢٠ هەزارو هەندێ‌جاریش لێی تێپەڕێنێ • ئەمە هەمووی بەهۆی نەبوونی خوێندەواری ڕۆژنامەخوێنەوە نەبوو ، بەڵکو هیی ئەوەش بوو تەکنیکی چاپ لە عێراقدا پاشکەوتوو بوو • ڕۆژنامە بۆ ڕۆژی دووهەمی دەرچوونی ئەگەیشتە مەرکەزی لیواکان • مەگەر هەرە نزیکەکانیان لە بەغداوە لە یەکەم ڕۆژدا پێیان‌بگەیشتایە • بۆ هەواڵ وەرگرتنیش ئەبوو ڕۆژنامەنووسێك بەدیار ڕادیۆوە دانیشتایە لێی وەرگرتایە • زۆر لە ئێسگە گەورەکان بەرنامەیەکیان بڵاو ئەکردەوە لەو بەرنامەیەدا هەواڵیان بەئاستەم ئەخوێندەوە تا ڕۆژنامەنووس بتوانێ پیادا بگاو بینووسێتەوە • پاشان ڕیکۆردەر داهات کە هەواڵی لەسەر شریت پێ تۆمار ئەکراو لێ‌ئەدرایەوەو لەبەری ئەنووسرایەوە • پەیامنێری شاران ئەبوو خۆی بێت هەواڵەکانی بینێ یا بە یەکێکی متمانەپێ‌کراودا بینێرێ •

هەرچەند عێراقی ئێمە هێشتا لـەم مەیدانەدا زۆر هەنگاو لەدوای وڵاتە پێشکەوتووەکانەوەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەچاو ڕابووردوودا شتی زۆر گەورە کراوە • ئەمڕۆ پیتڕێکخستن نەمـاوە ، بەڵکو لە زۆر ڕۆژنامەدا داڕشتنی دێڕی قوڕقوشمیش نەمــاوە • ئێستا دێڕ بە شێوەی ئەلکترۆنی ئەنووسرێو چــاپ هەمووی بـە فلیـم بـۆ کـردنو پلێتـە دروستکردنو بە شێوەی ئۆفسێت تەواو ئەکرێ کە لەتوانادا هەیە لـە چـەند دەقیقەیەکدا هەزاران دانە بە چەند ڕەنگ بهێنرێتە بەرهـــەم • ئـەمڕۆ لە هەر ڕۆژنامـەیەکی بایەخـدارا ئامێری تایبـەتیی‌وا هەیـە هەواڵی لە ئاژانسەکانی دەنگوباسی ناوخۆو دەرەوە پێ وەرئەگیرێو هەر بـەو ئامێرەش ئەنووسرێتەوەو ئەدرێتە دەسـتی ڕۆژنامـەنووس بەپێـی سیاسەتی ڕۆژنامەکەی دەسکاریی تێدا بکاو ئامادەی بکا بۆ بڵاوکردنەوە • نەك هـــەر هەواڵ ، بەڵکو وێنەش هـــەر بەمچەشنە بە ئامێری تایبەتی لـــە وڵاتانی دوورەوە وەرئەگیرێو ئەگاتە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامـــە • بۆ دەستخستنی هەواڵو وێنە لە ئاژانسەکانەوە ئەبێ ڕۆژنامە ببێ بـــە ئابوونەو ساڵی بۆ ئەم مەبەستە پارەیەکی زۆر بەو ئاژانسانە بدا •

بەڵام ئەمەی کـــە وتمان ، نە ئەوەی لەمـــەپیشیو نە ئەوەی ئێستای ، ڕۆژنامەی کوردی ناگرێتەوە ، ئەوەیش لەبەر هۆیەکی زۆر سادەو ئاسان کـــە ئەوەتە لـــە جێگیربوونی حوکوومەتی خۆماڵییەوە لـــە عێراقدا تا شۆڕشی ١٤ی تەمووز ڕۆژنامەی سیاسیمان نـەبوەو ، لەوەپاشیش جارجارێ کە بووە هەرگیز لەئاستی ئەوەدا نەبوە بیر لـــەم شتانە بکاتەوە کـــە بۆ ڕۆژنامەیەکی لات بـــە خۆراکی خواپێداوان دائەنرێ • تەنانەت (هاوکاری) یە دەوڵەتی‌یەکەی ئێسـتایشمان هـەر ئەوەندەی لە تەکـنیکی نوێ پێ بڕاوە کە بە ئۆفسێت لەچاپئەدرێ •

★ ★ ★

لــە جیهانێکدا کــە سەربەندی هەمووشتێکی لە هەموولایەکدا تێــدا ئەچێتەوە سەر سیاسەت‌و سیاسەتیش لە هەموولایەك بریتی‌یە لــە کــێشــە لەسەر فەرمانڕەوایی لەنێوان هێزە دژبەیەکاندا ، چ لــــە ناوخۆو چ لە دەرەوەو چ لە مەیدانی شەڕی دەستەویەخە یا شەڕە بیر یا شەڕی سوودو قازانجی تایبەتیدا ، بەڵێ لــــە جیهانێکی‌وادا ناتوانین حوکمی موتڵەقی پێشکەوتن یا پاشکەوتن بەسەر هەموو شتێکدا بدەین • ڕۆژنامەی کوردی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ کە مەیدانی قسەلێکردنی ئــەم دانیشتنەمانە ، یەکــــەم هەنگاوی کــــە بە دوو پێی باریك‌و لاوازی ڕۆژنامەی (کوردستان)ی میقداد مەدحەت بەدرخان نای ، بەرەو ئامانجی «وریاکردنەوەی کوردان‌و هاندانیان بۆ ئارەزووی پیشەسازی» نای • مەعنای ئەمە لە زمانی لێکۆڵینەوەدا واتە گــەڕان بەدوای دۆزینــەوەو وەرگرتنەوەی مافی میللیــدا پاش ســاڵەهای دوورو درێــژی دیلــی‌و نووستن‌و بێ‌ئاگایی‌و ، ڕزگاربوون لە داوی دەرەبەگی‌و چوونە چەرخی سەرمایەداری‌یەوە کە بەش‌بەحاڵی ئەوڕۆژەی کوردستان‌و هـــــەموو وڵاتانی ڕۆژەڵات هەنگاوێکی پێشکەوتوو بوو • لــەوڕۆژەوە تــا ئــەمڕۆ ئامانجی ڕۆژنامەی کوردی تێــــکڕا لـــەم چوارچێوە پێشکەوتووە دەرنەچوە • بەڵێ وابووە داگیرکەرێك یا حوکوومەتێکی کۆنەپەرست‌و دوژمن بە گەل ڕۆژنامەیەکی بۆ سوودی خۆی بە کوردی دەرکردووە ، بەڵام ئەویش هــەر ناچار بووە لــە بەرگێــکی پێشکەوتخوازی یــا کوردایەتیدا بۆ ئامانجە کۆنەپەرستانەکەی خۆی تێ‌بکۆشێ • ئـــــەم ڕاستی‌یە نەك هـــــەر لـــە ڕۆژنامەیەکی وەك «تێگەیشتنی ڕاستی»دا دەرئــەکەوێ کە لــە بــارو دۆخێــکا دەرچــوو کوردســتان ئەوەنــدە پاشکەوتوو بوو هەرجۆرە گۆڕانێك ڕووی‌بدایە ئەبوو بە ناچاری سەرێکی پێشکەوتووی ئاشکراشی هەبێ، بەڵــکو تەنانەت لە بەناو (کوردستان)ەکەی

حەمەڕەزا شای ئێرانو لە (پەیام) ەکەی بالیۆز خانەی ئەمەریکاشدا لـە بەغدا ، بە زەقی دەرئەکەوێ • بەڵام بەرانبەر بەمە ڕۆشنبیرانی دڵسۆزی کوردیش پلانی خۆیان بووەو زۆر جار خۆیان گەیاندووەتە ئەوجـۆرە ڕۆژنامانەش‌و بۆ سوودی گەلەکەیان با تەنها لە مەیدانی زیندووکردنەوەی زمانو ئەدەبو مێژوویشدا بێ بەکاریان‌هێناون • ئەم ڕاستی‌یەش هەروەها لەو ڕۆژنامانەدا کە ناوم هێنانو لە ڕۆژنامەو گۆڤـاری‌تریشـدا دیاری هەر داوە •

دەوری ڕۆژنامەی کوردی لە ڕۆشن‌کردنەوەی ڕێـگای سـیاسیی نـەتـەوەی کـورددا بـەدرێژایی مێـژوو ، شـایانی بایـەخ‌پێـدانو توێـژلێ‌هـەڵدانەوەو لێکـۆڵینەوەیە • یـەکەم ڕۆژنامـەی کـوردی ، (کوردستان) ، بێ‌ئەوەی کە خۆی مەبەستی بووبێو دەرکی‌پێ‌کردبێ ، بە دەرچوونی لە قاهیرە ، دوو نیشانەی گەورەی لە ڕێـگای نەتـەوەی کورددا دانا کە نەتەوەی کورد تا ئەو دوو نیشـانەیەی لە بەرچـاو بێو ونیان‌نەکا ، بە بۆچوونی من ، باشترو ڕوونتر ڕێگای پاشـەڕۆژی پـێ دیاری ئـەکرێ • ئـەو دوو نیشـانەیەش یـەکەم بایـەخی ئـازادی‌یە دیموکراتی‌یەکانە لە گەشەکردنی گەلداو ، دووهەمیش یەکـێتیی خەباتی گەلانی هاوئامانجە بۆ گەیشتنیان بـە ئامانجیان • کە بیـر لە دەرکردنی (کوردستان) کرایەوە وڵاتانی عوسمانی لەژێر باری قورسی حـوکمی ملهوڕانەو خودسـەرانەی عەبدولحەمیددا بـوون • مەیـدانی دەربڕینی دەنگێـکی ئازاد لە سەرانسەری وڵاتی عوسمانیدا نەبوو • بۆیە میقـداد مەدحەت بەدرخان پەنای‌بردە بەر قاهیرە کە ئەو سەردەمـە چـەردەیەك تیشکی ئازادیی بیری لە ئەورووپاوە گەیشتبوویەو لەژێردەستی عوسمانی دەرچووبـوو ، هـەرچەنـد خۆیشـی نیمچـە موستەعمـەرەی وڵاتـە

ئەمپریالیستی‌یەکانی ئەورووپا بوو • ئەمە دەرزی یەکەم بوو بۆ کورد لە بابەتی بایەخی ئازادیی دیموکراتیدا بۆ گەل • نیشانەی دووهەمیش ئەوەیە عەرەب‌و کورد تێکڕا لەو گەلانە بوون کە لەژێر باری جەورو ستەمی عوسمانیدا ئەیان‌ناڵاند • باوەش‌کردنەوەی قاهیرەی عەرەب بۆ ڕۆژنامەیەکی کوردی ، هەم نیشانەیەکی‌تری یەکێتیی خەباتی گەلانی بەش خوراوو ، هەم هەنگاوی یەکەمە بە ڕێگای دانانی بناغەی کۆشکی پتەوی برایەتیی گەلانی عەرەب‌و کورددا لە خەباتدا لەدژی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستیی ناوخۆ کە ئێستاش بەش‌بەحاڵی ئێمەی کوردو عەرەب لە عێراقدا، وەك چۆن بەدرێژاییی ساڵانی خەباتمان بۆ ئازادی‌و دیموکراسی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی‌یش وابووە ، هەر مەرجێکی گەورەی سەرکەوتنی هەردولامانە • هەر لە بەر ڕووناکیی ئەو تەجرەبەیەو بەهۆی ئەو دەورە پرشانازی‌یەوە کە پێشەنگانی بزووتنەوەی نیشتمانی‌و دیموکراتی لە عێراقدا دیویانە بۆ زاخاودانەوەی بیری جەماوەری عەرەب‌و کوردی عێراق بە بایەخی برایەتی‌و یەکێتیی خەبات ، لە دابین کردنی سەرکەوتنی یەکجاریی گەل‌و گەیشتنیدا بە هەموو ئامانجەکانی ، ڕۆژنامەی کوردی‌یش، بە نهێنی‌و ئاشکرایانەوە ، بەتایبەتی نهێنی‌یەکانیان، هەمیشە کەم‌و زۆر دروشمی برایەتیی کوردو عەرەب‌و یەکێتیی خەباتیان هەڵگرتووەو ، ئەمەی کە ئەمڕۆ ئەیبینین کەوا ئەم دوو گەلە لەگەڵ ئەو هەموو تاڵی‌و سوێری‌یەش کە لە ژیانی سیاسیی خۆیاندا دیویانە ، وەك گەل‌و وەك جەماوەر ، نەکەوتوونەتە سەر لاڕێی شۆڤێنیەتی‌و دووزەپەرێزی لە یەك‌و ئەوانەی کە ئاگری کینەی نەتەوەیی‌یان لەنێوان عەرەب‌و کورددا تیژکردووە ، هەمیشە لە بەرچاوی جەماوەری فراوانی گەلدا وەك کۆمەڵێکی سەرلێ‌شێوێن تەماشا کراون • بەڵێ ئەم دیاردە گرانبەهایەی باوەڕ بە برایەتیی عەرەب‌و کوردە کە ئەمڕۆش لەناو

جەماوەردا بە باشی هەستی پێ ئەکەین ، یەکێکە لە ئەنجامە بەنرخەکانی کاری گەلێ لاو دەزگاو لە ڕیزی پێشەوەیانەوە ڕۆژنامەی تێکۆشەری کوردی •

★ ★ ★

هەروەك (کوردستان) لە سەردەمی خۆیدا، لە ماوەی بزووتنەوەی سمکۆشدا ڕۆژنامەی (ڕۆژی کورد) ، لە ماوەی حوکمڕانیو خەباتی شێخ مەحموودا (بانگی کوردستان) و (ڕۆژی کوردستان) و (بانگی احەق) و (ئومێدی ئیستیقلال) و ، لە سەردەمی کۆمەڵەو کۆماری مەهابادا (کوردستان) و دەستەخوشکەکانیو ، لە چەرخی پاشایەتیی عێراقدا (نزار) و پاش شۆڕشی تەمووز (ئازادی) و (خەبات) و (کوردستان) و (ڕای گەل) و (ڕۆژی نوێ) و لە ۱۹٦۷ ەوە (برایەتی) وەك ڕۆژنامەی سیاسی ، هەموو پێشەنگو پێشەوای خەباتی گەلی کوردو ڕوونکەوەی ڕێگای بوون • ئەمە جگە لەو هەموو گۆڤارو ڕۆژنامە ئەدەبیو گشتیو کۆمەڵایەتییانەی کە لە مەیدانی ئەدەبو زمانو کۆمەڵایەتیو پێشکەوتنی شارستانەتیدا دەوریان لە دەوری سیاسیی ئەو ڕۆژنامە سیاسییانە کەمتر نەبوە کە بەدرێژاییی ئەم نزیکەی ۹۰ ساڵە دەرچوون • بەڵکو لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا کە بە هۆی بارو دۆخی وڵاتەوە زوربەی وەخت مەیدانی دەرکردنی ڕۆژنامەی سیاسیی کوردی نەدراوە ، زۆر جار ڕێکەوتووە ڕۆشنبیرانی کورد ڕۆژنامەی ئەدەبیو کۆمەڵایەتییان لەڕاستیدا کردووە بە ڕۆژنامەی سیاسیو بەشی زۆری ئەو ئەرکە سیاسییانەیان پێ بینیون کە بە ڕۆژنامەی سیاسی ئەبینرێن • (گەلاوێژ)ی ساڵانی ۱۹۳۹ - ۱۹٤۹ ، (ژین)ی ساڵانی ۱۹٥۳ - ۱۹٥٤و (بیری نوێ)ی ساڵانی ۱۹۷۲-۱۹۷۹و

(هاوکاری)ی ئەم دوازدە ـ سیانزە ساڵەی دوایی ، نموونەیەکی ئاشکرای ئەمەن‌و ، ئەم ڕۆژنامانەو گەلێکی‌تر دەورێکی باڵایان لەم مەیدانەدا بووە • لەگەڵ ئەوەشدا کە تا شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ ئەو وڵاتانەی کە یەکی بەشێکی کوردستانیان بەرکەوتووە زیاتر لە ڕووی سیاسەتەوە دۆست‌و هاوڕێ‌و هاوبیری یەك بوون ، هەرگیز مەیدانی ئەوەیان نەداوە ئەو یەکێتی‌و دۆستی‌و هاوپەیمانەتی‌یەیان بگاتە ئەو ئەنجامەش کە تەگەرەکانی ڕێی پێوەندی نێوان بەشەکانی کوردستان سووك بێ ، چونکە نەیانویستووە کوردی ئەم بەشانە پێوەندیان بەیەکەوە بێ ، بەڵام هێشتا هەر کەم تا زۆر ڕۆژنامەیەك لە هەرلایەکیان دەرچووبێ ، گەیشتووەتە ئەو لاکانیش • بەم‌جۆرە (هاوار)ی کوردەکانی سووریا ئەگەیشتە عێراق‌و تورکیاو تیشکی (گەلاوێژ)ی لە عێراق هەڵاتوویش ئەیدا لە ئێران‌و سووریاو ، بەتایبەتی (کوردستان)ی مەهابادو دەستە خۆشکەکانی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك‌و بێ‌ئەوەی داوای ڤیزە لە کاربەدەستانی تورکیاو عێراق‌و سووریا بکەن لە سنوور ئەپەڕینەوەو مژدەی بەیانی نوێی کوردی ئەودیویان بۆ برایانی نزیك‌و دوور ئەبرد • بەم‌جۆرە ڕۆژنامەی کوردی دەورێکی باڵای لە وریاکردنەوەی گەلی کوردو بەتایبەتی لە بەیەك ناساندنی ڕۆشنبیران‌و خوێندەوارانی سەرانسەری ناوچەکانی کوردستاندا بە یەکتر بینیوە •

* * *

پێشتر وتمان تا ئەم چەند ساڵەی دوایی مەیدانی قسە لە پێش خستنی تەکنیکی ڕۆژنامەنووسی نەبوو لە عێراقدا ، نەك هەر بەش‌بەحاڵی ڕۆژنامەی کوردی ، بەڵکو بۆ ڕۆژنامەی عەرەبی‌یش ،

بەڵام باری سەرشانی ڕۆژنامەی کوردی لەم مەیدانەشدا گەلێ قورستربوو • سەرەڕای ئەوە کە کورد نەیتوانیبوو ئەو ئەندازە ئازادی‌یە بۆ خۆی داسەپێنێ کە بۆ عەرەب لوابوو دایسەپێنن ، گەلێ گیروگرفتی گەورەی‌تریش لە مەیدانا بوو • بۆنموونە ڕۆژنامەی کوردی تێکرا یا پیتی دەستنەئەکەوت یا کرێکاری کورد نەبوو پیتەکانی بچنێ ، یا بابەتی‌وای بۆ نەئەهات کە بە بێ‌دەستکاری‌و داڕشتنەوەو هەر هیچ نەبێ بە بێ سەرلەنوێ نووسینەوە بۆ ئەوە بشێ بخرێتە بەردەستی کرێکاری چاپخانە ، یا دەرامەتی هەرگیز ئەوەندە نەبوە ئەرکی لەچاپدانی دەربێنێ‌و لەبەرئەوە پتر پشتی بە لێبووردوویی کارگێرەکانی‌و یارمەتیی هەندێ کوردی دڵسۆز بەستووەو بەوە بەڕێ‌چووە • هەر بۆیەش تا شۆڕشی ١٤ ی تەمووز تاقانە ڕۆژنامەیەکی کوردی کە هەبوو ، ئەدەبی‌و کۆمەڵایەتی بوو • لەپاش سەرکوت‌کردنی بزووتنەوەکانی شێخ مەحمودیشەوە تا ١٤ ی تەمووز تەنها چەند مانگێکی پاش ڕاپەڕینەکەی کانوونی دووهەمی ١٩٤٨ کوردی عێراق ڕۆژنامەیەکی سیاسیی قانوونی‌یان بەخۆیانەوە دیوە کە گۆڤاری (نزار)ە، کە بە کوردی‌و عەرەبی دەرئەچوو ، بۆیە بەدرێژاییی ئەو ماوەیە ڕۆژنامەی سیاسی هەر نهێنی بووە ، بەڵام بەئاشکرا جێی خۆی لەناو ڕیزی میللەتدا کردووتەوەو بووە بە پێشەنگی خەباتی بۆ ئازادی •

لەپاش دامرکاندنەوەی بزووتنەوەکانی شێخ مەحموودەوە تا دواڕۆژی ڕژێمی پاشایەتی ، لە سلێمانی تەنها (ژیان)و (ژیانەوە)و پاشان (ژین)ی لە ڕەواندز (زاری کرمانجی)و لە هەولێر (ڕووناکی)و پاشان (اربیل ـ هەولێر)و ئەوجا (هەتاو) دەرچووەو ، لە بەغدایش (گەلاوێژ)ی (نزار)و (پێشکەوتن)و (هیوا) دەرچووە • پێش ئەو

ماوەیەش ناوەناوە هەندێ وردە گوڤار لە بەغدا بە کوردی دەرچووە •

ئەم وەزعە مەیدانی ئەوەی نەدا ڕۆژنامەنووسی کارامەو شارەزای کورد پێ بگا ، چونکە ڕۆژنامە پێی نەئەکرا کەس بەڕێوەبەرێ و کەس نەیئەتوانی بۆ ژیانی ڕۆژانەی پشت بە ڕۆژنامەنووسی یەتی ببەستێ •

شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە سەرەتادا دەرگای ئاواڵە کردو چەند ڕۆژنامەو گۆڤاری سیاسی و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بە کوردی دەرچوون • کادری ڕۆژنامە سیاسی یە کۆنە نهێنی یەکانی چەرخی پاشایەتی و کۆمەڵێ لاوی تری تازەکاری خوێن گەرم بە چەکی بڕواوە هاتنە مەیدان و توانی یان زووبەزوو هونەری ڕۆژنامەنووسی بە سەنگ و ترازووی ئەو سەردەمە فێر ببن • لەبەرئەوەش کە تێکڕا ئەرکی نووسینی سیاسی و ئەدەبی لە ئەستۆی کادرە کۆنە پێگەیشتووەکاندا بوو ، کادرە لاوەکان توانی یان بەکاوەخۆ کەلێنەکانی تری ڕۆژنامەکان پڕبکەنەوە •

بەڵام بەداخەوە ناوازیی ئامانجەکانی شۆڕش و کاربەدەستانی شۆڕش زۆر زوو ئەو تەجرەبەیەشی زیندەبەچاڵ کردو هەر مایەوە سەر (ژین) و ئەو چەند ڕۆژنامەو گۆڤارە کە لە چەرخی پاشایەتی یەوە هەبوون •

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تەجرەبە کۆتا تەمەنە زۆر بەنرخ بوو • لەو ماوەیەدا بوو ڕۆژنامەی کوردی بۆ یەکەمین جار بە ئەنتەرتایپ و لاینۆتایپ لێئەدراو بەهۆی ئەوەوە کەرەستەیەکی زۆر لە لاپەڕەکانیدا کۆئەکرایەوە • ڕۆژنامەیەکی وەکو (ئازادی) ماوەیەکی تەمەنی هەفتەی سێ ژمارەو ماوەیەکیش هەفتەی دوو ژمارەی دەرئەکرد • (ژین) بۆ ماوەیەك بە لاپەڕەی گەورە دەرچوو • ماوەیەکیش هەفتەی دوو ژمارەی بڵاوئەکردەوە • ڕۆژنامەی (خەبات) ژمارەی عەرەبی و کوردیی لێ

دەرئەچوو • لەگەڵ ئەو هەموو تەنگ‌و چەڵەمە زۆرانەشدا کە داوو دەزگای ڕژێمی جومهووری کە زوربەیان لە پاشماوە داخ‌لەدڵەکانی چەرخی ڕووخاوی پاشایەتی بوون ، ئەیانهێنانەڕێی ڕۆژنامە کوردی‌یەکان‌و بەتایبەتی ئەوانەیان کە ڕێبازی پێشکەوتخوازانەیان زەق بوو ، ئەم ڕۆژنامانە بە ڕێکوپێکی ئەگەیشتنە هەموو ناوچەکانی کوردستانی عێراق‌و بەڵکو ئەشپەڕینەوە بۆ ئەودیوی سنوورو ، کەم گەورەدێی کوردستان هەبوو خوێندەوارانی ئەم ڕۆژنامانەی تێدا نەبێ •

قۆناغی نوێی گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ساڵی ١٩٦٧ەوە دەست‌پێ‌ئەکا کە ئەوەبوو لەگەڵ دەرچوونی تەئاخیدا بە عەرەبی (برایەتی)یش بە کوردی ، لەپێشا هەفتەی جارێ بە ٨ لاپەڕەی نیوقەوارەو پاشان هەموو ڕۆژێ بە دوو لاپەڕەی گەورە دەرئەچوو • ئەم ڕۆژنامە کوردی‌یە هەم لە ڕووی سیاسی‌یەوە دەورێکی گەورەی لە بلاوکردنەوەی هوشیاریی نەتەوەیی‌و دیموکراتیدا گێڕا ، نەك هەروەك ڕۆژنامەیەکی کوردستانی بەڵکو وەکو ڕۆژنامەیەکی عێراقی‌یش بە کوردی • هەم لە ڕووی تەکنیکی‌یشەوە هەنگاوێکی گەورە بوو بۆپێشەوە چونکە بە ڕێکوپێکی دەرئەچوو و ماوەیەکیش وەك هەر ڕۆژنامەیەکی عەرەبی قەوارەیەکی گەورەی هەبوو •

قۆناغی خۆئامادەکردن بۆ دەرکردنی بەیانی ١١ی مارت گوڕێکی تازەی بە ڕۆژنامەنووسیی کوردی دا • بۆ یەکەمین‌جار لە مێژووی عیراقدا ڕۆژنامەیێکی ڕێکوپێکی هەفتانەی کوردی لەسەر ئەرکی میری دەرچوو کە ڕۆژنامەنووسەکانی لەبەرئەوەی لای میری کاریان‌ئەکرد ترسی نان‌بڕانیان نەبوو و لەگەڵ ئەوەشدا تا ڕادەیەك توانای بە ئازادی دەربڕینی بیرو ڕای تێدا هەبوو • ئەم ڕۆژنامەیە ڕۆژنامەی (هاوکاری)

بوو کــه ئیستاش هەیەو ، مەودایەکی باشی خزمەتی زمانو ئەدەبمانە •
لەگەڵ بوونی (هاوکاری)دا دەرچوونەوەی (برایی)و پاشان دەرچوونی (بیری نوێ)یش بە کوردی ، کارێکیان کرد سالآنی ۷۲ ـ ۱۹۷۳ شــا ساڵی ڕۆژنامەی کوردی بن لە عێراقدا • لە ڕووی سیاسی یەوە هــەرکام لــەم ڕۆژنامانە توێژێــکی بیروباوەڕی ناو کۆمــەڵی کوردەواری یان کرتبوە خۆیان • لــە ڕووی تواناشـــەوە هیچ کامیان ڕۆژنامەیەکی بازرگانی نەبوون تا پشتیان بە یەك دوو کەس قایم بێ ، داوو دەزگایەکی زلیان لەپشتەوە بوو • باری تایبەتیی ناو کۆمــەڵو جۆری دەستەبەندیی هێزیش مەیدانی ئازادی یەکی ئاڕادەیەك زۆری بیــری خوڵقاندبوو •
بەدەوری ئەم سێ ڕۆژنامەیەدا کۆمــەڵێك گۆڤــاری جۆربەجۆریش هەبوون بــە هەموویانەوە هێزێــکی گـــەورە بوون بۆ کـــوردو بۆ ڕۆژنامەنووسیی دیموکراتی •

کشانو پاشەکشە هەمیشە بووەو هەر ئەشبێ • مـــــن لێرەدا لەتوانامدا نی یە زۆر درێژە بە هەڵسەنگاندنی باری مێژوو بدەم لە نیگای ڕۆژنامە نووسی یەوە کە لەو مێژووەوە تا ئێستا چی ڕووی داوەو چۆن بووە ، بەڵام ئەبێ بڵێین لە سەرەتای ۱۹۷٤ەوە وەرزی پاشەکشـــەی گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی کوردی دەستی پێ کردووەو ئێستاش هێشتا لەگەڵ گەشەکردنی تەکنیــکیو دەرچوونی (هاوکـــاری)و (بەیان)و (ڕۆشنبیری نوێ)و پاشبەندی (عێراق)و (ئۆتۆنۆمی)و ئێستاش (کاروان)دا هـــەر نەبڕاوەتەوە •

تەکنیکی ڕۆژنامەنووسیی کوردی پێش کەوتووە ، ئەمە ڕاستە • بەڵام ئەشتوانرا گەلێ لەپێشتر بێ • ئێستاش لە دوو سێ تەکنیکیی کورد زیاتر لە بەردەستدا نی یە کە لــە چاپخانە نەك هەرە تازەکان ، بەڵــکو

تەنانەت لـــە چاپخانە مامناوەندی‌یەکاندا کاربـــکەن • ڕۆژنامەنووسی ئەمڕۆ لەســـەر بناغەی حەزی خۆی‌و لەسەر بناغەی کارامەیی دانانرێ ، کـــەچی ڕۆژنامە نووسیی لە خودی خۆیدا جـــۆرە دڵداری‌یەکی کارەکەیە ، هـــەموو کۆسپ‌و تەگەرەیەك لەڕێی ڕۆژنامەنووسدا تەخت‌و ئاسان ئەکا • ڕۆژنامە نووسێ کـــە بە سۆزەوە بۆ کارەکەی هـــاتبێتە مەیدان ، لەگـــەڵ هـــەزار دیوارو شوورەی زەبروزەنـــگ‌و تۆقاندنی ڕژێمیشدا ڕستەی‌وا ئەدۆزێتەوە چەردەیەك بیرو خولیای دڵ‌و دەروونی خۆی تێدا دەربڕێ • ئەمەی کـــە وتم واناگەیەنێ ڕۆژنامەنووسەکانی ئەمڕۆمان حـــەزیان لـــە کارەکەیان نی‌یە ، بەڵـــکو مـــەبەستم ئەوەیە کارامەو لێ‌هاتووەکانیشیان زوربەیان هەر ڕێکەوتی ژیان خستوونیـــەتە ســـەر ئەم ڕێگا • ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە هـــەزار کون‌و کەلەبـــەر ئەپشکنێ بۆ هەواڵێك ، بۆ پەردە لەڕوولادانی ڕازێ ، هەزار فێڵ‌و فەرەج ئەدۆزێتەوە بۆ وەدەست‌هێنانی هـــەل بۆ دەربڕینی ڕایەك ، نووسینی وتارێ •• چاپخانە بەجێ‌ناهێڵێ تا یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەی لـــە مەکینەی چاپ دەرئەچێ‌و ئەم‌دیوو ئەودیوی ئەکاو بە چاوی دایکێ بۆی ئەڕوانێ کـــە منالی نۆسکەی لە یەکەم کاتەکانی پاش لەدایك‌بوونیـــدا بەدەستیەوە ئەگرێ •• ئەمڕۆ لەبەرئەوە کـــە ڕۆژنامە هەمووی هیی میری‌یەو ، ئەمەش لە کۆمەڵێکی فرە ـ چین‌دا تەنها ئەنجامێك بەدەستەوە ئەدا کـــە ئەویش قۆرخ‌کردنی توانای بیروڕا دەربڕینە بۆ کۆمەڵێك‌و بێ‌بەش‌کردنی کۆمەڵانێکی تری زۆر،و ، تاقە کۆمەڵێکیش لە کۆمەڵگای فرەچینـــدا هەرگیز ناتوانێ‌و نایەوێ دڵ‌و دەروونی خـــۆی ئەوەندە فراوان‌و بەربلاو بکا بێ‌سڵ‌کردنەوە گوێ لـــە بیرو ڕای کەسانی‌تریش بگرێ کـــە لەوانەیە وەك ئەو بیر نەکەنەوە ـ بەڵێ لەبەر ئەم هۆیـــە ناتوانین بڵێین کوردستان ڕۆژنامەی بەڕاستی ئازادبیری تیایە • تەنانەت

لـــه مەیدانی ئەدەبیشدا ئەو چەند ڕۆژنامەو گۆڤارە کـە هەن ، ناتوانن هەمو بیروڕاو ڕێبازە ئەدەبی‌یەکانی ناو کۆمەڵەی کوردەواری لە دەوری خۆیان خڕبکەنەوە • هـــەر لەبەرئەوەی کە ڕۆژنامەنووسان ، گەورەو بچووکیان ، وەك هـــەر مووچەخۆرێکی‌تری میری دائەمەزرێنرێن ، گەلێجار ئەبینین قەڵەمی نەك هەر لە ڕووی هونەری ، بەڵکو لـە ڕووی سیاسی‌یشەوە لێ‌نەهاتوو بەناو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانا تەراتێن ئەکـەن‌و ، بنووسی بێ‌کارەی لاوەکی‌یش کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانا کار ناکـــەن بـــەڵام تیایاندا هاوبەشن‌و ئەنووسن ، لەســایەی ســەری هەڵســەنگاندنی چەوت‌و چـــەوێڵی ئەوانەوە ڕێیان ئەکەوێتە مەیدانی ڕۆژنامەنووسی‌و شوێنێکی زۆری بە ناهەق تێدا داگیر ئەکەن •

هەڵەی چاپ ئەمڕۆ بووە بـــە دەردێـکی کوشندەی سەرانسەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان • بە دەگمەن وتاری‌وات بەرچاو ئەکەوێ هەڵــەی لە سنوورێکدا بێ سەر لە خوێندەوار تێك‌نەدا • ئەم هەڵـــە زۆری‌یە نیشانەی ئەوەیە زۆر لە بنووسەکانیش‌و ڕۆژنامەنووسەکانیش بنووس‌و ڕۆژنامەنووسی ڕاستەقینە نین • ئەوان پاداش خۆرو ئەمان مووچەخۆرن• کەسیان دڵیان بە کاری ڕاستەقینەی ڕۆژنامەنووسی ناسووتێ ، بۆیەشـە هەنگاوێ بۆ چارەکردنی ئەم دەردە نانرێ •

لە چەرخی پاشایەتیدا کە بە شایەتیی هەموان لە ڕووی سیاسی‌یەوە نۆکەری ئیمپریالیزم‌و لە ڕووی کۆمەڵایەتی‌یەوە نوێنـەرو داردەســتی دەرەبەگی‌و بۆرژوای مفتەخۆر بوو ، کوردستانی عێراق ، لە ســلێمانی (ژین) و لە هــەولێر (هــەتاو) یکی تێـدابوو • کـەچی ئێستا پاش تێپەڕبوونی نزیکەی چارەکە سەدەیەك بەسەر شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨دا کە ئەو چەرخە نۆکەرو داردەستەی ئیمپریالیزم‌و دەربەگی‌و بۆرژوای مفتەخۆری ڕووخاند ، هەموو کوردستان تەنها گۆڤارێکی (ئۆتۆنۆمی)ی

تیایە کە ڕاستتر ئەوەیە بڵێین تائێستا لە مەحزەر جەلسە چووە تا لە گۆڤار• وا تازە (کاروان) یشی تێدا ئەکەوێتە ڕێو بەدڵ ئاواتــەخوازم ڕێـگای تەختان بێو کەندو کۆسپی نەیەتەڕێ تا قاچی هەڵنەکەوێ ، کەچی لقێکی نەقابەی ڕۆژنامە نووسانیشی تیایــە کە ئەوەتــە ئــەم کــۆڕەی بۆ ئامادە کردووین •

ئەگەر لێم‌نەگرن‌و ئەو پەندی پێشینانەی کوردمان لەیادنەچێ کــە ئەڵێ : « دۆستت ئەوەیە ئەتگریێنێ ، دۆژمنت ئەوەیە پێت‌ئەکەنێنێ » ، یا ئەوەی عەرەب کە ئەڵێ : « صدیقك من صدقك ، لا من صدقك » واتە : «دوستت ئەوەیە قسەی ڕاستت بۆ ئەکا نەك ئەوەیە کە هەرچی بڵێیت ئەڵێ بەڵێ » ، ئەبێ بڵێم شوورەیی‌یە هێشتا لە کوردستاندا چاپخانەیەکی میری نەکەوتبێتەکار بتوانرێ ڕۆژنامەو گۆڤارێکی تێدا لەچاپ‌بدرێ ، سەرمایەی خۆماڵییش تا موقاوەلات بەپێوەبێ توخنی پرۆژەیەکی شارستانەتی‌یانەی وەك دانانی چاپخانەیەکی لەم‌چەشنە نەکەوێ ، یا قازانجی خۆی تێــدا بەدی نەکا •• مەنتیقی نی‌یە ڕۆژنامەیەکی وەك هاوکاری کە ڕۆژنامەی دەوڵەت خۆیەتی‌و کارگــێڕەکانی هەموو کاربەدەستی میرین‌و ، بێ چەند جار شەن‌وکەو کردن‌و بە زەڕەبین خوێندنەوە وتارێکی ئەدەبیی تێدا بڵاو ناکرێتەوە ، هێشتا ئیمتیازەکەی ئیمتیازی ڕۆژنامەیەکی سیاسی نی‌یە •

بۆیە ، پێشنیهادم لە بارو دۆخی ئەمڕۆداو ئەوەندەی ئەمڕۆ توانای جێ‌بەجێ‌کردنی هەبێ ، ئەوەتە ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سیاسی هەر هیچ نەبێ چوار لاپەڕەیی لە هەولێر بڵاوبکرێتەوەو ، لە هەرکام لە سلێمانی‌و دهۆکیش مەیدانی دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی ئەدەبی‌و هەمەجۆر بدرێ •• کارێك بکرێ بــە نزیکترین وەخت چاپخانــەی ئەمینداریتیی ڕۆشنبیری‌و لاوان بخرێتەکارو هێڵی تایبەتیی بۆ لەچاپ‌دانی ڕۆژنامــەو گۆڤارو کتێبی بڕگەی تایبەتی ، زیاد لە هیی ئەمینداریتیی ڕۆشــنبیری‌و

لاوان خۆی ، تێدا دابمەزرێنرێ • بایەخێکی تایبەتی بە کۆکردنەوەی کادری لێهاتوو بۆ ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی میری‌و دوور خستنەوەی کەسانی لە ڕووی هونەری‌و سیاسی‌یەوە بوودەڵە بدرێ • لە هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارەکانا سەرپەرشتی‌کەری زمانەوانی دامەزرێنرێ‌و کەسانی‌وا بن کۆمەڵەی کوردەواری وەك کوردی‌زان‌و زمان‌ڕەوان ناسینی • لای کەمی یەکێتیی ڕێنووس لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەدا ڕەچاو بکرێ • ڕادەیەك دانرێ بۆ تەشەنەکردنی هەڵەی چاپ • هەوڵ بدرێ ئەوانەی دەمێ ساڵە جێ‌پەنجەیان بە ژیانی ڕۆژنامەنووسی‌و کولتووریمانەوە دیارەو ئێستە دوورەپەرێزن بهێنرێنەوە مەیدان • بۆ ئەمەش پێویستە ڕادەیەکی دڵسۆزانە بۆ ئەم تەنگەچیکڵدانی‌یەی ئێستا دانرێ کە لەئاست بیری ئازاددا لە هەموولایەکدا لەتام دەرچووە •• با ڕۆژنامە لەوە بکەوێ کە لەئاست تەنگ‌و چەڵەمەو گیروگرفتەکانی ژیانی کۆمەڵانی خەڵك‌و بەتایبەتی ڕەنجکێشماندا ، دەمی بەسترابێ •• با کە خەڵك شکاتێکیان لا کرد ، بۆیان بڵاوبکاتەوە •• با پەیامنێرەکانی بچنە ناو خەڵك‌و ئاگاداری دەردو ئازاریان بن‌و لەبارەیانەوە بنووسن •• با کە کاربەدەستێك وەڵامێکی دایەوەو ڕۆژنامە بۆی دەرکەوت ڕاست‌ناکا ، بوێرێ بەرپەرچی بداتەوە •• با ئەگەر پێشنیهادێکی بەجێی لە کەسێکەوە بۆ هات نەترسێ بڵاوی بکاتەوە •• با لە مەیدانی بیرو ئەدەبدا ئاسۆی تۆزێ فراوان بێ‌و ڕێ‌بدا لە باخچەی نیشتماندا هەزار جۆرە گوڵ بپشکوێ •• ئەم جیهانە تەنها یەك ڕەنگی تێدا نی‌یەو خەڵکیش بە کەل‌وپەل‌و جل‌وبەرگی یەك ڕەنگ قنیات ناکەن‌و داناکەون • هەر ئەمەیە ڕێگای ڕاستی پێشکەوتنی گەل‌و وڵات‌و ، هەر ئەو گەلە ئەتوانێ داکۆکی لە وڵات بکاو ڕێ لە دوژمن‌و داگیرکەر بگرێ کە دڵی بە جۆری ژیانی خۆی خۆش بێ‌و بتوانێ ناتەواوی‌یەکانی دەست‌نیشان بکا ، تا بزانێ چۆنیان چارئەکا•

الكلمة التي القاها الدكتور عزالدين مصطفى رسول في المؤتمر الاول للاتحاد العام للادباء والكتاب في القطر العراقي

السـيد رئيس المؤتمر

الاخوة والاخوات اعضاء المؤتمر

باسمي وباسم الادباء الاكراد الذين انضموا الى الاتحـاد العام للادباء والكتاب في القطر العراقي ، من حضر منهم المؤتمر ومن لم يحضر ، احيي اجتماعنا هذا وآمل من اعماق قلبي ان يتمخض عن اتحـاد رصين متين للادباء والكتاب العراقيين عربا وكردا وسواهم ، على اسس تقدميـة راسخة تحقق للجميع مطمحهم النبيل في النهوض بالحركـة الادبيـة والثقافية لقوميات العراق جميعها في ظل التآخي الوطيد والوحدة الوطنيـة الصلبة والشاملة .

ايها الاخوة والاخوات !

لا اريد ان اعود بكم الى الماضي حيث كانت المداولات ما تزال تجرى لضم الادباء والكتاب الاكراد لهذا الاتحاد وكان البحث ما يزال قائمـا عن افضل السبل لتحقيق مطاليبهم في اطـاره . ولا اريد كذلك ان اذكركم بتفاصيل الاجتماع الواسع الذي عقد في اربيل في النصف الاول من كانون

الثاني ١٩٨٣ والذي حضره الاستاذ عبدالامير معله ممثلا للهيئة التأسيسية للاتحاد العام للادباء والكتاب في القطر ، كما لا أبتغي ان اتلو عليكم الرسالة التي وجهها ذلك الاجتماع الى الهيئة ، ولكني ارى لزاما علي ان انوه بالفقرة التي وردت في تلك الرسالة والتي عبر فيها الادباء الاكراد عن اعتزازهم الشديد باتحادهم اتحاد الادباء الاكراد ، وتمنوا لو ان الرأى الرسمي كان الى جانب وجود منظمات ادبية عديدة تجمع شمل ادباء القطر ويوحدها جميعا اتحاد عام ينسق نشاطاتهم واعمالهم . ومع ذلك فقد اعلنوا عن استعدادهم للانضمام الى هذا الاتحاد ما دام ينظر اليه على انه افضل الطرق الى وحدة الادباء في القطر ، والوحدة مطمح الجميع .

كما ارى لزاما علي ان اذكر امامكم ما طلبه اولئك الادباء كضرورة لا غنى عنها لانتمائهم الى هذا الاتحاد واستمرارهم في العمل في صفوفه ، الا وهو :

اولا - حذف القيد المتعلق بمسقط الرأس والوارد في تعديل قانون الاتحاد العام للادباء والكتاب ليتاح لكل اديب كردي حيثما كان مسقط رأسه من وطننا العراقي الانتماء الى فرع الاتحاد الذي سيؤسس في منطقة الحكم الذاتي لكردستان .

ثانيا - النص في القانون على وجود نائب اول كردي للامين العام للاتحاد وسبعة اعضاء اكراد في المجلس المركزي للاتحاد تنتخبهم الهيئة العامة لفرع منطقة الحكم الذاتي ونسبة مماثلة منتخبة كذلك للمكتب الثقافي ، اضافة الى التمثيل في المكتب التنفيذي وهيئات الاتحاد المركزية الاخرى .

ثالثا - ذكر الاكراد الى جانب العرب في المجالات المتعلقة بعمل الاتحاد والتي ورد فيها ذكر العرب في القانون .

اننا اذ نعيد الى اذهانكم هذه المطالب المشروعة ، نرجو ان يرفع المؤتمر توصية بتحقيقها الى الجهات المختصة تحقيقا لما اجمع على طلبه الادباء الاكراد في اجتماع اربيل وتنفيذا للوعد الذي قطعته الهيئة التأسيسية للاتحاد على نفسها في رسالتها الجوابية التي بعثتها الى الادباء الاكراد بهذا الشأن والتي جاء فيها انه «يتم طرح طلباتهم على المؤتمر العام لتأخذ صيغة اجماعه ومن ثم تؤخذ الاجراءات لتنفيذها كل وفق ما يتطلبه من اجراء على شكل تعديل للقانون ام تضمين في النظام الداخلي للاتحاد ام على شكل تعليمات داخلية » .

ان توصية اجماعية منكم ، ايها الاخوة والاخوات ، بتحقيق هذه الطلبات ، رغم ان ما يمكن تحقيقه منها من قبل المؤتمر تقرر تحقيقه فعلا ، انما يعزز الثقة المتبادلة ، ويعطي بشائر مستقبل مجيد لاتحادنا المنشود . واننا لعلى ثقة من ان الاخوة العرب وسائر الاخوة يقفون دوما الى جانب ما يرونه حقا لنا او لغيرنا ، وانهم ليسوا اقل منا حرصا على تحقيق مطالبنا وازالة كل عثرة على طريق عملنا الموحد . والسلام عليكم .

كتاب من محافظة بغداد
بشأن اتحاد الادباء الاكراد

الجمهورية العراقية
محافظة بغداد
مديرية الشؤون الداخلية
الجمعيات

العدد / ١٧٩٨
التاريخ ٩/٨/١٩٨٣

الى / جمعية ـ اتحاد الادباء الاكراد
نادي ـ

م / فك ارتباط جمعيات واتحادات

بالنظر لتماثل اهداف جمعيتكم / اتحادكم مع اهداف الاتحاد العام للادباء والكتاب في القطر العراقي .. عليه قررت وزارة الداخلية بكتابها ٨٠٦٦١ في ١/٨/١٩٨٣ فك ارتباط جمعيتكم / اتحادكم من قانون الجمعيات رقم (١) لسنة ١٩٦٠ المعدل ونقل كافة موجوداتكم والتزاماتكم الى الاتحاد المذكور وذلك استنادا الى احكام الفقرة (أ) من (اولا) من المادة (٢٧) من قانون الاتحاد رقم ٧٠ لسنة ١٩٨٠ لاتخاذ ما يلزم بصدد الموضوع رجاء .

عبد الجليل الياسري
ع / محافظ بغداد

پێرست

سەرنووسەر :

بۆ ئەم ژمارەیەش ٣

نامەیەکی پڕ لە سۆز بۆ « نووسەری کورد »

لە یەکێك لە قوتابی‌یانی سانەویی کچانەوە لە هەولێر ٧

کەریم شارەزا :

دڵدارو شیعری ڕیالیزم ٩

شێرکۆ بێکەس :

لە یەکەم سەفەردا ٢٣

عومەر عەلی ئەمین :

شانۆ هەر زیندوو دەبێت ٣٣

مارف عومەر گوڵ :

شاخی سەرسەختان ٤٣

فەرەیدوون عەلی ئەمین :

دکتۆر ئیحسان گوڵەباخێکی ژاکاند ٤٨

نازم حیکمەت (وەرگێڕ : شوکور مستەفا)

بۆ نووسیارانی ئاسیا ـ ئافریقا ٥٤

کەریم زەند :

ڕێبازگەی مەولەوی ٥٦

ئێدگار ئالان پۆ (وەرگێڕ : شێرزاد حەسەن)

قەلەڕەش ٦١

مستەفا ساڵح کەریم :

ڕەشپۆشێکی جیهانی چوارەم ٧٢

محەمەد حسێن هەڵەبجەیی :

درامای دوو عەشقی غەمبار ٨٩

نەوزاد ئەحمەد مەحموود :
من یەخەت ناگرم .. بەڵام لێم زیز مەبە ، ئەگەر چەند ڕەخنەیەکت ئاراستە بکەم ٩١
حەسیب قەرەداغی :
کورتە شیعرەکان ٩٨
حیسام بەرزنجی :
کەڵ بژی ١٠٣
کاکەی فەلاح :
لە زمان هەڵۆیەکی بریندارەوە ١١٨
محمد امین پێنجوێنی :
شەوانی سلێمانی ١٢٦
محمد نوری توفیق :
چاوی بەردە قارەمان ١٢٧
ع. ح. ب.
شێخی گەورە ١٣٢
هۆگر گۆران (وەرگێڕ) :
خۆشترین ڕۆژی ژیانم ١٣٥
جەمال غەمبار :
چـرا ١٣٩
گی. دی. مۆپاسان (وەرگێڕ : ئەنوەر قەرەداغی) :
دوو هاوڕێ ١٤٦
پیلا ئەخمەدۆلینا (وەرگێڕ : عەزیز ڕەشید حەریری)
سەیرکە : من وا لێرەم ! ١٥٦
صەمەد وورغۆن (وەرگێڕ : حەمید کەشکۆل کوورەچی) :
فەلسەفەی ژیان ١٥٧
مومتاز حەیدەری :
مامۆستا سەجادی ، خەرمان بەرەکەت ! ١٦٢

ئـەرخەوان :
سێ بارانە ڕۆژ ١٦٦
د. هیوا عومەر ئەحمەد :
کاتێ ژوان ئەکرێ بە دارا ١٧٠
مەدحەت بێخەو :
کاتێ سروشت تووڕە دەبێ ! ١٧٣
سەلاح عومەر :
سـەفەر ١٧٥
عبدالرحمن مزوری :
پەنجـەرك ١٨٥
جمال محمد اسماعیل :
خەیاڵو هەڵوێستە ١٩٠
عەلی مەحموود جووکل :
بەرەو کوێستانەکەی گەردین ١٩٥
نەژاد عەزیز سوورمێ :
تافگـەی مەنـد ٢٠٣
زەکەریا تامیر (وەرگێڕ : یاسین بەرزنجەیی) :
کوللـە ٢٠٨
عەبدوڵلا کەریم ڕەباتی :
دەنگت دەگاتە گشت لایێ ٢١١
محمدی مەلا کریم :
ئەمڕۆو دوێنێی ڕۆژنامەنووسیی کوردی ٢١٣
لدکتور عزالدین مصطفی رسول :
لكلمة التي القاها الدكتور عزالدين مصطفى رسـول في المؤتمـر
لاول للاتحاد العام للادباء والكتاب في القطر العراقي ٢٣٧
كتاب من محافظة بغداد بشأن اتحاد الادباء الاكراد ٢٤٠
٢٤٣

« الكاتب الكردي »

مجلة « نووسەری کورد »

مجلة اتحاد الادباء الاكراد في العراق

العدد (١٢) ، الدورة الثانية ، آب ١٩٨٣

رئيس التحرير

الدكتور عزالدين مصطفى رسول

سكرتير التحرير

ممتاز الحيدري

الادارة

بغداد ـ الوزيرية

مقابل كلية التربية الرياضية ـ مقر جمعية الثقافة الكردية

THE KURDISH WRITER

BULLETIN OF
THE UNION OF THE KURDISH WRITERS IN IRAQ

No. (12) Second Period, August 1983

EDITOR - IN - CHIEF :
Proffesor - Ds. C. : IZZADIN MUSTAFA RASOOL

DEPUTY EDITOR - IN - CHIEF :
MUMTAZ HAYDARI

Office : BAGHDAD, WAZEERIYYAH, OPPOSITE COLLEGE OF PHYSICAL EDUCATION, HEADQUARTERS OF THE KURDISH CULTURAL SOCIETY.